# خاتوون T



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# خاتوون T

## میلان کۆندێرا

وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا



ناوی کتێب: خاتوون T – ڕۆمان
ناونیشانی فەرەنسی: La lenteut
نووسینی: میلان کۆندێرا
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٠١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: بەرگ: دۆمینیک ئینگرێس – لە گەرماو، ١٨٠٨ – ١١٤ × ٩٧ سەنتیم – مۆزەخانەی لووڤر، پاریس
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ



www.dengekan.com
Digitally signed by www.dengekan.com
DN: CN = www.dengekan.com, C = US, O = dengekan, OU = dengekan
Date: 2006.12.17 01:39:27 -05'00'

## ١

سەفەر وای پێویست دەکرد دانی ئێوارە و شەوێک لە کۆشکەکە بمێنینەوە. لە فەرەنسا کۆشکێکی زۆر کراون بەمێوانخانە، مێوانخانەش چوارگۆشەیەکی کەسک لە نێو پانتاییەکی دزێوی ونبووی بێ شینایی و خاکەڕێ و درەخت و باڵندە، دەکەونە نێو تۆڕێ ڕێگاوبانەوە. ئوتومبێل لێدەخورم و لە ئاوێنەکەشەوە ئوتومبێلێکی تر بەدی دەکەم کە لە دوامەوەیە. چرا بچووکەکەی چەپ پرتە پرت دەکات و لە هەموو ئوتومبێلەکەشەوە تەزووی بێ ئۆقرەیی هەڵدەستا. شۆفێرەکە لە ڕێککەوتێک دەگەڕێ بۆ ئەوەی ڕەتم کات؛ وەک نێچیرەوان چۆن لە کێشکەیەک بگەڕێت، ئا ئەوها لەو چرکە ساتە دەگەڕا.

ڤێرای هاوسەرم پێی وتم: "هەر پەنجا دەقەیەک یەکێ لە ڕێگاوبانەکانی فەرەنسا دەمرێت. سەیری ئەو هەموو شێتانە بکە چۆن ئوتومبێل بەو خێراییەوە دەهاژوون. خۆ هەر ئەمانەشن، کاتێک لە پێش چاویان لەناو بازاڕ پیرەژنێک ڕووت دەکەنەوە، خۆ دەتوانن چاپووک و وریا بن و فریای پیرەژن بکەون. ئەی باشە بۆچی ناترسن کاتێک سوکانیان بەدەستەوە بێت؟ "

چۆن وەڵامی بدەمەوە؟ ڕەنگبێ ئا بەم چەشنە بێت: ئەو کەسەی بەسەر ماتۆڕەکەیدا چەماوەتەوە تەنها دەتوانێ تەرکیز بکاتە سەر فڕینی خۆی؛ خۆی بەچمکێکی زەمەنی ڕابردوو و داهاتوو گیر دەکات؛ واتە لەم بەردەوامییە لە زەمەن دادەبڕێ؛ لە دەرەوەی زەمەندا دەژێت؛ بەجۆرێکی دی، وەک کەسێکە حاڵ گرتبێتی؛ ئا لەم حاڵەتەدا، نە ئاگای لە تەمەنی خۆیەتی، نە ئاگای لە ژنەکەیەتی، نە ئاگای لە منداڵەکانێتی، نە ئاگای لە کێشەکانێتی، سەرەڕای هەمووشی ناترسێ، چونکە سەرچاوەی ترس لە داهاتووەوە سەرچاوە وەردەگرێت و ئەویش گەردن ئازادە لە داهاتوو؛ لە هیچ شتێکیش سڵ ناکاتەوە.



خێرایی شێوەیەکە لە شێوەکانی حاڵگرتن، پێشکەوتنی تەکنیک بەدیاری دەیبەخشێتە مرۆڤ. بەپێچەوانەی یەکێکی سوار ماتۆڕ بوو، ئەو کەسەی غار دەدات، هەمیشە بەرامبەر بەجەستەی خۆی حزووری هەیە، پێویستە بێ وچان گوێی لە کشان و گرژبوونی لەشی خۆی بێت، ئاگای لە هەناسە کورت و خێراکانی خۆی بێت؛ کاتێک کە غار دەدات هەست بەبارستایی خۆی دەکات؛ هەست بەتەمەنی خۆی دەکات و ئاگاداریشیی زیاد دەکات، جا چ بەرامبەر بەخودی خۆی، چ بەرامبەر بەژیانی خۆی. بەڵام کاتێک کە مرۆڤ خۆی دەداتە دەست خێرایی مەکینەوە، شتەکان دەگۆڕێن: لەشی خۆی لە دەرەوەی گەمەکەدایە و خۆی دەداتە دەستی خێراییەکەوە کە بیۆلۆژی نییە، ماددی نییە، خێراییەکی پەتییە، خێراییش خۆی لە خۆیدا، حاڵگرتنە.

پەیوەندییەکی سەیر لە نێوان ساردوسڕی تەکنیک و گەرموگوڕی حاڵگرتن هەیە. ئەو ژنە ئەمەریکییەم دەخاتەوە یاد پێش سی ساڵ لەمەوبەر بینیم، ڕوخسارێکی توندوتیژ و زۆریش موتەحەمیسی هەبوو، جۆرە ئەپاراچێکێکی[1] ئیرۆتیسم بوو بۆ خۆی؛ دەرزێکی دامێ (سەهۆڵ ئاسا تیۆری بوو)، دەرزێک بوو لەمەڕ ئازادی سێکسوالەوە؛ ئەو وشەیەی کە بێ وچان دەکەوتە سەر زاری، وشەی ڕەحەتبوون بوو. حیسابم کرد: چل و سێ جار ئەم وشەیەی دووبارە کردەوە. کەش و هەوای ڕەحەتبوون: سوودمەندگەراییەکی[2] توندڕەو بوو، دەیویست بەسەر ژیانی سێکسوالیدا تەتبیقی کات؛ مەبەستیشی لە چالاکیی بوو دژ بەسستڕەوی، لە پێناو ئەوەی بگەینە ترۆپکی حاڵگرتن، جووتبوون نەبێتە تەگەرەیەک و بەڵکو بەسەریا زاڵ بین، ئەمەش تاقە ئامانجی عیشق و گەردوونە.

---

(١) بەو ئەندامانە دەوترا کە موچەخۆری پارتی کۆمۆنیستی روسیا بوون. (وەرگێڕ).
(٢) (utilitarisme) پرنسیپێکی فەلسەفییە، هەموو شت بەبەهای سوودەوە دەبەستێتەوە. (وەرگێڕ).

بۆچی لەززەتی لەسەرخۆییمان ون کرد؟ ئای، لە کوێن ئەوانەی جاری جاران، دەگەڕان و دەسووڕان؟ لە کوێن ئەو پاڵەوانە دەسبەتاڵانەی کە لە گۆرانییە میللییەکاندا باس دەکران، ئەو سەعلووکانەی کە لەم ئاسیاوە بۆ ئەو ئاسیاو دەڕۆیشتن و لە ژێر ئاسمانی پانوپۆڕدا لێی دەنووستن؟ ئایا هەر لەگەڵ ڕچە و ڕێگاوبانەکانی لادێدا ون بوون، لەگەڵ مێرگ و مێرغوزارەکاندا لەناوچوون، لەگەل سروشتدا ئاوا بوون؟ قسەیەکی نەستەقی چیکی هەیە دەڵێ: دەستبەتاڵییە شیرینەکەیان بەئیستیعارەیەک پێناسە دەکرد: ئەوانەی لە پەنجەرەکانی خودا ڕادەمان. ئەوەی لە پەنجەرەکانی خوداش رادەمێنێ قەد بێزار نابێت و دڵی خۆشە. لەم جیهانەی ئێمە، دەستبەتاڵی بووەتە بێئیشی کە دوو شتی جیاوازن: بێئیش هەست بەحیرمان دەکات، بێزار دەبێت، هەمیشە لە جوولەیەک دەگەڕێت.

لە ئاوێنەکەوە تەماشا دەکەم: هەمان ئەو ئوتومبیلەیە کە ناتوانێ ڕەتم کات چونکە ئوتومبیلێکی زۆر بەئیتیجاهی پێچەوانەوە دێن. لە تەنیشت شۆفێرەکەش ژنێک دانیشتووە؛ ئەرێ بۆچی پیاوەکە قسەیەکی عەنتیکەی بۆ ناکات؟ بۆچی ناولەپی ناخاتە سەر ئەژنۆی؟ لەجیاتی ئەمە، نەعلەت لەو شۆفێرانە دەکات کە لە پێشەوەی ئەون و خێرا ناهاژوون و بەهەمان شێوە ژنەکەش بیر لەوە ناکاتەوە، دەست لەسەر دەستی شۆفێرەکە دانێ، ئەویش، واتە ژنەکەش بەزیهن ئوتومبیل لێدەخوڕێت و نەعلەتم لێدەکات.

بیر لەو سەفەرە دەکەمەوە کە پێش دوو سەد ساڵ لەمەوە پێش ڕووی دا، سەفەری نێوان پاریس و کۆشکێکی دەرەوە بوو، سەفەرەکەی خاتوو "ت " و سوارچاکە لاوەکەی کە هاوڕێگای بوو. ئەوە یەکەم جار بوو کە هەندە لەیەکەوە نزیک ببنەوە، لە نێو ئەتموسفێرێکی شەهوانی لە وەسف بەدەر، ئەم لەیەک نزیک بوونەوەیە لەسەر ئیقاعی لەسەرخۆییەوە لە دایک دەبوو: جوولانەوەی گالێسکەکە ئەم ڕاژەنینەی دروست دەکرد و ئەم دوو لەشە لە یەکتر دەخشان، سەرەتا لە دەرەوەی ویست، پاشان بوو بەویستی ئەوان.



## ٢

چیرۆکەکەی ڤیڤان دێنۆن ئا بەم شێوەیە دەست پێدەکات: نەجیبزادەیەکی تەمەن بیست ساڵ، ئێوارەیەکیان بۆ بینینی شانۆنامەیەک دەچێ. (نە ناوی نە ناوونیشانی تۆمار نەکرا بوو، بەڵام خەیاڵم ئەوەم پێ دەڵێ کە نەجیبزادە بوو.) لە لۆژەکەی تەنیشتییەوە خاتوونێک دەبینێ (چیرۆکەکە تەنها پیتی یەکەمی ناوەکەیمان دەداتێ: خاتوو "ت ".)؛ دەستەخوشکێکی کۆنتێسە[١] کە ئەم سوارچاکە عاشقێتی. کۆنتێس داوای لێدەکات دوای تەواو بوونی شانۆکە هاوڕێگایەتی بکات. لەم داواکارییە بڕیاردراوە تووشی سەرسوڕمان دێت و ئەوەندەی دیکەش تووشی چەواشەیی دەکات، چونکە ئەو کەسەی دەناسی کە خاتوو "ت" حەزی لێیەتی، مارکیزێکە (نازانین ناوی چییە، جا لێرەوە دەچینە ناو جیهانێکی نهێنییەوە و ئیتر ناو نامێنێ.)، بەبێ ئەوەی سوارچاک لە شتێک تێبگات، خۆی لەناو گالێسکەیەک لە تەنیشت خاتووی نازدار دەبینێتەوە. دوای سەفەرێکی خۆش و بەلەززەت، گالێسکەکە بەرامبەر بەپەیژەکانی کۆشکێ ڕادەوەستێ کە مێردە دوڕدونگەکەی خاتوو "ت " چاوەڕێیان دەکات. هەرسێیەکیان لەناو ئەتمۆسفێرێکی بێدەنگ و جاڕس نانی ئێوارە دەخۆن و پاشان مێردەکە ڕوخسەت وەردەگرێت و ئیتر هەردووکیان بەتەنها دەمێننەوە.

ئا لەو کاتەوە، شەوەکەیان دەسپێدەکات: شەوێکە لەسەر سێ ستوون، شەوێکی سێ قۆناغە: سەرەتا لەناو باخچەکە پیاسە دەکەن، پاشان پێکڕا لە ژوورێ دەخەون؛ دواجاریش بەردەوام پێکڕا لە کابینە نهێنییەکەی کۆشک بەیەکەوە شەو دەبەنە سەر.

بەیانی زۆر زووش لە یەک جودا دەبنەوە، لەبەر ئەوەی سوارچاک لە نێو ئەو لابیرانتە ناتوانێ ژوورەکەی خۆی بدۆزێتەوە، ناچار دەگەڕێتەوە

(١) کۆنت: پلەیەکە لە ئێرارشی (هەرەمی) نەجیبزادان کە لە دوای مارکیز و پێش ڤیکونت دەکەوێت، کۆنتێسە ژنەکۆنت یا خاتووکۆنت دەگرێتەوە. (وەرگێڕ)

باخچەکە و لەوێ بەسەرسوڕمانەوە چاوی بەمارکیز دەکەوێت کە پێشتریش ئەوەی دەزانی کە دۆستی خاتوو "ت "ێیە. مارکیزیش زۆر نییە گەڕاوەتەوە کۆشک، بەدڵخۆشییەوە سڵاوی لێدەکات و باسی هۆی ئەم داوەتە ئەفسووناویەی بۆ دەکات: خاتوو "ت " پێویستی بەداڵدەدەرێک هەبوو بۆ ئەوەی دڵپیسی مێردەکەی لە مارکیز بشارێتەوە. ئەم تەڵە ئەفسوون ئامێزە ئۆخژنی پێدەبەخشێ و قەشمەری بەو سوارچاکە دەکات کە ناچار بوو ڕۆڵی دۆستە درۆزنەیەکی گاڵتەئامێز ببینێت. دوای شەوێکی عاشقانە، سوارچاک گەلێ ماندووە و مارکیزیش بەسوپاسەوە گالیسکەیەکی بۆ بەکرێ دەگرێ و دەیگەڕێنێتەوە بۆ پاریس.

ناوونیشانی کتێبەکە "پنتی ڕۆژی دوایی "یە. ئەم چیرۆکە بۆ یەکەمین جار، لە ساڵی ١٧٧٧ و ناوی نووسەریش بەشەش پیتی گەورە جێگۆڕکێی پێکرا بوو: "M. D. G. O. D. R" بڵاودەبێتەوە. (چونکە ئێمە لە جیهانی نهێنی داین) دەشکرێ بەم جۆرە بخوێندرێتەوە: "مسیو دێنۆن، ژەنتیئۆمێکی ئاسایی پاشا".(١)

پاشانیش لە ژێر ناوونیشانێکی بچووک و زۆر بەنهێنییەوە، لە ساڵی ١٧٧٩ جارێکی دیکە بڵاو دەکرێتەوە و بۆ ساڵی ئایندەش، لە ژێر ناوی نووسەرێکی تر، جارێکی تریش بڵاودەبێتەوە. بۆ چاپێکی نوێی دیکە، لە ساڵی ١٨٠٢ و ١٨١٢دا، هەمیشە بەبێ ناوی ڕاستەقینەی نووسەر، سەرلەنوێ بڵاودەبێتەوە. لە کۆتاییشدا، دوای فەرامۆشکردنێک کە نیو سەدە دەخایەنێ، لە ساڵی ١٨٦٦دا جارێکی تریش چاپ دەکرێتەوە. ئیتر لەو ساڵە بەدواوە، ئەم چیرۆکە دەدرێتە پاڵ ڤیڤان دێنۆن و لەم چەرخەی ئێمەشدا، تا دێت سەرکەوتنی زۆر نایاب بەخۆیەوە دەبینێ، ئێستاش بەیەکێ لەو کتێبە ئەدەبییانە دەژمێردرێت کە بەباشی هونەر و زیهنییەتی سەدەی هەژدەممان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

(١) بەفەرەنسییەکەی: "M. Denon, Gentilhomme Ordinaire du Roi" (وەرگێڕ).



## ٣

لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانە، مەفهوومی ئێدۆنیسم ئاماژە بۆ چەوتییەکی ئەخلاقی لەمەڕ ڕابواردن و لەززەتەوە دەکات؛ تەنانەت جندەبازیش دەگرێتەوە. بێگومان ئەمە ڕاست نییە: ئێپیکور لەمەڕ لەززەتەوە گەورەترین تێوریزانە، زۆر بەگومانەوە سەیری ژیانێکی پڕ لە کامەرانیی دەکرد: بەنیسبەت ئەوەوە، ئەو کەسەی لەززەت دەچێژێ، ئەو کەسەیە کە ئازار ناچێژێ. کەواتە، ئازارچێشتن مەفهوومی جەوهەری ئێدونیسمە: کامەرانین لە حاڵەتێکدا کە لە ئازارەوە دوور بین؛ چونکە گەلێ جار لەززەت ئازارمان زیاتر پێدەبەخشێ تا لە کامەرانی، ئێپیکور داوامان لێدەکات لەززەت بەوریایی و لەخۆبوردییەوە مومارەسە بکەین. حیکمەتی ئێپیکوری باگراوندێکی خەمۆکی ئامێزیانەی هەیە: مرۆڤ فڕێ دراوەتە نێو کەساسی جیهانەوە و تێبینی ئەوەش دەکات کە تاقە بەهای ئاشکرا و نیا هەبێت ئەوە لەززەتە، با کەمۆکەیەکیش بێت، مرۆڤ خۆشی دەتوانێ هەستی پێبکات: قومە ئاوێکی فێنک، ڕوانینێک بەرەو ئاسمان (بەرەو پەنجەرەکانی خودا)، نەوازشێک.

لە خۆبوردوو یا نەء، لەززەت تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە هەستی پێ دەکات و دەیچێژێ، بۆ نموونە فەیلەسووفێکیش دەتوانێ ڕەخنە لە جەوهەری خۆویستن لە تێوری ئێدۆنیسم بگرێت. بەڵام، بۆ من، خۆویستن لە تێوری ئێدۆنیسمدا پاژنەی ئەخیلیش نییە، بەڵکو خەسڵەتەکانییەتی (ئای کە حەزم دەکرد بەهەڵەیا چووبێتم!) کە تا ئەوپەڕ ئیتۆپین: لە هەقیقەتدا، گومان لەوە دەکەم کە ئیدیالی ئێدۆنیسم تەحقیق بێت؛ لەوە دەترسم کە ئەو ژیانەی ئەو داوامان لێدەکات مومارەسەی بکەین، لەگەڵ سروشتی ئینسان نەگونجاو بێت.

هونەری سەدەی هەژدەهەم لەززەتی لە نێو تەمومژی موحەرەماتەکانەوە دەرپەڕاند؛ هەڵوێستێک لە دایک بوو کە پێی دەوترێت "فجوور " کە لە

تابلۆکانی فراگۆنار و واتۆ و لاپەڕەکانی ساد و کرێبییۆنی کوڕ یا دوکلۆدا هەستی پێ دەکرێت لەبەر هەمان هۆ، ڤانسانی هاوڕێم زۆر حەز لەو سەدەیە دەکات و ئەگەر بیتوانیبایە لەسەر یەخەی چاکەتەکەشی وێنە مارکیز دو سادی وەک نیشانە هەڵدەگرت. لەگەڵ ئیعجابەکەی ئەو دام، بەڵام ئەمەش دەڵێم (بەبێ ئەوەی کەسیش گوێم لێ بگرێت) مەزنیی ڕاستەقینەی ئەو هونەرە لەوەدا نییە کە جۆرە پڕۆپاگەندەیەک بێت بۆ ئێدۆنیسم، بەڵکو لە شێوەی ڕاڤە کردنەکانێتی. هەر لەبەر هەمان هۆ، "پەیوەندییە ترسناکەکان "ی شۆدرلۆ دو لاکلۆ بەیەکێ لە ڕۆمانە هەرە گەورەکانی گشت سەردەمەکان دادەنێم.

شەخسییەتەکانی ئەم ڕۆمانە خۆیان تەنها بەگەڕان بەدوای لەززەتدا خەریک دەکەن. بەڵام، وردە وردە خوێنەر لەوە تێدەگات کە هەندەی غەزوو گرینگە بەلایانەوە، هەندە لەززەت بەلایانەوە گرینگ نییە. ئارەزووی لەززەت چەشتن نییە، بەڵکو ئارەزووی سەرکەوتنە کە ئەو سەرچۆپییەکەی بەدەستەوەیە. ئەوەی کە سەرەتا لە چەشنی گەمەیەکی ئۆخژنبەخشانەی سۆزانیانە دەردەکەوێ، بەنهێنی و ناچارییەوە دەگۆڕدرێتە زۆرانبازیەک لە نێوان ژیان و مەرگدا. بەڵام چ پەیوەندییەک لە نێوان ئێدۆنیسم و زۆرانبازیدا هەیە؟ ئێپیکور دەنووسێ: "مرۆڤی زانا بەهیچ جۆرێ خۆی بەشتێکەوە خەریک ناکات کە پەیوەندی بەزۆرانبازییەوە هەبێت ".

شێوەی نامەگەرایی لە "پەیوەندییە ترسناکەکان "دا پڕۆسەیەکی تەکنیکی ئاسایی نییە بۆ ئەوەی فۆرمێکی دیکە بتوانی شوێنی بگرێتەوە. ئەم فۆرمە خۆی لە خۆیدا ڕەوانبێژانە قسە دەکات و پێمان دەڵێ، ژیانی گشت ئەو هەموو شەخسییەتانە، لە پێناوی گێڕانەوەیە، بۆمانی نەقل بکەن و پێمانی ڕابگەیەنن و ئیعتیرافمان لە لا بکەن و بنووسرێتەوە. لەو جیهانەی کە هەموو شتێک بۆ گێڕانەوەیە، گێڕانەوە چەکێکە لە ژێر دەستی هەمووواندایە و لە هەمان کاتیشدا کاتێ بڵاو دەبێتەوە، دەبێتە چەکێکی کوشندە. ڤالمۆن، قارەمانی ڕۆمانەکەیە، نامەیەک بۆ یەکێ لەو ژنانە دەنووسێ کە



ئیغرای کردووە و داوای جودابوونەوەی لێدەکات و ئەویش نامەکە دەدڕێنێ، بەڵام، دەستەخوشکەکەی ئەو ژنە، خاتوو مارکیزی مێرتۆی، ئەم نامەیە، وشە بە وشە دەنووسێتەوە. درەنگتریش، هەمان خاتوو مارکیزی مێرتۆی، بۆ تۆڵەسەندنەوە، نامەیەکی نهێنی ڤالمۆن نیشانی ڕەقیبەکەی دەدات، ئەویش داوای موبارەزەی لێدەکات و ڤالمۆن دەکوژرێت. دوای مردنی، نامە حەمیمییەکانی نێوان ئەو و مێرتۆی بڵاو دەبنەوە و ئیتر خاتوو مارکیز هەموو ژیانی لە ژێر تەماشای قین دەباتە سەر. گەمارۆدراو وەلاوەخراو ژیان دەباتە سەر.

هیچ شتێک لەو ڕۆمانەدا تا سەر بەنهێنی لە نێوان دوو کەسدا نامینێتەوە؛ هەموو کەسێ وەک پێیدەچێ لە نێو گوێچکە ماسییەکی زەبەلاحی بزوێندا بژێت، ئیتر هەموو وشەیەکی چرپێندراو، دەنگ دەداتەوە، زل دەبێت و بەچەندین بار و تەرحیش زایەڵەی لێوە پەیدا دەبێت. کاتێ کە منداڵ بووم پێیان دەوتم ئەگەر بێتو گوێچکە ماسییەک بخەیتە سەر گوێت، ئەوە گوێت لە چرپە هەرە دوورەکانی زەریا دەبێت. ئا بەم جۆرە، لە نێو جیهانی لاکلۆدا، هەر ڕستەیەک گوترا، ئەوە ئیتر بۆ هەمیشە گوێت لێ دەبێت و دووپات دەبێتەوە. ئا ئەمە سەدەی هەژدەهەمە؟ ئا ئەمەیە بەهەشتی لەززەت؟ یا ئەوەتا ئینسان بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات، هەمیشە لە نێو گوێچکە ماسییەکی بزوێندا دەژێت؟ لە هەموو حاڵەتێکدا، خۆ جیهانی ئێپیکور گوێچکە ماسییەکی بزوێن نییە تا داوا لە موریدەکانی بکات و بڵێ: "بەنهێنی بژین"!

## ٤

ئەو کەسەی لە ژووری پێشوازییی دایە عادەتەن ئینسانی زەریفن، ئەوەندەی دی زەریفتر دەبن کاتێک لە پرسگەی مێوانخانەیەک دان. هەرچەندەش هەر دوو ساڵ دەبێ کە بۆ یەکەم جار هاتینە ئێرە، بەڵام پێی دەچێ زۆر شتیان گۆڕا بێت. ساڵۆنێکیان بۆ کۆنفێرانس و سیمیناری جیا جیا تەرخان کردووە و هەروەها گەرماوێکی نایابیشیان دروست کردووە. جێی سەرسوڕمان بوو، بەهۆڵێکی گەلێ ڕۆشندا تێپەڕین و پەنجەرەی زۆریشی لێ بوو کە دەیڕوانییە باخچەیەک. لە سەرەتای هۆڵەکەش، ناردەوانێکی پان بەرەو گەرماوەکە شۆڕ دەبووەوە، بەکاشیش ڕازاندرابووەوە و بنمیچەکەشی شووشەڕێژ کرا بوو. ڤێرا ئەمەی هێنایەوە یادم: "جاری پێشوو، لە هەمان شوێن، گوڵجارێکی بچووکیش داندرا بوو. "

سەرەتا چووینە ژوورەکەمانەوە و پاشان چووینە باخچەکە. هەیوانی کەسک بەرە ڕووی ڕووبارەکە دامەزرا بوو، مەبەست لە ڕووباری سێنە. گەلێ شەنگ و کەمێ حەپەساین و ئارەزووی ئەوەشمان دەکرد پیاسەیەکی دوورودرێژی بکەین. دوای چەند دەقەیەک، ڕێگایەکمان لێ قووت بووەوە کە ئوتومبێلی پیایا دەهات؛ ئیتر بەکوێدا هاتبووین هەر بەئەوێشا گەڕاینەوە.

چێشتەکەی ئێواریێ بەتام و لەززەت بوو، هەموو بەجلوبەرگی جوانەوە هاتبوون، هەر بەوە دەچوو کە بەشەرەفی زەمانی بەسەرچوو ئەم خەڵکە کۆبووبێتەوە و گشت بیرەوەرییەکان لە بنمیچی ساڵۆنەکە موچرکی بەلەشیانا دەهێنا. لە تەنیشتی ئێمەش چەند خێزانێک لەگەڵ مناڵەکانیانا هاتبوون، دانیشتبوون. مناڵێ لەوانە بەدەنگی بەرز گۆرانی دەوت. خزمەتکارەکە بەخۆی و سینییەکەوە چەمایەوە سەر مێزەکەیان. دایکیشی بەچاوێکی فیکس تێیدەڕوانی هەر وەک ئەوەی پێی بلێ و هانی بدات بۆ ئەوەی بەسەر مناڵەکەیا هەڵبشاخێ، چونکە شانازی بەوەوە دەکرد کە



خەڵکی تەماشای دەکەن، مناڵەکەش لەسەر ئەسکەمبیلەکە ڕاوەستاوە و تا دەهات دەنگی بەرز دەکردەوە. لەسەر ڕوخساری باوکیشی زەردەخەنەیەک دەبینرا کە بەختیاری پێوە دیار بوو.

شووشەیەکی بۆردۆی[1] نایاب، گۆشتی سۆنە، شیرینیی – نهێنی ئوتیلەکەیە –، دەکەوینە قسە، دڵخۆش و بێ خەم. پاشان دەگەڕێینەوە ژوورەکەمان، هەروا بۆ چەند دەقەیەک تەلەفیزیۆنەکە دادەگیرسێنم. دیسانەوە مناڵ. ئەمجارەیان پێست ڕەشن و گیانەڵایانە. ئەو ماوەیەی کە لە کۆشکەکە ماینەوە، ڕێککەوتی ئەو سەردەمە بوو، بۆ ماوەی چەندین هەفتە، هەموو ڕۆژێ، مناڵانی وڵاتێکی ئەفریقایان لە تەلەفزیۆن پیشان دەدا، هی وڵاتێک بوون دەمێک بوو ناویم لە بیر چووبووەوە (وا دوو سێ ساڵی بەسەرا تێپەڕی، چۆن ئەم هەموو ناوەش لەبەردەکرێ!)، مەبەست لەو وڵاتە بوو کە شەڕی ناوخۆ و برسێتی هەلا هەلای کرد بوو. مناڵان دەغەزار، شەکەت، هێزی ئەوەشیان نەبوو مێش و مەگەز لەسەر سەر و ڕوویان لادەن.

ڤێرا پێی وتم: "ئایا پیرەمێردیش لەو وڵاتە دەمرن؟"

نەخێر، نەخێر، ئەوەی گەلێ سەرنج ڕاکێشە لەم برسییەتیی و قاتوقڕییەی ئێستا، کە لەوانی دیکە جودای دەکاتەوە ئەوەیە تەنها قڕ دەخاتە مناڵانەوە. هەرگیز گەورەیەکمان نەبینی لەسەر شاشەکە ئازار بچێژێ، تەنانەت هەموو ڕۆژێکیش سەیری دەنگوباسمان دەکرد، بەتایبەت بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە بۆ ئەم بارودۆخە زۆر تایبەتە.

کەواتە زۆر سروشتییە، مناڵان نەک گەورەکان، زۆر بەئاساییەوە بەڕووی دڵڕەقی گەورەکانا بتەقنەوە و شیعاری "مناڵانی ئەوروپا برنج بۆ مناڵانی سۆماڵ دەنێرن " هەڵگرن. سۆماڵ! ئا ئا بەڵێ! ئەم شیعارە

(١) مەبەست لە شەرابی ناوچەی بۆردۆیە. بۆردۆ شارێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای فەرەنسا و بەشەرابی نایاب بەناوبانگە. (وەرگێڕ).

بەناوبانگە ناوی وڵاتەکەی خستەوە یادم! ئای چەندێ جێی داخە گشت ئەم هەموو ڕووداوانە هەمووی لە بیرچوونەوە! منداڵان کیسە برنجیان دەکڕی و کیسەیەکی هێجگار زۆریان کۆکردەوە! دایک و باوکان ئینتیباعێکی سەیریان لە لا دروست بوو کە کۆرپەکانیان هەندە هەستی هەرەوەزییان لە لا پتەوە و ئەم هەستەش لە ئاستی جیهانییدا بەرقەرار دەبوو. دایک و باوکان پارەیان بەخشی و ڕێکخراوەکانیش یارمەتی خۆیان پێشکەش کرد؛ لە هەموو قوتابخانەکانیشدا کیسە برنج کۆکرایەوە و نێررانە بەندەرەکان و لە پاپۆڕەکان بارکران و بەرەو کیشوەری ئەفریقا بەڕێ خران و هەموو دونیاش موتابەعەی ئەم مەلحەمەیەی شکۆمەندەی برنجی کرد.

هەر یەکسەر دوا بەدوای ئەوەی لەسەر شاشەکە ئەو منداڵانەمان بینی کە گیانیان دەدا، کچۆڵەی شەش حەوتساڵە شاشەکەی داگیر کرد و بەجلوبەرگی گەورانەوە و وەکو پیرەژنی خنجیلانە و نازدارانە هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئای کە میهرەبان و ئۆخژنبەخشە و عەنتیکەیە کاتێک منداڵان لاسایی گەوران دەکەنەوە، کیژۆڵان و کوڕانی ماچی یەکتر دەکەن و پاشان زەلامێک پەیدا بوو و منداڵێکی شیرخۆرەی لە باوەشە و لەو کاتەی کە دەیویست ئەوەمان بۆ ڕوون کاتەوە کە باشترین ڕێگا بۆ خاوێن کردنەوەی پەڕۆ پیتاڵی شیرخۆرەیەک، ژنێکی شەنگ دەردەکەوت و لێی نزیک بووەوە و زاری کردەوە و زمانێکی تا بلێی هەشەریی لێوە دەرکرد و ویستی بیخاتە زاری خاوی ئەو زەلامەی کە شیرخۆرەکەی لە باوەش بوو.

"با بڕۆین بنووین "، ڤێرا پێم دەڵێ و تەلەڤیزیۆنەکەش دەکوژێنێتەوە.



## ٥

منداڵە فەرەنسییەکان کاتێ بەڕاکردنەوە بەرەوپیری منداڵە ئەفریقییە هاوتەمەنەکانیان دەچوون، هەمیشە ڕوخساری بێرکی ڕۆشنبیرم دەخاتەوە یاد. کەواتە ئەو ڕۆژانە بۆ ئەو، ڕۆژگاری شکۆمەندیی بوون. ئەمەش هەمیشە شتێکی ئاساییە کاتێک لەمەڕ شکۆمەندییەوە دەدوێن، شکۆمەندیی ئەو تووشی شکستی هات: دێتەوە یادمان: لە هەشتاکانی ئەم سەدەیەدا، جیهان بەرامبەر بەئافەتی ئایدز زەندەقی چوو بوو، لە ڕێگای مومارەسەی خۆشەویستییەوە ئینسان تووشی دێت و سەرەتا لەناو ئۆمۆسێکسۆلاکاندا بڵاو بووەوە بۆ ئەوەی بەرامبەر بەتوندڕەوان هەڵوێست وەرگیرێت، چونکە وایان لێکدایەوە ئەم ئافەتە سزایەکی ڕەببانیە و دەبێ خۆ لەو نەخۆشانە بپارێزین هەر وەک چۆن جاران خۆمان لە ڕشانەوە دەپاراست؛ ئەوانەشی بانگاشەی لێبوردنیان دەکرد، ئەوەیان ڕوون دەکردەوە کە نزیک بوونەوە لەو نەخۆشانە هیچ مەترسی تێدا نییە و بەڵکو هەڵوێستێکی برایانەشە. دووبێرکی پەرلەمەنتار و بێرکی ڕۆشنبیر، لە چێشتخانەیەکی بەناوبانگی شاری پاریس لەگەڵ کۆمەڵێ تووشبووی ئایدز نانیان خوارد و نانخواردنەکەش لە ئەتمۆسفێرێکی زۆر نایاب و دەگمەن بەسەر چوو؛ بۆ ئەوەی وەک نموونەیەکی چاکیش بمێنێتەوە، پەرلەمەنتار لە کاتی شیرینی خواردندا بانگی تەلەفزیۆن دەکات. هەرکە کامێراکان ئامادە بوون، دووبێرک هەڵسا و لە نەخۆشێک نزیک بووەوە و لەسەر ئەسکەمبیلەکەی بەرزی کردەوە و هێشتاش هەر لچ و لێوی بەشکۆلاتەوە بوو، ناو دەمی ماچ دەکات. ئیتر بێرک تووش بوو. هەر خێرا لەوە تێگەیشت کە ماچەکەی دووبێرک وا دەکات کە ئەو وێنەیە هەمیشە بەنەمریی بمێنێتەوە؛ بۆیە هەڵسا و بەشێلگیری بیری کردەوە کە ئایا دەبێ ئەویش ماچی یەکێ لەو نەخۆشانە بکات یا نەء. لە یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەدا، ویستی بەم کارە هەڵنەستێ، چونکە لە ناخی خۆیدا

قەناعەتی دەکرد و هێشتا سوور نەبوو لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم نەخۆشییە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی بەم شێوەیە دەگوازرێتەوە یا نا؛ لە قۆناغی دووەمیشدا، ویستی بەسەر وەسواسەیا زاڵ بێت و وێنەیەکی واش لە تەلەفزیۆن دەربچێت، خۆ موغامەرەیەکی وا دەهێنێ؛ بەڵام لە قۆناغی سێیەمدا، لە کاتی نزیک بوونەوەی لە دەمی نەخۆشێک هەڵوێستەیەکی کرد: ئایا ئەگەر هاتوو ئەویش نەخۆشێکی دیکەی ماچ کرد، خۆ ئەوەی ئەو قەد ناگاتە ئاستی ئەویتر، واتە ئاستی ماچەکەی دووبێرک، بەڵکو بەپێچەوانەوە و هەر خێرا دەچێتە خانەی لاساییکەرەوەیەک، دەچێتە خانەی ئەوەی کە دوای یەکێکی دی کەوت، تەنانەت ڕەنگبێ بەخزمەتکاری ئەویش بچوێندرێ، چونکە لاساییەکی وا کتوپڕ تەنها شکۆی زیاتر دەخاتە سەر شکۆی ئەوی ترەوە. لە کۆتاییشدا، بەوە ڕازی بوو کە هەر بەپێوە ڕابوەستێت و زەردەخەنەیەکی گەلحۆیانە بکات. بەڵام ئەو چەند چرکانەی کە دوودڵ بوو تیایا زۆری لەسەر کەوت، چونکە بەرامبەر بەکامێرا و لە دەنگوباسی تەلەفزیۆنیشدا، هەر هەموو فەرەنسا چاویان لێی دەبێ و ڕوخساریان بینی و هەر سێ قۆناغەکەی سەر دەموچاویشیان خوێندەوە کە ڕاڕا و دوودڵ دیار بوو. ئەو منالانەی کە خەریک بوون کیسە برنجیان بۆ سۆماڵ کۆبکەنەوە، لە کاتێکی زۆر چاکدا فریای کەوت. لە هەموو ڕێککەوتێکدا، بەرامبەر بەبینەران و جەماوەران، هەمان قسەی نەستەقیش دووپات بکاتەوە "تەنها منالان لە هەقیقەتدا دەژین!"، پاشان دەچێتە ئەفریقا و لە تەنیشت کچۆڵەکەی پێست ڕەش وێنەیەک دەگرێت کە کچۆڵەی ناوبراو خەریکی گیاندان بوو و هەموو ڕوخساریشی مێش و مەگەز داگیری کردبوو. ئیتر ئەو وێنەیە لەسەر ئاستی جیهان دەنگ دەداتەوە، بەڵکو لە وێنەکەی دووبێرکیش زیاتر دەنگ دەداتەوە، مەبەست لەو وێنەیە کە ماچی تووشبووی نەخۆشێکی ئایدزی کرد، چونکە وێنەی منالێک کە گیان دەدات، بەهایەکی زۆرتری هەیە لە ئینسانێکی گەورە، شتێکی ڕوون و ئاشکراشە ئەو کات یەکێکی وەکو



دووبێرک ئەم ڕاستییەی نەدەزانی. سەرەڕای ئەمەش دووبێرک هەستی بەوە نەکرد کە ئیتر شکستی خواردووە و دوای چەند ڕۆژێکی تر، جارێکی دی دووبێرکمان لە تەلەفزیۆن بینییەوە وەکو مەسیحییەکی ئیماندار، ئەوەشی دەزانی کە بێرک خوانەناسە، بیری لەوە کردەوە کە مۆمێک لەگەڵ خۆی ببات، چەکێکە خوانەناسترین کەس ملکەچ دەکات. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکدا، دووبێرک مۆمەکەی لە گیرفان دەردەهێنێ و دایدەگیرسێنێ، بەم شێوە ناڕەوایە، بەرامبەر بەمنالانی ولاتانی دوورە دەست، ویستی گومان بخاتە سەر دڵپاکیی بێرک و ئیتر کەوتە باسکردنی وەزعی منالانی هەژاری ولاتی خۆمان، منالانی گوندانی ئێمە، منالانی گەڕەکە داماوەکان و بانگاشەی هاوولاتانی کرد کە دابەزنە شەقامەکان و مۆمێک بگرنە دەست و پێکرا هەموو بەشەقامەکانی پاریسا ڕەوتێک ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی هەرەوەزیی خۆمان بەرامبەر بەئازاری منالانی خۆمان دەربڕین؛ هەر بۆیە، بۆ ئەم بۆنەیە بانگی بێرکی کرد (بەتەوزێکی شاراوەوە) پێکڕا، لە سەرەتای خۆپیشاندانەکە دەڕۆیشتن. بێرکیش دەبووایە، یا ئەوەتا وەکو ساوێلکەیەک، مۆم لە دەست، لە تەنیشت دووبێرکەوە بڕوات، یا ئەوەتا خۆی بدزێتەوە و ببێتە جێی گلەیی هیتران. ئەمە تەڵەیەک بوو دەبوایە خۆی لێی قوتار بکردبایە، بەشێوەیەکی بوێرانەوە و چاوەڕوان نەکراو: بڕیاری دا و هەر خێرا وەکو گزگل بۆی دەرچوو، بەرەو یەکێ لە ولاتانی ئاسیا ڕۆیی کە میللەت لە گەرمەی یاخی بوونی دابوو. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هاوار بکات کە پشتیوانی زۆرلێکراوان دەکات؛ ئەفسووس، جوگرافیا هەمیشە خاڵی لاوازی ئەو بوو. جیهان بۆ ئەو دەبووە دوو بەشەوە، بەشێکی فەرەنسایە و بەشەکەی تریش ئەوەی دەمینێتەوە؛ ناوچە تاریک و تنووکانی قەد لێکتر جودا نەکردەوە. ئا بەم شێوەیە لە ولاتێکی هێمنی بێزارکەر دادەبەزێ کە فڕۆکەخانەکەشی دەکەوتە ناوچە شاخاوییەکانەوە و بەفر دایپۆشی بوو و بەکەڵکی فڕۆکە فڕینیش نەدەهات؛ هەشت ڕۆژ لەوێ چاوەڕوانی کرد تاکو

فڕۆکەیەک گەیاندییەوە پاریس، برسی و پەسیوو.

تەعلیقی پۆتڤانیش ئەمە بوو: "بێرک پاشای شەهیدانی سەماکەرانە "

مەفهوومی سەماش تەنها لە لایەن گرووپێکی بچووکی پۆتڤانەوە واتای دەزانرا. ئەمە یەکێکە لە داهێنانە هەرە مەزنەکانی، دەشبێ خەفەتی ئەوەش بخۆین، چونکە بەباشی ئەم بابەتی بۆ ساغ نەکردینەوە و نەبووە بابەتی کتێبێک یا ببێتە بابەتی چەندین سیمیناری نێودەوڵەتی. هیچ گرینگییەکی بەناو و شورەت نەدەدا. هاوڕێکانی بەشەوق و گرینگییەوە گوێیان بۆ شل دەکرد.



## ٦

بەگوێرەی پۆتڤان، هەموو سیاسەتمەدارانی ئیمرۆ، کەمێ سەماکەرن و هەموو سەماکەرانیش خۆ تێکەڵی سیاسەت دەکەن، ناشبێت ئێمە تێکەڵیان بکەین و لە یەکتر جودایان نەکەینەوە. سەماکەر لە سیاسەتمەداری ئاسایی خۆی جودا دەکاتەوە، چونکە سەماکەر لە دەسەڵات ناگەڕێت، بەڵکو لە شورەت و شکۆمەندی دەگەڕێ؛ ئارەزووی ئەوەش ناکات کە قاوغێکی تایبەت بۆ ڕێکخراویی کۆمەڵایەتی بسەپێنێ (وەکو شوومێک دوودڵی خۆی بەیان دەکات) بەڵکو دەیەوێ لەسەر شانۆ سنگی خۆی هەڵکێشێ.

بۆ ئەوەشی سەرتاپای تەختەی شانۆ داگیر بکەی دەبێ پاڵ بەئەوانی دیکەوە بنێی. ئەمەش پەیوەندی بەمەعلانی و تەکنیکی زۆرانبازیی تایبەتەوە هەیە. ئەو خەباتەی کە سەماکەر دەیکات، پۆتڤان ناوی دەنێ ژودۆی[١] ئەخلاقی؛ سەماکەر دەسکێشەکەی بۆ هەموو کەسێک فڕێ دەدات: کێ دەتوانی ئەوە نیشان بدات کە لە ئابڕوودارتر و (ئازاتر و بەشەرەفترە و سەریحترە و لەوانی دیکەش فیداکەرە و ڕاستگۆتریشە)؟ هونەری ئەوەش شک دەبات کە ئەویتر بخاتە دۆخێکی نشێوترەوە.

ئەگەر هات و سەماکەرێک خۆی تێکەڵی گەمەی سیاسەت کرد، ئەوە بەئاشکرا هەموو دانوساندنێکی نهێنی ڕەت دەکاتەوە و (کە هەمیشە گۆڕەپانی هەموو گەمەیەکی سیاسەتی ڕاستەقینەیە) بەدرۆزن و بێ ئابڕوو و دووڕوو و پیس و پۆخڵیان دادەنێ. پێشنیارەکانی ڕاستەوخۆ و ڕووکەش لەسەر سەکۆیەک و بەگۆرانی وتن و هەڵپەڕینەوە بەرامبەر بەجەماوەر ئاشکرا دەکات و بەبەردەوامیش ئەوانی دی بانگ دەکات بۆ ئەوەی

(١) وشەیەکی یۆنانییە بەمانای "پرەنسیپی هونەر " هاتووە، بەڵام لە ئەورووپا وەکو وەرزش مامەڵەی لەگەڵ کراوە. "وەرگێڕ".

بەشداریی بکەن و جەخت لەسەر ئەوەش دەکەم: نەک بەنهێنییەوە، (بۆ ئەوەی کاتی تەواو بداتە ئەویتر بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و بیر لەوە بکاتەوە کە دژە پێشنیاری خۆشی ئامادە بکات) بەڵکو بەئاشکرا و ئەگەریش مومکین بێت، ئەوە بەواقورماندنەوە: "هەمووتان ئامادەن (وەکو من) لە موچەی مانگی خاکەلێو خۆش بن و بۆ ئەوەی بیبەخشنە منالانی سۆماڵ؟ " حەپەسان، خەڵکیش تەنها دوو ڕێگایان لە بەردەم دایە: یا ئەوەتا دەڵێن نەء و بەمە میسداقییەت لەسەرخۆ لادەدەن، چونکە دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ منالاندا ڕوون دەکەنەوە، یا ئەوەتا دەڵێن "بەڵێ " بەڵام لە نێو شڵەژانێکی تەواو کاتێک کامیراش زۆر بیژییانە، دوودڵی سەر ڕوویان ئاشکرا دەکات، هەر وەکو چۆن ڕاڕاییەکەی بێرکی لە کۆتایی نان خواردندا لەگەڵ تووشبوانی ئایدز، ئاشکرا کرد. "دکتۆر H بۆچی بێدەنگن بەرامبەر بەوەی کە مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەتاندا پێشێل دەکرێ؟ " ئەم پرسیارە لە دکتۆر H کرا، لە کاتێکدا کە خەریکی عەمەلیات کردنی نەخۆشێک بوو، نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە؛ بەڵام پاش ئەوەی سکە هەڵدڕاوەکەی دوورییەوە، بەبێدەنگییەکەی، خۆی تووشی شەرمێکی زۆر کرد و پاش ئەوەی سەماکەرەکە چاک هانی دا، هەرچییەکمان ویست هەڵیڕشت، (ئەمە گەمەیەکی دیی ژودۆی ئەخلاقییە، گەلێ فەزیعە) ئیتر وازی لێهێنا: "با گەلێ درەنگیش بێت... "

ئەمە لە بارودۆخی تایبەت (بۆ نموونە لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا) ڕوودەدات، چونکە بەئاشکرا هەڵوێست دەربڕین ترسناکە؛ دیارە بۆ سەماکەرێک ترسناکییەکەی کەمترە، چونکە ئەو دەکەوێتە ژێر پرۆژێکتەرەوە و لە هەموو سووچێکەوە دیار دەبێت و جەماوەریش پارێزگاری دەکات؛ هەروەها موعجیبینی شاراوەی خۆشی هەیە و بەشێنەیی و هەڵەشەییەوە گوێڕایەڵی بانگاشەکەی دەبن، ئامادەن ئیمزای بۆ کۆبکەنەوە، ئامادەی کۆبوونەوە یاساغەکانی دەبن، لە شەقام خۆپیشاندان ساز دەکەن. ئیتر هەندێکیشیان تووشی گێرمە و کێشە دەبن،



بەڵام سەماکەرەکە شکست ناهێنێ، هەرچەندە ئەویش بوو بەسەرچاوەی ئەم گێرمە و کێشانە، ئەوە دەزانێ کە مەسەلەیەکی ڕەوا، لە ژیانی ئەم و ئەو گرینگترە.

ڤانسان دژی پۆتڤان ڕادەوەستێت: "شتێکی ئاشکرایە کە تۆ قینت لە بێرک دەبێتەوە و ئێمەش دوات کەوتووین. بەڵام، ئەگەر گەلحۆیەکیش بێت، پشتیوانی گەلێ مەسەلەی کردووە و بەڕای ئێمەش مەسەلەی ڕەوان، یا ئەوەتا، بەنیسبەت تۆوە تەنها کارێک بوو لە پێناوی خۆدەرخستن. پرسیاری ئەوەت لێدەکەم: کاتێ دەتەوێ خۆ تێکەڵ کەیتە نێو نیزامێکی گشتییەوە، سەرنجی هیتران بۆ کارێکی ناڕەوا ڕابکێشی، دەستی یارمەتی بۆ زۆرلێکراوێک درێژ بکەیت، چۆن دەکرێ لەم سەردەمەی ئێمە نەبیتە سەماکەرێک یا وەکو سەماکەرێک خۆت دەرنەخەی؟ ".

ئا بەم جۆرە پۆتڤانی ئەفسووناوی وەڵامی دایەوە: "بەهەڵەیا دەچیت ئەگەر وا تێبگەیت کە من دژی سەماکەرانم. من پشتگیرییان لێ دەکەم. ئەوەی خۆی لە سەماکەران دوورەپەرێز ڕابگرێت یا ئەوەتا قینی لێیان ببێتەوە، ئەوە ئیتر تەگەرەیەک بۆ خۆی دروست دەکات و توانای ئەوەشی نابێت بەسەریا زاڵ بێت: چونکە شەرەف و ئابڕوویان زۆر لە پێش چاوانە، سەماکەر مەحکوومی ئەوە دەبێت کە نەبێتە جێی گلەیی، وەکو فاوست پەیمانی لەگەڵ شەیتانا نەبەستووە، بەڵکو لەگەڵ فریشتەیا پەیمانی بەستووە: دەیەوێ ژیانی بکاتە شاکارێکی هونەری و فریشتەش ئا لەم کارەیا یارمەتی دەدەن؛ چونکە ئەوەت لە یاد نەچێت سەماکردن هونەرە! ئا لێرەوە، واتە لە ناواخنی ژیانییەوە ماددەی هونەر دەقۆزێتەوە و دەبێتە جەوهەری هەقیقی بۆی؛ دەرز لەمەڕ ئەخلاقەوە نالێتەوە، بەڵکو دەیکاتە سەما! دەیەوێ بەجوانی ژیانی خۆی، جۆش و خرۆش و ئەفسوون ببەخشێتە خەڵک! عاشقی ژیانە، هەر وەکو پەیکەرتاشێک چۆن عاشقی ئەو پەیکەرە دەبێت کە خەریکی تاشینێتی. "

## ٧

له خۆم دەپرسم ئەریٚ بۆچی پۆتڤان ئەم بیروبۆچوونه سوودبەخشانه بۆ خەڵکی ئاشکرا ناکات. دکتۆرای لەمەڕ مێژووەوە بەدەست هێناوه، خۆ هەندەش مەشغوول نییه، له مەکتەبەکەی کتێبخانەی نیشتمانی هەمیشه بێزاره. ئایا بەلایەوه گرینگ نییه تیۆرییەکانی بەخەڵک بناسێنێ؟ زیادڕەویش نییه ئەگەر بڵێین تەنانەت بێزیشی لێدەکاتەوه. ئەوەی بیروبۆچوونەکانی بەهیتران بناسێنێ، ترسی ئەوەشی هەیه، کار لەوانی تر بکات و هەقیقەتی خۆی فەرز کات و ئیتر بچێته ڕیزی ئەوانەی کە دەیانەوێ دونیا بگۆڕن. دونیا گۆڕین! بەنیسبەت پۆتڤانەوه چ فیکرەیەکی قۆڕه! ئەمه مانای ئەوەی نییه کە شانازی بەجیهانەوه دەکات، بەڵکو بەنیسبەت ئەوەوه هەموو گۆڕانکارییەک، بێ سێ و دوو دونیا بەرەو خراپتر دەبات. هەروەها له تێڕوانینێکی خۆپەرستانەشەوه، هەموو بیروڕا و بۆچوونێکیش دوای دەربڕینی و بڵاوکردنەوەی، سبەی یا دووەی جارێکی دی بەگژ خاوەنەکەی دەبێتەوه و هەموو ئەو لەززاتانەی لێ دەسەنێتەوه کە پێشتر لەو ڕووەوه چێشتبووی. چونکه پۆتڤان یەکێکه له موریده گەورەکانی ئەپیکۆر: تەنها له بۆچوونی لەززەتەوه گەشه بەبیروڕاکانی خۆی دەدات. قین و کینەی بەرامبەر بەمرۆڤایەتی نییه، چونکه مرۆڤایەتی بۆ ئەو سەرچاوەیەکی له بن نەهاتووه بۆ بیرکردنەوه، دڵخۆشکەره بەمەکرۆکانی، بەڵکو بەهیچ جۆرێکیش حەز لەوه ناکات که پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی لەگەڵ دروست بکات. کۆمەڵێ هاوڕێ دەوری داوه و یەکتر له قاوەخانەکەی گاسکۆن دەبینن، ئەم نموونه بچووکەی مرۆڤایەتییەش بۆ ئەو بەسه.

یەکێ لەو برادەرانه، ڤانسان ناوێکه، گەلێ ساده و زووش دەچێته دڵەوه. گەلێکم خۆش دەوێ و تەنها ڕەخنەشم لێی هەبێت (ڕاسته، بەکەمۆکەیەک ئێرەییەوه) ئەم پەرستنه کاڵفامه بۆ پۆتڤان هەیەتی، بەنیسبەت منەوه کەمێ زیادڕەوییه. تەنانەت ئەم دۆستایەتییەشی گەلێ دڵگیره. چونکه هەردووک لەبارەی گەلێ بابەتەوه قسان دەکەن، ئەمەش بۆ ڤانسان گەلێ دڵگیره؛ لەبارەی فەلسەفەوه و سیاسەتەوه، هەروەها لەبارەی کتێبیشەوه قسان دەکەن، ڤانسان دڵخۆشه کاتێک لەگەڵ پۆتڤانه. دوو بەدوو؛ لەمەڕ گەلێ فیکرەی سەرنج ڕاکێش و کاریگەرەوه دەدوێن و پۆتڤانیش بەگەرموگوڕییەوه دەدوێ و هەندێ جاریش هەڵەی موریدەکەی ڕاست دەکاتەوه و ئیحای دەداتێ و فێره جوامێریی دەکات. بەڵام هەرکه یەکێ بەسەریانا بێت، ئیتر ڤانسان دڵی دەگیرێ، چونکه هەر زوو، پۆتڤان دەبێته یەکێکی دی: بەدەنگی بەرز قسه دەکات و عەنتیکەش دێته پێش چاو، بەنیسبەت ڤانسانیشەوه گەلێ سەیر دێته پێش چاو.

بۆ نموونه: کاتێ له قاوەخانه هەردووک پێکڕا دەبن، ڤانسان لێی دەپرسێ: "بەڕاستی چۆن لەو وەزعەی سۆماڵ دەگەی؟ " پۆتڤان، لەسەرخۆ، کۆنفراسێکی لەبارەی ئەفریقاوه بۆ ساز دەکات. ڤانسان له هەندێ لەو قسانەی که ئەو دەیلێ، تێبینی خۆی بۆ عەرز دەکات، لەو ڕووەوه قسه دەکەن، ڕەنگه هەندێ جاریش گاڵته بکەن، بەڵام واش ناکەن وەکو بلیمەت خۆیان پیشان بدەن، تەنها ئەوه نەبێت، دەیانەوێ بۆ چەند ساتێک بحەسێنەوه. لەوه زیاتر شێلگیریی مومکین نییه.

ماچوو لەگەڵ ژنێکی جوانی نەناسراو هات. ڤانسان ویستی لەسەر مەوزووعەکەی بەردەوام بێت: "توخوا پۆتڤان پێم بڵێ، هەست ناکەیت دەتەوێ یەکێ هەڵبخەڵەتێنی که... " و دەمەتەقێیەکی سوودبەخش لەمەڕ تیۆرییەکانی هاوڕێکەوه قووت دەکاتەوه.

پۆتڤان بۆ قەدەرێک وچان دەدات. وەستای ئەم پشووانەیه. وای لێکدەداتەوه کە تەنها ئەوانەی شەرم دەکەن لەم پشووانه دەترسن و بەپەلەپەلیشن کاتێک وەڵامیان پێ نابێ، ڕستەی تێکەڵوپێکەڵ وایان لێدەکات کە وەکو قەشمەر هەڵسوکەوت بکەن. پۆتڤان دەزانێ چۆن بەویقارەوه بێدەنگ بێت، بەڵکو ئەستێرەی کاکێشانیش بەبێدەنگی ئەو

سەری سورِ دەمێنێ و بێ وچان چاوەڕێی وەڵامە. بێ ورتە، تەماشای ڤانسان دەکات و ناشزانێ بۆچی لە شەرما چاو دادەخات و پاشان بەزەردەخەنەوە سەیری خانمەکە دەکات و جارێکی دیش تەماشای ڤانسان دەکاتەوە و لە چاوە قورسەکانیشی داواکارێکی درۆزنانە دەخوێندرێتەوە: "بەرامبەر بەو خانمە و ئا بەو شێوەیە سووری لەسەر مەوزووعەکەت و بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش شێوەی بیرکردنەوەت ئاشکرا دەکەیت، ئەمە گرژ بوونەویەکی لیبیدۆت بەشێوەیەک کە جێی ڕاڕاییە، ئاشکرا دەکات. "

لەسەر ڕوخساری ماچوو زەردەخەنە بەناوبانگە گەلحۆیەکەی بەدیار دەکەوێت، خانمە جوانەکە تەماشایەکی لووتبەرزانە و عەنتیکەی ڤانسان دەکات، ڤانسانیش سوور دەبێتەوە؛ هەستی بریندار دەبێ: هاوڕێیەک، دەقەیەک نابات زۆر بەجۆشەوە گوێی بۆ قولاغ کردبوو، هەر خێرا، لەبەر ئەوەی دڵی ئەو خانمە ڕازی کات، ئامادەیە ئەویتر نغرۆ بکاتە نێو سەغڵەتی.

پاشان، هاوڕێیانی تر ئامادە دەبن و کۆدەبنەوە و دەکەونە لەوچەدان؛ ماچوو نوکتە دەگێڕێتەوە؛ بەسەرنجی هیشکەوە، گوژار زانیارییە کتێبییەکانی هەڵدەڕێژێ؛ چەند ژنێک خۆیان لەبەر پێکەنین دەگرن. پۆتڤان بێدەنگ دەبێت؛ چاوەڕێ دەکات، دوای بێدەنگییەکی تێروتەسەل و دەکەوێتە دوو: "کچە هاوڕێیەکەم بێ وچان داوای ئەوەم لێدەکات کە هەڵسوکەوتی توندڕەوانەی لەگەڵ بنوێنم. "

خودایە، چەن بەجوانی قسە دەکات. ئەوانەی سەر مێزەکەی تەنیشتیش بەبێدەنگ بوون و گوێ دەگرن؛ تریقەی پێکەنین لەناو هەوادا گرژ دەبێتەوە، چاوەڕوانن. چ شتێک لەمەدا هەیە کە کچە هاوڕێیەکەی داوای ئەوەی لێ بکات کە هەڵسوکەوتی توندڕەوی لەگەڵ مومارەسە بکات؟ گشت ئەم سیحرە لەناو دەنگدا نیشتەجێیە و ڤانسانیش ناتوانێ هەست بەئێرەیی نەکات، چونکە دەنگی ئەو ئەگەر لەگەڵ ئەوەی پۆتڤان بەراورد کرێت، بەدەزوولەیەکی مسکێن دەکات کە جورئەتی ئەوەی هەبێت خۆی بە



ڤیۆلێنسێل بچوێنێ. بەبێ ئەوەی دەنگی بەرز کاتەوە، پۆتڤان بەهێمنی قسە دەکات، سەرەڕای ئەمەش هەموو هۆڵەکە پڕ دەکات و لەو زیاتر گوێمان لە کەسی دیکە نابێت. بەردەوامە: "هەڵسوکەوتی توندڕەوانە... بەڵام من توانای ئەمەم نییە! من کابرایەکی توندڕەو نیم! من کابرایەکی ناسکم! "

تریقەی پێکەنین هەوا داگیر دەکات و بۆ ئەوەشی ئەم تریقەیە لەززەتی هەبێت، پۆتڤان وچانێک دەدات.

پاشان دەست بەقسە دەکاتەوە: "جار ناجارێ کیژۆڵەیەک دێت بۆ ئەوەی شتم بۆ تایپ دەکات، دێتەماڵەکەم. ڕۆژێکیان خەریکی ئەوە بووم شتم پێی دەنووسییەوە، لە پڕێکدا، زۆر لەسەر خۆی و بەنیازێکی پاکیشەوە، دەستم بۆ قژی برد و هەڵمساند و بەرەو قەرەوێلەکە ڕامپێچا. لە نیوەی ڕێ، بەرەڵام کرد و دامە تریقەی پێکەنین: ئۆی، چ چەوتییەکە، ئەرێ تۆ نەبووی داوای ئەوەت لێکردم کە توندڕەو بم لەگەڵت. داوای لێبووردنت لێدەکەم خانم! " هەموو ئەوانەی لە قاوەخانەکە بوون دەست بەپێکەنین دەکەن، تەنانەت ڤانسانیش، جارێکی دی مامۆستاکەی خۆی خۆش دەوێتەوە.

# ٨

بەڵام ڕۆژی دوایی، بەلەهجەیەکی توانج ئامێزەوە پێی وت: "پۆتڤان، تۆ تەنها تیۆریزانێکی گەورەی سەماکەران نیت، بەڵکو بەخۆتیش سەماکەرێکی گەورەی. "

پۆتڤان (کەمێ شڵەژا): "تۆ چمکەکان تێکەڵ دەکەیت. "

ڤانسان: "کاتێک من و تۆ پێکەوەین زۆر ئاساییە، بەڵام هەر یەکێکی دیکە ڕوومان تێکات، ئەوە خێرا ئەو شوێنەی کە لێی دانیشتبووین، دەبێتە دوو بەشەوە، من و ئەو کەسەی کە تازە ڕووی تێکردووین و تۆش دەچیتە سەر تەختەی شانۆ و سەمامان بۆ دەکەی. "

پۆتڤان: "هەر وەکو پێتم وت تۆ چمکەکان تێکەڵ دەکەیت. تێرمی سەما تەنها بەسەر ئەوانەدا دەسەپێ کە لە ژیانی جەماوەردا ئێگزیبیسیۆنیستن.(١) ڤینیشم لە ژیانی گشتیی (٢) دەبێتەوە. "

ڤانسان: "دوێنێ بەرامبەر بەو ژنە ڕەفتارێکی وات نواند، هەر بەوەی بیرک دەچوو، مەبەست لەو ڕەفتارەیە کە بەرامبەر بەکامێراکە نواندی. ویستت بەتەواوی سەرنجی بۆ لای خۆت ڕابکێشی. ویستت خۆت وەکو چاکترین ئینسان پیشان بدەی. دژ بەمنیش، چەپەڵترین ژوودۆی ئێگزیبیسیۆنیستت بەکاردەهێنا. "

پۆتڤان: "وایە ڕەنگە ژوودۆی ئێگزیبیسیۆنیست بووبێت. بەڵام ژوودۆی ئەخلاق نەبوو! هەر لەبەر هەمان هۆش، زۆر بەهەڵەیا دەچیت کە بەسەماکەرم بچوێنێ. چونکە سەماکەر دەیەوێ زۆر بەئەخلاقانە بێتە پێشەوە. منیش، لە تۆ خەراپتر خۆم پێشان دا".

(١) مەبەست لەو کەسانەیە کە بەرامبەر بەهیتران خۆیان ڕووت دەکەنەوە. (وەرگێڕ).
(٢) مەبەست لە کاری سیاسەتمەدارانە. (وەرگێڕ)



ڤانسان: " سەماکەر دەیەوێ بەئەخلاق خۆی نیشان بدات چونکە جەماوەرەکەی ساوێلکەن و واش تێدەگات هەموو ئاماژەیەکی ئەخلاقانەش شتێکی جوانە. بەڵام جەماوەرە کەمەکەی ئێمە هەژارن و حەز لە ئەخلاق ناکەن. کەواتە تۆ ژوودۆیەکی نائەخلاقانەت دژ بەمن بەکارهێنا و ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ جەوهەری سەماکەرانەی تۆ هاوتەبا نییە. "

پۆتڤان: "لە پڕێکدا، بەلەهجەیەکی زۆر سەریحانە): " ڤانسان، ئەگەر برینداریم کردبێتی، داوای لێبوردنت لێ دەکەم. "

ڤانسان (خێرا بەئیعتیزارەکەی پۆتڤان ئینفیعالێکی ئۆخژنبەخش هات): "پێویست ناکات داوای لێبوردنم لێ بکەی چونکە دەزانم گاڵتەت دەکرد. "

شتێکی ڕێککەوت نییە لە قاوەخانەی گاسکۆن چاویان بەیەک دەکەوێت. لە نێو هەموو مەشایخەکاندا، ئارتاگۆن لە هەموویان گەورەترە: شێخی هاوڕێییەتی و تاقە بەهای پیرۆزیشە لای.

پۆتڤان بەردەوامە: "بەواتایەکی زۆر فراوان (وایە، تۆ هەقتە) بێگومان سەماکەر لە هەر یەکێکیمانە، لەمەیانە لەگەڵتام، کاتێک ژنێکیش دەبینم، دەبمە سەماکەرێک دە جار لەوانی دی زیاتر. چ دەسەڵاتێکم هەیە؟ گەلێ لە من بەهێزترە. "

ڤانسان دۆستانە پێدەکەنێ، تا دێتیش بەسۆز دێتە پێش چاو و پۆتڤان بەلەهجەیەکی تۆبەکارانە بەردەوامە: " لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر هەر وا بم وەک ئەوەی تۆ باسی دەکەی، مەبەست لە گەورەترین تیۆریزەزانی سەماکەران بم، دەبێ لەنێو ئەوان و من شتێکی هاوبەش هەبێت ئەگینا بەبێ ئەمە مومکین نییە. ڕاستە، لەگەڵتام، ڤانسان. "

لەم قۆناغەدا، پۆتڤان هاوڕێی تۆبەکار، دەبێتەوە تیۆریزان: "هیچ نییە، شتێکی بچکۆلانەیە و بەس، چونکە بەو واتا وردەی کە ئەم چمکە بەکاردەهێنم، هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ سەماکەراندا نییە. بڕوا ناکەم ئەمە مومکین بێت، بەڵکو سەماکەرێکی ڕاستەقینە، یەکێکی وەکو بێرکە یا

دووبێرکە، بەرامبەر بەژنێکی کە هیچ حەزێکی تیا نەبێ، هەوڵی ئیغرای کردنی بدات و خۆی بەرامبەری ڕووت بکاتەوە. بەخەیاڵیا نایەت چیرۆکی تایپنووسەکە بگێڕێتەوە، ئەوەی کە قژی بەرەو ڕایەخەکەی ڕاکێشا، ئەوەی کە بەیەکێکی دیکەی چواند. چونکە ئەو جەماوەرەی کە ئەو دەیەوێ ئیغرای بکات، چەند ژنێکی کۆنکرێت و دیار و ئاشکرا نییە، بەڵکو حەشاماتێکی نادیارە! گوێبگرە، لەمەڕ سەماوە، ئەمە بەشێکی دیکەی تیۆرییەکەیە: نادیاریی جەماوەرەکەیە! ئا لێرە سامناکترین ڕووی نوێخوازی لەم شەخسییەتە بەدەر دەکەوێت! بەرامبەر بەمن و تۆ خۆی ڕووت ناکاتەوە، بەڵکو بەرامبەر بەهەموو عالەم خۆی ڕووت دەکاتەوە. هەموو عالەمیش چ دەگەیەنێ؟ هەتا هەتاییەکی بێ ڕوخسار! شیکلێکی موجەڕەدە و هیچی تر. "

لە ناوەند قسەکردندا بوون، گوژار و ماچوو هاتن، هەر لە دەرگاوە، گوژار ڕووی دەمی کردە ڤانسان: " تۆ پێت وتم بۆ کوڕێک لەسەر ئەنتۆمۆلۆژیست[١] داوەت کراویت. هەواڵێکم پێیە! بێرکیش دێت. "

پۆتڤان: "جارێکی تریش ئەو؟ لە هەموو شوێنێکە! "

ڤانسان: "دەبێ لە شوێنی وا لە چ بگەڕێت؟ "

ماچوو: "تۆ بەعینوان ئەنتۆمۆلۆژیستیت، دەبێ بزانی بۆچی. "

گوژار: "کاتێ کە قوتابی بوو، بۆ ماوەی ساڵێک ناوی خۆی لە قوتابخانەی باڵای ئەنتۆمۆلۆژیستان نووسیبوو و لەوێ دەیخوێند. لەو کۆڕەدا، وەکو میوانی شەرەف بەخێرهاتنی لێدەکرێت. "

پۆتڤانیش: "دەبێ بڕۆین و بیکەینە قەشمەریات! " پاشان، ئاوڕ لە ڤانسان دەداتەوە: "دەتوانی بەدزی بمانبەیتە ژوورەوە! "

---

(١) جۆرە زانستێکە بەژیانی حەشەراتەوە خۆی خەریک دەکات. (وەرگێڕ)



## ٩

ڤێرا نووست؛ ئەو پەنجەرەیەم کردەوە کە دەیڕوانییە باخچەکە و بیر لەو ماوەیە دەکەمەوە کە خاتوو ت و لاوە سوارچاکەکە پێکەوە بوون، مەبەست ئەو بەیانییەیە کە کۆشکەکەیان جێهێشت، واتە لەو ماوەیەی کە دەبێتە سێ قۆناغ.

قۆناغی یەکەم: هەردووک قۆڵ لە قۆڵ، بەقسە کردنەوە، پیاسە دەکەن، لەناو چیمەنەکەش لەسەر ئەسکەمبیلێک دادەنیشن، هەر قۆڵ لە قۆڵ و قسە دەکەن. مانگەشەوە، باخچەکە بەرە هەیوانەکە شۆڕ بۆوەتەوە و بەرەو قەراغی سێن دەچێت، چرپەی ئەوان و ورشەی درەختان تێکەڵ دەبن. با نەختێک لەو گفتوگۆیە تۆمار بکەین. سوارچاکەکە داوای ماچێکی لێدەکات. خاتوو ت وەڵام دەداتەوە: "منیش حەز دەکەم: ئەگەر بێت و ئەم ماچە ڕەت کەمەوە، ئەو کات گەلێ لە خۆت بایی دەبی و عیزەتی نەفس وات پێ دەڵێ کە سڵت لێ دەکەمەوە. "

خاتوو ت هەر چییەک دەڵێت، بەرهەمی هونەرە، هونەری ئاخاوتن، دەبێ هەموو ئاماژەیەکیش جێی سەرنج و لە ماناکەشی کۆڵرا بێتەوە؛ ئەمجارەیان، بۆ نموونە، خاتوو خۆی بۆ ماچی سوارچاکەکە شل دەکات، بەڵام پاش ئەوەی تەفسیری خۆی بەسەر ئەم داواکردنە سەپاند: ئەگەر بێت خاتوو خۆی دایە دەست، ئەوە تەنها لەبەر هەندێ بوو لووتبەرزیی سوارچاکە بگەڕێنێتەوە ئاستی تەواوی خۆی.

کاتێک، لەبەر گەمەیەکی ئەنتێلێکتوالانە، خاتوو ماچێک وەردەگێڕێتە کردەی بەرگریکردن، خۆ کەسیش کاڵفام نییە، تەنانەت سوارچاکەکەش، دەبێ ئەم قسانە زۆر بەجیدی وەرگیرێن، چونکە ئەم قسانە ڕێڕەوێکی زیهن دیاری دەکەن و ئەویش دەبێ وەڵامی تایبەتی خۆی بۆ ئەو ڕێڕەوە ئامادە کات. چونکە گفتۆکردن بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە،

هەر گفتوگۆیە کات ڕێکدەخات و جڵەوی دەگرێتە دەست و یاسا و دەستوورەکانی خۆی دەسەپێنێ و پێویستیشە گوێڕایەڵی ببین.

کۆتایی قۆناغی یەکەمی ئەم شەوەیان: ئەو ماچەی کە خاتوو پێشکەشی سوارچاکەکەی کرد، تەنها بۆ ئەوە بوو سوارچاکەکە زۆر هەست بەشانازی کردن نەکات، ماچێکی دیکەی بەدواوە هات، ماچەکان "بەپەلە بوون، قسە و گفتوگۆکانی کەرت دەکرد، جێگای قسەیان دەگرتەوە...". بەڵام، ئا ئەوەتا خاتوو هەڵدەستێت و ڕێگای گەڕانەوە دەگرێت.

چ هونەرێکی خستنە سەر شانۆیە! پاش ئەوەی بۆ یەکەم جار واتاکان تێکەڵ دەبن، وای پێویست دەکرد خاتوو ئەوەی پێ نیشان بدات کە میوەی لەززەتی خۆشەویستی هێشتا بەتەواوی پێنەگەیشتووە؛ دەبێ نرخەکەی بەرز کرێتەوە، ئارەزوومەندتر بکرێت؛ پێویستە موفاجەئات، بگرە و بەردە، حاڵەتی هەڵواسراو دروست کرێن. لە کاتی گەڕانەوەیان بەرەو کۆشکەکە، خاتوو ت ئەوە دەردەخات کە بەرەو عەدەم شۆڕ دەبێتەوە، ئەوەشی دەزانێ کە لە دوا ساتدا، توانای ئەوەی هەیە بارودۆخەکە قلێپ بکاتەوە و درێژە بەم ژوانە بدات. بۆ ئەمەش تەنها ڕستەیەک بەسە، سیغەیەکی هونەری دابونەرێتی گفتوگۆکردن، لەو ڕووەوەش دەیانی لەبەر بوو. بەڵام بەشێوەی تەڵەیەکی چاوەڕوان نەکراو، هەر وەکو ئەوەی لە پڕێکدا ئیحای لێ گومڕا بووبێت، تەنها دانەیەکیش نەدەهاتە سەر زار. بەئەکتەرێک دەچوو لە پڕێکدا دەقی شانۆنامەکەی بیر چووبێتەوە. چونکە، ڕاستە، دەبوایە دەقەکەی لەبەر بوایە؛ خۆ ئەمە وەکو ڕۆژگاری ئیمڕۆمان نییە، کیژۆڵەیەک بەئاسانی بڵێ، تۆ دەتەوێ و منیش، کەواتە با کات بەفیڕۆ نەدەین! بۆ وان، سەرەڕای هەموو قەناعەتێکیشیان لەمەڕ ئازادییەوە، ئەم سەراحەتە وەکو ئەوە وابوو بەربەستێکی لە بەردەم بێت. ئەگەر بێت و بۆ کەسیان فیکرەیەک لە کاتی تەواوی خۆی دروست نەبێت، ئەنجەتێکیش نەدۆزنەوە بۆ ئەوەی درێژە بەپیاسە کردنەکەیان بدەن، ئەوە ناچار دەبن، لە ڕێی مەنتیقێکی زۆر سادەی بێ دەنگبوونەوە، ڕێی کۆشکەکە بگرن و یەک



لەوی تر ڕوخسەت بخوازێت و یەکتر جێبهێڵن. لەبەر ئەوەی تا دەهاتیش، هەردووک هەستیان بەوە دەکرد کە دەبێ تا زووە ئەنجەتێک بدۆزنەوە و ڕابوەستن و بەئاشکرا ناوی بهێنن، هەندەی تر دەمیان دەچووە تەڵەی تەقیوەوە:

هەموو ڕستەیەکی فریادرەسیشیان لێ دەشاردرایەوە و بەبێ هیواییەوە بەرەو پیری دەچوون. هەر لەبەر هەندێ کاتێ دەگەنە بەر دەروازەی کۆشکەکە، "بەغەریزەیەکی هاوبەشەوە، هەنگاوەکانییان هێور دەبوونەوە ".

خۆشبەختانە، لە دوا چرکەدا، هەر وەکو ئەوەی چرپەکەرێ[1] لە پڕێکدا قووت بێتەوە، خاتوو دەقەکەی هاتەوە بەبیرا: بەرەو ڕووی سوارچاکەدا شاڵاو دەبات: "زۆر دڵم بەتۆ خۆش نییە... " لە دوا لەحزە! هەموو شتێ قوتار کرا! خاتوو تووڕە دەبێ! ئەنجەتەکەی دۆزییەوە، بەتووڕەبوونێکی هاکەزایی، ئیتر دەیتوانێ درێژە بەپیاسەکردنەکە بدات: خاتوو لەگەڵ ئەودا سەریح بوو، بۆچی هیچ شتێکی لەبارەی خۆشەویستەکەیەوە بەو نەوتووە، مەبەست لە کۆنتێسە؟ خێرا، خێرا، دەبێ خۆی بۆ ڕوون کاتەوە! پێویستە دەست بکاتەوە بەقسەکردن! دوای گفتوگۆ دۆزرایەوە و جارێکی دیش لە کۆشکەکە دوور کەوتنەوە و ئەمجارەیان بەبێ زەحمەتی بەرەو گراوی خۆشەویستی دەیانبات.

(١) مەبەست لەو کەسەیە کە بەچرپە دەق بۆ ئەکتەر دەخوێنێتەوە. (وەرگێڕ).

## ١٠

بەدەم قسـەکـردنەوە، خـاتوو ت زەمـینـەی قـۆناغـی داهاتووی خـۆش دەکـرد، سەبارەت بەهەڵسوکەوت و شێوە و چۆنیەتی بیرکردنەوە سوارچاکەکەی فێر دەکرد. ناڕاسـتەوخـۆیانە، هەر وەکـو ئەوەی باسی شـتێکی تری بۆ بکات، بەوردی و بلیـمـەتیـی و نەرم و نیـانیـی سـوارچاکی تێدەگـەیاند. بۆ ئەوەی خـۆی لە تەوقی دڵسـۆزی قـوتار کـات و سـوارچاکـیش بۆ مـوغـامـەرەکـانی شـەوگـار خـاو کـاتەوە، ئەوەی بۆ ڕوون دەکـردەوە کـە کـۆنتـێس ژنێـکی سـاردوسـڕە و خـۆویسـتـە. نەک تەنهـا لە پێناوی ئەوەی داهاتووی نزیک بخەملێنێ، بەڵکو داهاتووی دووریش، بەشێوەیەک وا سوارچاکیشی حاڵی دەکـرد کـە نیـازی ئەو ڕقـەبەرایەتی نیـیـە لەگـەڵ کـۆنتـێس و نـایەوێ دەسـبـەرداریشی بێت. خـاتوو ت دەرزێکی چڕوپڕی لەمـەڕ پەروەردەی عاتیفییەوە پێ وت، فەلسەفەی خۆی لەبارەی عیشقی پراتیکەوە بۆ ڕاڤە کـرد و ئەوەی بۆ ڕوون کـردەوە چۆن دەبێ ئیـتـر لە زۆرداریی دەسـتـوور و یاسـاکـانی ئەخـلاق خـۆ ڕزگـار بکرێت و خـۆ بەچەکی نهـێنی پاراستن بپارێزین: یەکێکە لەو فەزیلانەی کە لە سەرووی هەموو فەزیلەکانەوەیە. بەڵکو، بەشێوەیەکی سروشتی، ئەوەشی پێدەوت ئیتر لەمەولا چۆن لەگەڵ مێردەکەی هەڵسوکەوت کات.

تووشی حـەپاسـان بوون هاتن: لە کـوێی ئەم فـەزایەی کـە هەند بەوردی ڕێکخراوەوە و خۆشەکراوە و دوا بەدوایش چنراوە و حسێبی تەواویشی بۆ هەمـوو وردەکـاریـیـەکـانی کـراوە، جـێگا بۆ عـەفـەوییـەت و "شـێـتی " و وڕێنەکـردن و شـەیدای ئارەزوو و "عـیـشـقـێکی دێوانە ئامـێز " دەبێـتـەوە. سـوریالیـسـتـەکان چەندێ بۆی بەپەرۆش بوون؛ ئەی خۆ فـەرامـۆشکردن لە کـوێ؟ ئەی کـوان گشت ئەو فـەزیلانەی لەبارەی شـەیداییـیـەوە دەدوێن و تێکڕای بۆچوونەکـانمانی لەمـەڕ عـیـشـقـەوە خـەمـڵاندووە؟ نەخـێـر، لێـرە جـێگـایان نابێـتـەوە. چونکە خـاتوو ت شـازادەی عـەقـڵـە. نەک بەهەمـان



شێوەی عـەقـڵی بێبەزەیی مـارکـیـز دو مێرتۆی، بەڵکو عـەقـڵێکی نەرم و نیان، عەقڵێکە کە پەیامی هەرە بەرزی ئەوەیە عیشق بپارێزێت.

دەبینم چۆن خـاتوو، بەنێـو ئەو مـانگەشـەوەدا سـوارچاک بەڕێوە دەبا. خـاتوو ڕاوەسـتـاو لەنێـو نیـمچە تاریکییـەکەوە کـە لە بەردەمـیـانا قـووت بووەوە، قەراغی گوێسوانەیەکی پێنیشان دا؛ ئەو کۆشکە بچووکە شایەدی چ ساتەوەختێکی شەهوەتاویی بوو، بەداخەوە، خاتوو پێی دەڵێ، کلیلەکەم پێ نیـیـە. هەردووک نزیکی دەرگـاکـەی دەبنەوە (چەن سـەیرە! چ شـتـێکی چاوەڕوان نەکراوە) بەڵام دەرگاکەی دانەخراوە!

بۆچی خاتوو ئەوەی پێ وت کە گوایە کلیلەکەی پێ نییە؟ بۆچی هەر زوو ئەوەی پێ نەوت کـە ئەم دەرگایە دەمێکە داینـاخەن؟ هەمـوو شـتێ تەرتیب کـراوە، دەسـتکردە و دروست کـراوە، هەمـوو شـتێ داهێنراوە، هیچ شـتێک ڕاست نیـیـە، یا بەشـێـوەیەکی تر، هەمـووی هەر هونەرە؛ لـەم حـاڵـەتەدا، هونەری درێژەپێدانی چاوەڕوانییە، چاکترە بڵێین: ئەمـە هونەری ڕاگرتنی حاڵەتەکانی هەڵچوونە، تا ئیمکان هەبێت.

## ١١

لە کتێبەکەی دێنۆن، لە هیچ شوێنێک چاومان بەوەسفی لەشی خاتوو ت ناکەوێت؛ بەڵام شتێک کە جێگای گومان نییە: نابێ لەشێکی لاوازی هەبووبێت؛ واشی بۆ دەچم کە "لەشێکی خرپن و نەرمی " هەبووبێت" (ئا بەم جۆرە لاکلۆ لە پەیوەندییە ترسناکەکاندا وەسفی جەستەی ئافرەتی ئارەزوومەند دەکات) باس کراوە؛ هەروەها لەشی خڕپلە و سەنگینی جوولانەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دایە. دەسبەتاڵییەکی شیرینی دەداتێ. حیکمەتی شل و خاوی هەیە و هەروەها مەعلانیشە لەمەڕ تەکنیکیی لەسەرخۆییەوە. بەتایبەت لە قۆناغی دووەمی ئەو شەوەدا، مەبەست لە چوونیانە بۆ کۆشکە بچووکەکە: دەچنە ژوورەوە، یەکتر ڕادەموسن، دەکەونە سەر قەنەفەیەک، مومارەسەی خۆشەویستی دەکەن. بەڵام، "هەموو شتێ بەکتوپڕی ڕووی دا. هەستمان بەهەڵەکانمان کرد (...) زیاد لە پێویست بەکەفوکوڵین، پێویستە نەرم و نیانتر بین. ڕاکەڕاکمانە بەرەو ئۆخژن، بەڵام هەموو ئەو لەززەتانە فەرامۆش دەکەین کە لە دوای ئەوەوە دێن ".

پەلە پەلیی شیرینیی لە کاوەخۆییان لێ گوم دەکات و هەردووک هەست بەمە دەکەن و بەخەتای تێدەگەن؛ بەڵام هەست ناکەم کە خاتوو ت تووشی سەرسوڕمان بووبێت، وا هەست دەکەم ئەم خەتا چاوەڕوان کراوەی پێ دەزانی، قەدەرە و بەڵکو چاوەڕوانیشی دەکرد، هەر بۆیەشە لە کۆشکە بچووکەکە پێشوەخت بیری لە خۆ خەریککردن دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەو خێراییە چاوەڕوان کراوە هێور کاتەوە و شتەکان بەشێوەیەک ئامادە بکات بۆ ئەوەی بچنە قۆناغی سێیەمەوە، تاکو موغامەرەکانیان لەنێو سستییەکی کەشخەدا ئەنجام بدەن، غلۆربنەوە نێو دێکۆرێکی نوێیەوە.

خاتووە مومارەسەی خۆشەویستی ڕادەگرێ، لەگەڵ سوارچاکەکە دەست بەپیاسەکردن دەکەنەوە؛ لەسەر ئەسکەمبیلەکەی ناوەند چیمەنەکە



دادەنیشێ و دەست بەئاخاوتن دەکاتەوە و بەدەم قسەکردنەوەوە سوارچاک بەرە کۆشکەکە دەبات و بەرە کابینە نهێنییەکە کە لە تەنیشت ئەپارتمانەکەیەتی؛ کە زوو، مێردەکەی وەکو پەرستگایەکی ئەفسووناوی عیشق ڕازاندبوویەوە. لە بەردەم دەرگا، بەرامبەر بەو ئاوێنانەی کە بەقەد هەموو دیوارەکانا هەڵواسرابوون سوارچاک دەحەپەسێ، وێنەیان چەندین جار دووپات دەبێتەوە، لە پڕێکدا، حەشاماتێ وێنە لە دەوریان کۆدەبێتەوە. بەڵام لەوێ مومارەسەی خۆشەویستی ناکەن، هەر وەکو ئەوەی کە خاتوو ت بیەوێ ڕێ لە تەقینەوەیەکی بەتەوژمی هەست بگرێ و دەیەوێ تا تواناشی هەبێت درێژە بەهەڵچوون بدات، بۆیە بەرەو ژوورێکی تەنیشت دەیبات، جۆرە ئەشکەوتێکە لەناو تاریکیی ئاوا دەبێ، بەبالیفی جۆراوجۆریش ڕازاندراوەتەوە؛ ئا لەوێ، تا بەرەبەیان، بەهێوری و کاوەخۆییەوە مومارەسەی خۆشەویستی دەکەن.

بەهێور کردنەوەی شەو و بەکەرت کردنی بەچەند بەشێکی جیا جیا، خاتوو ت، چاکی لێ دەزانی، چۆن ئەو ماوە کەمەی کە هەیان بوو وەکو هەندەسە بەشیکلی بچووک بچووک دابەشی بکات. مارەکردنی شیکل بەسەر بەردەوامیی، لە داواکارییەکانی جوانییە و هەروەها لە داواکارییەکانی زاکیرەشە. چونکە ئەو شتەی کە شیکلی نییە ناتوانین دەستی بەسەرا بگرین و ئەزبەریش ناکرێت. بۆ ئەوان شیکلدانە ئەو ژوانە شتێکی دەگمەنە چونکە ئەو شەوە تاقە شەوە و مەگەر تەنها لە یادوەریدا دووپات ببێتەوە.

لە نێوان زاکیرە و لەسەرخۆیی، لە نێوان خێرایی و فەرامۆشکردن تاڵە هەودایەکی نهێنی هەیە. با باردودۆخێکی تایبەت بهێنییەوە یاد کە شتێکی پووچ نییە: یەکێ بەشەقامدا هاتووچۆ دەکات. لە پڕێکدا، دەیەوێ شتێکی بێتەوە یاد، بەڵام یاد فریای ناکەوێ. ئا لەو کاتەدا، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شەقاوەکانی هێور دەکاتەوە. بەپێچەوانەشەوە، یەکێک دەیەوێ ڕووداوێکی جەرگبڕ فەرامۆش کات کە دەمێک نییە ڕووی داوە،

ئەوە ڕەوتی خێرا دەداتە هەنگاوەکانی هەر وەکو ئەوەی کە بیەوێ لەو ڕووداوەی کە دەمێک نییە قەوماوە و هێشتا لێیەوەی نزیکە، دوورکەوێتەوە.

لە ماتماتیکی وجوودیدا، ئەم ئەزموونە دوو هاوکێشەی ساکار دەگرێتە خۆ: پلەی هێواشی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکتوپڕیی زاکیرەوە هەیە؛ پلەی خێراییش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکتوپڕیی فەرامۆشکردنەوە هەیە.



## ١٢

لە سەرەدەمی ڤیڤان دێنۆن دا، ڕەنگبێ تەنها بازنەیەکی بچووکی موریدان، نووسەری "پنتی ڕۆژی دوایی "یان ناسیبێ و ئەم نهێنییەش ئاشکرا نەبووبێت؛ بەشێوەیەکی یەکجارەکیش (ڕەنگە) تەنها پاش مردنی نووسەر، ئەوەش دوای ماوەیەکی زۆر، ئاگاداری ژیانی نووسەر بووبێتن. قەدەری ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی غەریب بەو چیرۆکە دەکات کە ڤیڤان دەیگێڕێتەوە: لەنێو تاریک و ڕوونی نهێنی و ئەفسوون و نادیاری و شاردنەوەدا ڕزگاری دەبێ.

دێنۆنی نەخشەساز و وێنەگر و دیپلۆمات و گەڕۆک و هونەرناس و سیحربازی سالۆنەکان و پیاوی خاوەن ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش، هەرگیز خۆی بەخاوەنی ئەم چیرۆکە نەزانیوە. نەک لەبەر ئەوەی ڕەفزی ئەو شکۆپێدانەی بکات، بەڵکو ئەمە شتێکی دیکەی دەگەیاند؛ وای بۆ دەچم، خوێنەرانی ئەو کات کە ئەو دەیویست لێیان نزیک بێتەوە و ئیغرایان بکات، جەماوەرێکی پانوپۆڕی نادیار نەبوو کە بەباڵای نووسەرا هەڵبشاخێ وەک ئەوەی ئیمڕۆ ڕوو دەدا، بەڵکو چنگێ ناسیاو بوون کە دەیتوانی یەک بەیەک بیانناسێ و بیانرخێنێ. چێژی ئەو سەرکەوتنەی کە لە لایەن خوێنەرانەوە دەسگیر دەبوو، زۆر جیاواز نەبوو لەوەی کە لە سالۆنێکدا، بەڕەونەقەوە بەرامبەر بەچەند گوێگرێک کە لە دەوری کۆدەبوونەوە، دەسگیری ببێ.

دوو جۆرە شکۆمەندیی هەن: یەکەمیان پێش داهێنانی کامیرایە و ئەوی دیش دوای داهێنانێتی. لە سەدەی چواردەمدا، ڤاکلاف، پاشای چیک، حەزی لەوە دەکرد لە شاری پراگ هاتوچۆی خانەکان[1] بکات و لەگەڵ

(١) لێرە خان لەجیاتی (auberge)ی فەرەنسیمان دانا، مەبەست لەو مێوانخانانەیە کە خەڵکی سادە و تا ڕادەیەکیش هەژاری تیا دەنووستن و دەحەوانەوە.

خەڵکی نەناسیاودا قسە بکات. پاشای ناوبراو، هەم دەسەڵات و هەم شکۆ و هەم سەربەستیشی هەبوو. شارل، ئەمیری بەریتانیا، نە دەسەڵاتی هەیە نە سەربەستی، بەڵام خاوەن شکۆیەکی مەزنە: نە لە دارستانە چڕەکاندا، نە لەنێو حەمامە حەشاردراوەکەیە قووڵایی هەژدە نهۆمی خوارەوە، دەتوانێ خۆی لە تەماشا ڕزگار بکات و نەناسرێتەوە. شکۆمەندیی هەموو ئازادییەکەی لووش داوە، ئا ئێستا دەزانێ: تەنها ئەو زیهنە نائاگایانە دەتوانن، سەربەخۆیانە هەراوهوریای بەناوبانگی بدەنە دوای خۆیان.

ئێوە دەڵێن ئەگەر بێت و خەسڵەتی شکۆمەندیی بگۆڕێ، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەمە تەنها چەند کەسێکی خاوەن ئیمتیاز دەگرێتەوە. لەمەدا ئێوە بەهەڵەدا چوونە. چونکە شکۆمەندی تەنها ئەوانە ناگرێتەوە کە خاوەن شورەتن، هەموو خەڵکی دەگرێتەوە. ڕۆژی ئیمڕۆ، خەڵکی بەناوبانگ لەسەر ڕووپەلی گۆڤارەکان دان، لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن، غەزووی خەیاڵی هەموو خەڵکی دەکەن. هەموو خەڵکییان مەشغوول کردووە، تەنانەت دەچنە خەونیشەوە، ئایا ئیمکانی ئەوەی هەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە بابەتی شکۆ و بناسرێ (نەک وەکو ئەوەی شا ڤاکلاڤ کە هامووشۆی قاوەخانەکانی دەکرد، بەڵکو وەکو شارل کە خۆی لە نهۆمی هەژدەهەمی ژێرزەمین، لە حەمامەکەیدا دەشارێتەوە).

ئەم ئیحتیماله وەکو سێبەر دوای هەمووان کەوتووە و کارەکتەری ژیانیشی گۆڕیوە؛ چونکە (ئەمە پێناسەیەکی سادەی ماتماتیکی وجوودی دیکەیە) ئیمکانییەتێکی نوێی بوون، با ئیحتیمالییەکی کەمیشی هەبێت، تێکڕای وجوود دەگۆڕێ.



## ١٣

ڕەنگبێ پۆتڤان دەرهەق بەبێرکی ڕۆشنبیر هەندە دڵڕەق نەبوایە ئەگەر بهاتبایە ئاگای لەو گێرمە و کێشانە بوایە کە لە لایەن کچە هەڤاڵێکی قوتابخانەوە، ئیماکولاتا ناوێک تووشی هات؛ "بێ سوود " ویستی بەلای خۆیا ڕایکێشێ.

دوای تێپەڕ بوونی بیست ساڵیش بەسەر ئەو ڕووداوە، ڕۆژێکیان ئیماکولاتا بێرک لە تەلەفیزیۆن دەبینی کە خەریکی پاسکردنی مێش و مەگەزە لەسەر ڕووی کچۆڵەیەکی پێست ڕەش؛ ئەمە بۆ ئەو جۆرە ئیشراقێک بوو. هەر خێرا، ئەوەی بۆ ساغ بووەوە کە هەمیشە هەر خۆشی ویستووە. هەر هەمان ڕۆژ، ئیماکولاتا نامەیەکی بۆ دەنووسێ و تیایا "خۆشەویستییە بێگەردەکەی " جارانی خۆی بۆ بەیان دەکات. بەڵام بێرک زۆر چاک ئەوەی هاتەوە یاد کە خۆشەویستی ئەو بەهیچ تەرحێک بێگەرد نەبووە و بەڵکو گەلێ حەشەری و لە هەمان کاتیشدا هەستی بەبریندار بوونی شعووری کرد کاتێک ئیماکولاتا بەبێ سێ و دوو ڕەتی کردەوە. هەر بۆیە لەو ناوەوە ئیحایەکی کەمێ گاڵتەجاڕانەی وەرگرتبوو کە دایک و باوکە پورتوغالییەکەی دابوویانە کچەکەیان؛ بێرک نازناوێکی کەمێ سەیرتر و کەمێ خەمۆکی تری پێ بەخشیبوو، ئەویش "دەست لێنەدراو " بوو. ڕەفتارێکی ناشرینی دەرخست کاتێک نامەکەی بەدەست دەگات (شتێکی سەیروسەمەرە، بیست ساڵ بەسەر ئەم شکستییەدا تێپەڕیبوو، هێشتا بەتەواوی هەرەسی نەهێنابوو) بۆیە وەڵامی نەدایەوە.

ئەم بێدەنگییە ئیماکولاتا تووشی شلەژان دەکات و لە نامەی داهاتوویدا گشت ئەو نامانەی خستەوە یاد کە کاتی خۆی بێرک بۆی نووسی بوو. لە یەکێکیاندا، ئیماکولاتای بە"ئەو باڵندەیەی چواندبوو کە خەو لە چاوان دەتۆرێنێ ".

زۆر دەمێک بوو ئەم ڕستەیەی فەرامۆش کردبوو، بۆیە کە کاتێ ئەو ڕستەیەی بینی هەستی کرد کە ڕستەیەکی تا بڵێی بڵحە و زۆر بەنالائیقی زانی کە ئیماکولاتا هێنابوویەوە یادی. درەنگتر، دوای ئەوەی قسە و قسەلۆکێکی زۆری بەرگوێ کەوتبوو، لەوە تێگەیشت کە هەر جارێک لە تەلەفیزیۆن دەرچووبایە، ئەو ژنەی کە هەرگیز بێرک دەستی لێ گیر نەبوو، لە هەر کوێیەک بوایە، با لەسەر نانخواردنیش بێت، دەکەوتە لەوچەدان و باسی ئەو خۆشەویستییە بێگەردەی بێرکی مەشووری دەکرد و دەیوت ساڵانی زوو لەبەر خۆشەویستی ئەو، خەوی لە چاوان زڕا بوو. بێرک بۆ یەکەم جار لە ژیانی تامەزرۆی ئەوەی دەکرد کە لە پێش چاوان ون بی.

لە نامەی سێیەمدا، ئیماکولاتا داوای یارمەتییەکی لێ کردبوو، نەک بۆ خۆی بەڵکو بۆ یەکێ لە هاوسێکانی، مەبەست لە ژنێک بوو کە لە خەستەخانە عیلاجێکی زۆر خراپیان کردبوو؛ نەک تەنها لەبەر ئەو نیمچە بەنجەیەی کە وەختبوو ژیانی بەفەتارەت بەرێ، بەڵکو خەستەخانەکە بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو کە تەعویزی بداتێ. ئەگەر ڕاستیشە بێرک یارمەتی منالانی ئەفریقا دەدات، خۆ دەستدرێژکردن و یارمەتیدانی خەڵکی سادەی وڵاتەکەی خۆی شتێکی ئاساییە، هەرچەندە ئەوان ئەو بوارەی بۆ خۆش ناکەن کە لە تەلەفیزیۆن دەربچێت.

پاشان ئەو ژنە خۆی، لەسەر داواکاری ئیماکولاتا، نامەیەکی بۆ دەنووسێ: "... مامۆستا، ئەو کیژەت دێتەوە یاد کە بەپاکیزە ناوت دەبرد و خەوی لە چاوانت تۆراند بوو ". توخوا ئەمە ڕاستە؟! لەم سەر بۆ ئەو سەر بەناو ئاپارتمانەکەیدا لە تاوا دەهات و دەچوو و هاواری دەکرد و بەتووڕەییەوە دەدوا. نامەکەی کەتوپەت کرد و دوای ئەوەی بەتف سواغی دا فڕێی دایە تەنەکەی زبڵەوە.

ڕۆژێکیان لە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنێک بیستی کە گوایە ڕاپۆرتاژچییەکی ژن دەیەوێ پۆرترێتێکی بێرک بکات و بەخەڵکی بناسێنێ. تووڕە بوو، ئەو سەرنجە توانج ئامێزەی هاتەوە یاد کە ئارەزووی بێرکی ئاشکرا دەکرد،



چونکە حەز لەوە دەکات لە تەلەفیزیۆن دەرچێت، چونکە ئەو ژنەی کە دەیویست ئەو پۆرترێتە ئامادە بکات، هەر هەمان ئەو باڵندەیەی شەوان بوو، مەبەست ئیماکولاتایە! ئا ئەمەیە بابەتی تووڕە بوون: لە ڕاستیدا، ئەم پێشنیارەی زۆر بەکارێکی چاک زانی، فلیمێک لەسەر ژیانی بکرێت، چونکە حەزی بەوە دەکرد کە ژیانی ببێتە بەرهەمێکی هونەری؛ بەڵام قەد لەوەوەپێش بیری لەوە نەکردبووەوە کە بەرهەمێکی وا بدرێتە پاڵ ژەنرێکی کۆمیکەوە! بەرامبەر بەم مەترسییە، خێرا ئەوەی ئاشکرا کرد کە دەیەوێ تا پێی بکرێ لە ئیماکولاتا دوور کەوێتەوە و تکای لە بەڕێوەبەرەکە کرد (بەرامبەر بەم تەوازووعە تووشی حەپەسان هات) کە ئەم پڕۆژە دواخرێت، چونکە هێشتا زۆر زووە بۆ یەکێکی بێ بایەخ و گەنجی وەک ئەوە.

## ١٤

ئەم ڕووداوە بەسەرهاتێکی دیکەم دەخاتەوە یاد: بەخت یارم بوو دەستم لەو کتێبخانەیە گیر بێت کە هەموو دیوارەکانی ماڵی گوژاری داپۆشیوە. جارێکیان باسی غەمگینیی خۆمم بۆی دەکرد، ڕەفەیەکی پێ نیشان دام کە لە سەرەوە، بەدەستوخەتی خۆی ئەمەشی لەسەر نووسیبوو: شاکاری نوکتە نائیرادییەکان، بەزەردەخەنەیەکی بیژیبیانەشەوە، کتێبێکی دەرهێنا، لە ساڵی ١٩٩٧، ژنە ڕۆژنامەنووسێکی پاریسی چاپی کردبوو و تیایا باسی خۆشەویستی خۆی بۆ کیسنجەری کردبوو. نازانم ئایا ناوی ئەم سیاسەتمدارە بەناوبانگە شتێکتان پێ دەڵێ، موستەشاری نیکسۆن و ئەندازیاری ئاشتیش بوو لە نێوان ئەمەریکا و ڤیەتنام.

ئا ئەمەش بەسەرهاتەکەیە: لە واشنتۆن ژنە ڕۆژنامەنووس چاوی بەکیسنجەر دەکەوێت بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ڕێک بخات؛ سەرەتا دەیویست بۆ گۆڤارێک ئامادەی بکات و پاشانیش بیکاتە ماددەیەک و بیداتە تەلەفیزیۆن. چاوپێکەوتنەکە چەند جارێک دووبارە بووەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی سنووری ڕاپۆرتاژێکی پیشەیی تێپەڕ کات: بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتاژەکە، یەک دوو جاران پێکەوە نانی ئێوارەیان خوارد، چەند جارێکیش لە کۆشکی سپی، لە خانووە تایبەتییەکەی، سەری لە مەکتەبەکەی دا؛ سەرەتا بەتاقی تەنیا، پاشان لەگەڵ تیپەکەی و هەتا دوایی. هەندە نابات کیسنجەر زۆر حەز بەچارەی ئەو ژنە ناکات. کیسنجەر کاڵفام نەبوو، لەوە تێدەگا کە بەدەوری چی دەخولێتەوە؛ بۆ ئەوەی لە خۆی دووری کاتەوە، چەند سەرنجێکی زۆر ئاشکرای ئاراستە دەکات. ئەوەی تێدەگەیەنێ کە ژنان چەندێ بەهەیبەتەوە سەیری دەسەڵات دەکەن و ئەوەشی تێدەگەیەنێ کە وەزیفەکەی ناچاری دەکات هەموو ژیانێکی خسووسی[1] بخاتەوە لاوە.

---

(١) لە زمانی فەرەنسی (vie publique) و (vie privée) هەیە. یەکەمیان ژیانی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بواری سیاسیدا ئیش دەکەن، پێچەوانەکەشی ›



لە کتێبەکەدا، بەشێوەیەکی دڵگیر و سەریح باسی گشت ئەو شکستییانەی کردووە کە دووچاری هاتووە و لە هەمان کاتیشدا قەد وەرەی بەرنەداوە، چونکە قەناعەتێکی پتەوی هەبووە کە ئەم دووە، یەک بۆ ئەوی تر دروست کراون: ئایا کیسنجەر بەوریایی و سڵکردنەوە خۆی دەرناخات؟ ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە: ژنە ڕۆژنامەنووس، ئەوەی باش دەزانێ، دەبێ کیسنجەر تووشی چەندین ژنی بلّح و دزێو هاتبێ؛ سووره لەسەر ئەوەش، کاتێ کیسنجەر لەوە تێدەگا تا چ ڕادەیەک ئەو خۆشی دەوێ، هەموو دڵەڕاوکێیەک کۆتای پێ دێت و ئیتر واز لەو خۆ دوورەپەرێز گرتنە دێنێت. ئای چەندێ دڵنیا بوو لەو خۆشەویستییە بێگەردە! دەیتوانی سوێند بەسەر ئەو خۆشەویستییە بخوات: بۆ ئەو، ئەم هەستە، بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بەوەسواسەیەکی ئیرۆتیکییەوە نەبوو. لە زۆر شوێنیش ئەوە دووپات دەکاتەوە و بە(شێوەیەکی دایکانەی سادیانە) کە "هیچ شتێکی ئەوتۆی جنسیم تیا بەدی نەدەکرد ": کیسنجەر گرینگی بەجلوبەرگ نەدەدا؛ هەروەها پیاوێکی قۆزیش نەبوو؛ چێژیشی ناقۆڵاشی بۆ ئافرەتان هەبوو؛ لە لایەکی دیش حوکمی ئەوەی بەسەرا دەسەپێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە خۆشەویستیی خۆشی بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ "دەبێ چ دۆستێکی[1] خراپیشی لێ دەردەچێت ". ئەو ژنە ڕۆژنامەنووسەش، هەر وەکو ئەو، دوو مناڵی دەبێ، هەر لە خۆڕا، بەبێ ئەوەی ئەویتر ئاگای لە هیچ هەبووبێت، سەفەر بۆ کۆت دو ئازور[2] ڕێکدەخات و لە دڵی خۆشی دەڵێ بەڵکو دوو منالّەکەی کیسەنجەر فێرە فەرەنسی ببن.

---

› ژیانی تایبەتە، ژیانی خاوخێزان دەگرێتەوە. (وەرگێڕ).

(١) لێرە دۆست بەمەبەستی ئەو کەسە دێت کە هاوسەری خۆی هەبێت، لە هەمان کاتیشدا، پەیوەندی لەگەڵ ژنی دیکە هەبێت. (وەرگێڕ).

(٢) Côte dazur): کەناری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسایە کە دەکەوێتە سەر حەوزی ناوەڕاست. ئاو و هەوایەکی خۆشی هەیە، لە هەمان کات هاوینەهەوار و زستانەهەوارە. (وەرگێڕ).

ڕۆژێکیان، تیپەکەی دەنێرێ بۆ ئەوەی فیلمی کیسنجەر بگرن، خۆی پێ ڕاناگیرێ و ئەو موزعیجانە دەردەکات. جارێکی دیش، بۆ مەکتەبەی بانگی دەکات و بەدەنگێکی هەراش و ساردوسڕ پێی دەڵێ ئیتر تەحەممول ناکەم و نایەوێ ئا بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێشەکی، لێوا لێوی شکست و بێهیواییە، بەڵام هەر زوو، دڵی خۆی دەداتەوە و بەخۆی دەڵێ جێی گومان نییە، ئەم ژنە ڕۆژنامەنووسە بەوە لێکبدەنەوە لە ڕووی سیاسییەوە جێی گومانە و کیسەنجەریش زانیاری لە لایەن دژ – سیخوران پێگەیشتووە و ئیتر نابێت لەمەودوا چاوی بەو ڕۆژنامەنووسە بکەوێت؛ لە هەموو کونج و کەلەبەری مەکتەبەکەشی میکرۆفۆن داندراون و بەمەش دەزانێ؛ کەواتە ئەو ڕستە ساردوسڕانەش دەرهەق بەئەو نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوەی پۆلیسە نادیارانە گوێیان لێ بێت. بەزەردەخەنەیەکی خەمۆکی و بەچاو ئەوەی پێ دەڵێ کە لەم حاڵەتە دەگات؛ واشی لێکدەدایەوە کە ئەو دیمەنە بەجوانییەکی تراژیدی ڕووناک بووەتەوە (ئەم ئاوەڵناوە لە زۆر شوێن بەکار دەهێنێ): کەواتە ناچارە ئا بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکات و لە هەمان کاتیشدا بەچاوان باسی عیشقی بۆ بکات.

گوژار پێدەکەنێ، بەڵام پێی دەڵێم: حەقیقەتی ئاشکرای بارودۆخێکی واقیعی کە لە پشتییەوە خەونی عاشقانە دەردەکەوێت، گرینگی کەمترە، چونکە لە حەقیقەتێکی کەساس بەولاوە هیچی تر نییە، حەقیقەتێکی برینگە کە بەرامبەر بەحەقیقەتەکەی تر کاڵ دەبێتەوە کە ئەو بڵندە و بەرامبەر بەزەمەنیش بەرگری دەکات: ئەویش حەقیقەتی کتێبە. هەر زوو، ژنە ڕۆژنامەنووس لە چاوپێکەوتنی یەکەمییەوە، کاتێ مەعشووقەکەی دەبینێ، ئەو کتێبە وەکو تاج، نادیار، لەو نێوانە، لەسەر مێزێکی بچووک، ئامانجی نائاشکرا و نائاگای هەموو موغامەرەکانی بوو، داندرابوو.

کتێب؟ بۆچی؟ بۆ ئەوەی هێڵکاری پۆرترێتێکی کیسەنجەر بکێشێت؟ نەخێر، لە هەققەتدا، شتێکی دیاریکراوی لەو ڕووەوە نەبوو! ئەوەی بەلای ئەوەوە بایەخدار بوو، ڕووانینێک بوو بۆ حەقیقەتی خۆی. تامەزرۆی بۆ



کیسنجەر نەبوو، با لەشی هەر لەوێ بوەستێت ("دەبێ چ دۆستێکی خراپیشی لێ دەردەچێت")؛ دەیویست "من"ی خۆی فراوان بکات و لە جوغزی تەسکی ژیانی خۆی دەرپەڕێنێ، دەیویست بدرەوشێتەوە و بیکاتە ڕووناکی. بەنیسبەت ئەوەوە، کیسنجەر ئاژەڵێکی ئەفسانەیی بوو، ئەسپێکی باڵدار کە "من"ەکەی سواری پشتی ئەو دەبێ و بەرز بەئاسمانا دەفڕێ.

گوژار "گەمژە بوو"، بەساردیی و تەوزەوە سەیری ئەم ڕاڤە نایابەی منی کرد.

"نەخێر" وەڵامیم دایەوە، "نموونەکان شایەدیی لە زیرەکی ئەو دەدەن". ئەمە گەوجیی نییە، بەڵکو شتێکی ترە. سوور بوو و لەسەر ئەوەی بۆ ئەم عیشقە هەڵبژێرراوە".

## ١٥

بوون بەهەڵبژاردە بۆچوونێکی لاهوتییە، بەواتای: لە لایەن ئیرادە و ویستێکی ئازادەوە، تەنانەت لە ڕێی نەزوەیەکی خوداوەندەوە، بەبێ ئەوەی شایانیشی بین، لە لایەن بڕیارێکی باڵاوەوە، بۆ کارێکی لە ڕادەبەدەر و گەلێ سەرسوڕێنەر هەڵبژێردراوین. ئا بەم باوەڕەوە گەلێ لە قەدیسەکان هێز و توانای خۆیان دەسگیر دەبوو تاکو تەحەمولی نارەواترین ئەشکەنجە بکەن. بۆچوونە لاهوتییەکان لەنێو تەفاهەتی ژیانمان ڕەنگ دەداتەوە هەر چەشنی لاسایی کردنەوەکانی ئەوان؛ هەر یەکێ لە ئێمە ئازار دەکێشێ (کەم تا زۆر) چونکە ژیان کەچەیە و تاکو بڵێی سادەیە و نیازمان وایە لەو بازنەیە خۆ ڕزگار کەین و بەرز بینەوە. هەر یەکێ لە ئێمە، جارێ لە جاران وەهمی (کەم تا زۆر بەهێزی) ئەوەی لە لا دروست بووە کە ئەو شایانی ئەم بەرز بوونەوەیە و پێشوەختیش بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێرراوە.

بۆ نموونە هەستکردن بەهەڵبژاردن لە پەیوەندی عاشقانەدا دەردەکەوێ. چونکە لە دوا پێناسەدا عیشق، دیارییەکە بەبێ شایەن؛ خۆشیان دەوێین بەبێ ئەوەی موستەحەق بین، بەڵکو هەر ئەمەشە بەڵگەی عیشقی ڕاستەقینە. ئەگەر بێت ژنێک پێم بڵێ: خۆشتم دەوێ چونکە زیرەک و شەرەفمەندی، چونکە چاوباشقاڵ نیت و لە ماڵەوە قاپوقاچاغیش دەشۆی، ئا لەم کاتەدا تووشی بێهیوایی دەبم؛ چونکە ئەم خۆشەویستییە بۆنی شتێکی لێوە دێ کە ناوی سوودەمەندییە. چەند ڕێکترە کاتێک گوێمان لەوە دەبێت کە یەکێ پێمان بڵێ: من شێتی تۆم هەرچەندە تۆ نە زیرەک و نە شەرەفمەند و بەڵکو درۆزن و خۆپەرست و چەپەڵی.

ڕەنگبێ هەر لەو کاتەوەی کە زار لە مەمکی دایک دایە، مرۆڤ تووشی یەکەم وەهم ببێت لەمەڕ ئەوەی کە هەڵبژێرراوە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە بەبێ هیچ فەزلێک سۆزی دایکانەی بەردەکەوێ و ئیتر هەندەی تریش بەوزەیەکی زۆرەوە کۆرپە وڕک لە هەموو شتێ دەگرێت. پێویستە پەروەردە



ئەم وەهمە پووچ کاتەوە و ئەوە بەمناڵ تێبگەیەنێ کە هەموو شتێ نرخی خۆی هەیە. بەڵام زۆر جاریش درەنگە و کار لە کار ترازاوە. بەبێ گومان ئەو کیژۆڵە دە ساڵەییەتان بینیوە لە پێناوی ئەوەی ئیرادەی خۆی بەسەر دەستەخوشکەکانیدا فەرز کات، بەبێ ئەنجەتی پتەو، بەدەنگی بەرز و بەفیزێکی زۆرەوە هاوار دەکات و دەڵێ: "چونکە من پێت دەڵێم"؛ یا ئەوەتا دەڵێ: "چونکە من ئەمەم دەوێ". وا هەست دەکات هەڵبژێرراوە. بەڵام ڕۆژێکیان دێت بڵێ "لەبەر ئەوەی من دەمەوێ" و ئیتر هەموو ئەو خەڵکەی دەوروپشتیشی بدەنە قاقای پێکەنین. دەبێ چ بکات ئەو کەسەی هەست دەکات هەڵبژێرراوە و بەڵگەی بۆ ئەم هەڵبژاردنەش بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی باوەڕ لە لای خۆ دروست کات، چ لای خەڵکی دی و نەبێتە شتێکی کەم نرخ و هیچ و پووچ؟

ئا لێرەوە، ئەم سەردەمەی کە بەداهێنەری فۆتۆگراف ناوزەد دەکرێت، قووت دەبێتەوە، بەهۆی گشت ئەو ئەکتەرە بەناوبانگانە و سەماکەران و گشت ئەو کەسانەی کە بەناوبانگن دەخرێنە سەر شاشەیەکی مەزن و لە دوورەوەش هەموو کەسێ دەتوانێ بیانبینێ و موعجیب بن پێیان و کەسیش نەتوانێ دەستیان لێ گیر بێت. ئا ئەم تێڕوانینەی کە لێوا و لێوی ئیعجابە بۆ هەموو ئەوانەی کە مەشوورن، ئیتر ئەوەی کە هەست دەکات هەڵبژێرراوە، بەئاشکرا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو سەر بەخەڵکانی تایبەتە و لە هەمان کاتیشدا، ماوەیەک لە نێوان خۆی و خەڵکانی سادە وەردەگرێت، بەتایبەت بەرامبەر بەهاوسێیان، لەگەڵ ئەوانەی کار دەکات، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەناچاری ژیان دابەش دەکات. (چ ژن بێت چ پیاو).

ئا بەم شێوەیە خەڵکانی بەناوبانگ، ئەوانیش دەبنە دامەزراوێکی ڕەسمی هەر وەکو ڕێکخراوە تەندروستییەکان و "زەمانی" کۆمەڵایەتی، یا شێتخانەکان. ئەمەش بەمەرجی وەزیفەی خۆی لە دەست نادات، دەبێ ئەو کەسانە هەمیشە دوور دەست بن. کاتێک یەکێ بیەوێ بەشێوەیەکی

ڕاستەوخۆ و شەخسی، لای یەکێکی بەناوبانگ ئەوە بدرکێنێ کە ئەویش لە هەڵبژێردراوانە، ترسی ئەوەی هەیە کە هەر وەکو عاشقەکەی کیسنجەر لاوەخرێ. ئەم دەرکردنە بەزمانی لاهووتی پێی دەوترێ کەوتنە خوارەوە. هەر بۆیە عاشقەکەی کیسنجەر بەئاشکرا لە کتێبەکەیدا باسی عەشقێکی تراژیدی دەکات، چونکە کەوتنە خوارەوەش، لە دوا پێناسەدا ئەویش تراژیدییە، هەرچەندە دەبێتە جێی گاڵتەجاڕی بۆ گوڤار و حەزیشی لێ ناکات.

تا ئەو کاتەی کە ئیماکولاتە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە عاشقی بێرکە، وەکو هەموو ژنانی دی دەژیا: چەند جارێ شووکردن و چەند جارێکیش تەلاقدران، چەند دۆستێکیش کە بوونە مایەی شکستییەکی بەردەوام و هێمن و تا ڕادەیەکیش شیرین. دوا دۆستیشی تاکو سنووری پەرستن خۆشی دەوێ؛ لەوانی دیکە زیاتر تەحەمولی دەکات، نەک لەبەر ئەوەی کە گوێڕایەڵە بەڵکو سوودمەندە: لەبەر ئەوەی کامێرامانێکە کە کاتێ لە تەلەفیزیۆن دەستی بەکار کرد، گەلێ یارمەتی دا. کەمێ لەو بەتەمەنترە، بەڵام سیمای ئەوەی پێوەیە کە هەمیشە بەقوتابی بچێت و زۆر خۆشیشی دەوێ؛ لە هەموو ئەوانی تر زیاتر؛ بەجوانتر و زیرەکتری دەزانی (بەتایبەت) لە هەمووانیش بەهەست ناسکتری دەبینێ.

ئەم هەست ناسکییە بۆ ئەو وەکو ئەو دیمەنانەیە کە لە تابلۆ ڕۆمانسییە ئەڵمانییەکاندا دەردەکەون: لەملا و ئەولا درەخت دەبینن تا خەیاڵیش بڕ بکات گێرۆگەواڵن، لە سەرەوەش، ئاسمانێکی قووڵ و شین، مەنزڵی یەزدان؛ هەر جارێک کە دێتە ناو ئەم دیمەنە، حەزێکی وا تیا دەبووژێتەوە کە لە توانایدا نییە جڵەوی بگرێ و دێتە سەرچۆک بۆی، هەر وەکو ئەوەی بۆ پەدیدەیەکی یەزدانیی کرنۆش بەرێت.



## ١٦

هۆڵەکە وردە وردە پڕ دەبوو، ئەنتۆمۆلۆژیستێکی فەرەنسی و بێگانەی زۆری لێیە، یەکێ لەوانە چیکییەک بوو خۆی لە شەست ساڵ دەدا، وەکو باس دەکرا، شەخسییەتێکی گرینگی ڕژێمی نوێیە، ڕەنگبێ وەزیر یا سەرۆکی ئەکادیمی زانستی بێت یا هەر بەلایەن کەم باسکارێکی سەر بەهەمان ئەکادیمی بێت. لە هەموو حاڵەتێکدا، تەنها لە دیدەنیگای فزوولییەتێکی ڕووتەوە، بەکەسایەتییەکی گرینگی هۆڵەکە دەژمێردرا (دوای ئەوەی کۆمەنیستان لەناو شەوی زەمەندا ئاوا بوون، ئیتر ئەو تەمسیلی چەرخێکی نوێی مێژوو دەکات)؛ بەڵام لەنێو ئەو حەشاماتەی کە خەریکی قسەکردن بوون، هەڵدەستێتە سەرپێ، زل و کەچ و لاتەریک. قەدەرێکە خەڵکێکی زۆر هەڵدەستن و دەڕۆن دەستی دەگوشن و چەند پرسیارێکی ئاراستە دەکەن، هەر دوای ئەوەی یەک دوو ڕستە گوترا، ئیتر نەدەزانرا لەبارەی چییەوە بدوێن، وەک شتێکی چاوەڕوان نەکراو، خێرا ئاخاوتنەکان کۆتاییان پێ دەهات. چونکە، لە ڕاستیدا، بابەتی هاوبەش نەبوو. فەرەنسییەکان هەر زوو بەرەو کێشەکانی خۆیان بایان دەدایەوە، ئەویش کات نا کاتێک "لای ئێمە، بەپێچوانەوەیە "ی دووبارە دەکردەوە.، بەڵام پاش ئەوەی لەوە تێگەیشت کە کەس ئاوڕ لە "لای ئێمە، بەپێچوانەوە "کەی ناداتەوە، ئیتر خۆی دوور ڕاگرت و ڕوخسارێکی خەمۆکی کە نە زۆر گرژ دیار بوو نە غەمگینیش، بەڵام ڕوونبین و تا ڕادەیەکیش بەفیز، دەرکەوت.

لە کاتێکدا ئەوانی تر هۆڵەکەیان بەغەڵبە غەڵب پڕ دەکرد، هۆڵەکەش قاوەخانەیەکی لێ بوو، ئەو دەچێتە ساڵۆنە بەتاڵەکەی کە بۆ کۆڕەکە ئامادە کراوە، چوار مێزی درێژی چوارگۆشەیی ڕیز کرابوون. لە نزیک دەرگاکەوە، مێزێکی بچووکیش کە لیستی داوەتکەرانی لەسەر دانرا بوو، لە تەنیشتیش مێزەکەش کچێک، پێی دەچوو وەکو ئەو ئیهمال کرابێت،

ڕاوەستا بوو. لە کچەکە نزیک دەبێتەوە و ناوی خۆی پێدەڵێ. ئەویش ناچاری دەکات کە ناوەکەی دووپات بکاتەوە. ناوێرێ داوای ئەوەی لێ بکات کە جارێکی تر ناوەکەی بۆ دووبارە بکاتەوە، ناچار لیستەکە هەڵدەگرێت و لە ناوێک دەگەڕێ کە بەو ناوە بکات کە زۆر نییە گوێی لێ بوو.

بەخۆشەویستییەکی باوکانەوە، زانا چێکەکە دەچەمێتەوە سەر لیستەکە و چاوی بەناوی خۆی دەکەوێت؛ بەپەنجەی شایەتمان ئاماژە بۆ ناوەکەی خۆی دەکات و دەڵێ: سێچۆرپیپسکی.

دەڵێ: "ئا مامۆستا سێچۆرپیپسکی؟

– دەبێ بەچی – کۆ – ریپسکی لەفز بکرێت.

– بەڕاستی لەفزکردنی ئاسان نییە!

– خۆ بەرێکیش نەنووسراوە "، زانا چێکەکە وەڵام دەداتەوە. ئەو قەڵەمە هەڵدەگرێت کە لەسەر مێزەکە داندرا بوو و لەسەر پیتی (س) و (ر) ژمارەی (٧) دادەنێت.

سکرتێرەکە سەیری هێماکە دەکات و سەیرێکی زاناکە دەکات و ئاهێک هەڵدەکێشێت: "زۆر ئاڵۆزە!

– بەپێچەوانەوە، گەلێ ئاسانە.

– ئاسان؟

– ئایا ژان ئو دەناسی؟ "

سکرتێرەکە بەخێرایی چاوێک بەسەر لیستی مێوانەکانا دەخشێنێ و هەر خێرا زانا چێکەکە دەست بەوە دەکات کە شتێکی بۆ ڕاڤە بکا: "هەر وەکو دەزانی چاکسازێکی گەلێ گەورەی کلێسا بوو. دەسپێشخەرێک بوو پێش لۆسەر. هەر وەکو دەشزانی پرۆفیسۆر بوو لە دانیشگای شارل، بەیەکەمین دانیشگاش دەژمێردرێت کە لە لایەن ئیمپراتۆریبەتی ڕۆمانی پیرۆزەوە دامەزرا بوو. بەڵام ئەوەی تۆ نایزانی، ژان ئو، یەکێک بوو لەو چاکسازانەی کە لە بواری ڕێنووسدا کاری دەکرد. بەسەرکەوتنێکی



تەواوەوە ڕێنووسی بۆ ئاسان کردینەوە. وای کرد کە تەنها ئەوەی دەخوێندرێتەوە بنووسرێ، بۆ نموونە بۆ ئەوەی دەنگی (چ) لەفز بکرێت، پێویستی دەکرد سێ پیت بنووسرێت: (t, c, h). ئەڵمانییەکان ناچارن چوار پیت بنووسن (t, s, c, h). ژان ئو وای کرد کە ئێمە تەنها پیتی (c)مان بەس بێت بۆ ئەوەی پیتی (چ) پێ لەفز بکەین، تەنها (٧)ێکی لەسەر دادەنێین."

زاناکە جارێکی دیش خۆی بەسەر مێزەی سکرتێرەکە دەنووشتێنێتەوە و لە پەراوێزی لیستەکە، پیتی (c) بەگەورەیی دەنووسێ و (٧)ێکیش دەخاتە سەری و پاشان سەیری کچەکە دەکات و بەدەنگێکی ڕوون و بێگەرد دەڵێ (چ!) "

سکرتێرەکەش تەماشای چاوی ئەو دەکات و پیتی "(چ) دووبارە دەکاتەوە.

– بەڵێ، خۆیەتی!

– کارێکی گەلێ عەمەلییە. بەداخەوە ڕێفۆرمەکانی لۆسەر تەنها لە وڵاتی ئێوە ناسراون.

– ڕێفۆرمەکانی ژان ئو..." زانا چیکەکە ئەمەی پێ دەڵێ وەکو ئەوەی گوێی لە هەڵەی کچە فەرەنسییەکە نەبووبێت، " ... خۆ هەندەش نەناسراو نییە. وڵاتێکی دیکەش پەیڕەوی ئەو ڕێنووسە دەکەن... خۆ ئەمە دەزانی؟

– نەخێر.

– لیتوانیا!

– لیتوانیا "، سکرتێرەکە دووبارەی دەکاتەوە، بێوچان هەوڵی ئەوە دەدات کە لە سووچێکی زاکیرەی ناوی ئەو وڵاتە بدۆزێتەوە.

"لە لیتوانیاش. ئێستا لەوە تێدەگەی ئێمەی چیک بۆچی هەندە شانازی بەو (٧)ە دەکەین کە لەسەر هەندێ پیتن. (بەزەردەخەنەیەکەوە:) ئێمە ئامادەین دەستبەرداری هەموو شتێک بین، بەڵام تا دوا تنۆک خوێن، ئامادەین پارێزگاری لەو هێمایە بکەین."

بەڕێز بۆ کچۆڵەکە دەنووشتێتەوە و بەرەو مێزە چوارگۆشەکان وەردەچەرخێ. بەرامبەر بەهەر ئەسکەمبیلێ، لەسەر کارتۆنێکی بچووک ناوێک نووسراوە. ناوی خۆی دەدۆزێتەوە، قەدەرێک سەیری دەکات، پاشان بەدوو پەنجە هەڵیدەگرێ و بەزەردەخەنەیەکی غەمبارانەوە، بەڵام لێبوردوویی پێوە دیارە، دەڕوات بەسکرتێرەکەی نیشان دەدات.

لە هەمان کاتیشدا، بۆ ئەوەی کچە سکرتێرەکە خەتێکی ڕاست و چەپ لە تەنیشت ناوەکەیدا بکێشێ ئەنتۆمۆلۆژیستێکی دیکە بەرامبەر بەمێزەکە ڕادەوەستێ. کاتێ زانا چێکەکە دەبینێ و پێی دەڵێ:

"دەقەیەک، مامۆستا چیپپیکی! "

ئەویش ئاماژەیەکی میهرەبان دەنوێنێ بۆ ئەوەی پێی بڵێ: دڵ لە دڵ مەدە خاتوون، زۆر پەلەم نییە. بەسەبرەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆ بەکەم زانینی پێوە دیار بێت، بەچاوەڕوانی لە تەنیشت مێزەکە ڕادەوەستێت (دوو ئەنتۆمۆلۆژیستێکی دیکەش ڕاوەستاون) و کاتێکیش سکرتێرەکە لە کارەکەی بووەوە، چێکەکە کارتە بچووکەکەی پێ نیشان دەدات:

"تەماشا کە، توخوا ئەمە عەنتیکە نییە؟ "

کچەکە بەبێ ئەوەی لە هیچ بگات تەماشای کارتەکە دەکات: "مامۆستا چیپپیکی، ئا لەوێ، سەروبۆرەکانی پێوەیە!

– ڕاستە، بەڵام ئەمە سەروبۆری فەرەنسییە، سیرکۆنفلێکسێکی[١] ئاساییە! ئەوەیان لە بیر چووە کە سەروژێری بکەنەوە! دە سەیر کە بزانە چۆن دایانناوە! لەسەر (E) و لەسەر (O) دایانناون! Cêchôripsky!

– خۆ ڕاست دەکەی! سکرتێرەکە هەست بەتەریق بوونەوە دەکات.

– زانا چێکەکە تا دێت غەمگینی لەسەر ڕوو دەخوێندرێتەوە و دەڵێ لە خۆم دەپرسم و دەڵێم ئەرێ بۆچی هەمیشە ئەم سەروبەرانە لە یادی دەکەن. خۆ ئەم سیرکۆنفلێکسە سەروژێرانە گەلێ شاعیرییانەن! توخوا وا نییە؟

(١) لە فەرەنسی سەرێک هەیە کە بەپێچەوانەی سەری چێکییە ئەویش وەکو ژمارەی ٨ وایە دەخرێتە سەر هەندێ پیتەوە. (وەرگێڕ).



هەر بەباڵندە دەکەن لە کاتی فڕیندا بن! هەر بەکۆتر دەکەن کە باڵەکانیان کرابنەوە! (بەدەنگێکی زۆر ناسک:) یا ئەوەتە هەر بەپەپوولە دەکەن. "

بۆ ئەوەی ڕێنووسی ناوی خۆی پێ چاک کاتەوە، جارێکی دیکەش بەسەر مێزەکەدا دەچەمێتەوە و قەڵەمەکە هەڵدەگرێتەوە. زۆر بەتەوازوعەوە، وەک ئەوەی لە کارێکی چەوت ببەخشێ، پاشان، بێ ورتە، دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.

سکرتێرەکە تەماشای دەکات، ئەویش زل و عەجایب گێڕوگەواڵ، لە پڕێکدا، کچە، وەک دایکێکی میهرەبان هەستی تیا دەبزوێ. خەیاڵی ئەوە دەکات ئەو سەروبۆرە قلێپ بووانە، وەکو پەپوولە، بەدەوری ئەم زانایە فڕەفڕیانە و لە کۆتاییش لەسەر قژە سپییە درێژەکەی دادەنیشێت.

کاتێ دەگاتە ئاستی ئەسکەمبیلەکەی، زاناکە ئاوڕ لە سکرتێرەکە دەداتەوە و چاوی بەزەردەخەنە ناسکەکەی دەکەوێت. ئەویش بەزەردەخەنەیەکی دی وەڵامی دەداتەوە و پێش ئەوەی لەسەر ئەسکەمبیلەکەی دانیشێ دوو سێ زەردەخەنەی دیکەی بۆ دەکات. زەردەخەنەی خەمۆکین، بەڵام بەشانازییەوە دەیکات. شانازییەکی خەمۆکاوین: ئا بەم جۆرە دەکرێ پێناسەی ئەم زانا چیکییە بکرێت.

## ١٧

هەموو کەسێ لەوە تێدەگا بەبینینی ئەو سەروبۆرە سەروژێر بووانە لەسەر ناوەکەی دەبێتە مایەی غەمگینی بۆی. بەڵام ئەو شانازیکردنەی لە کوێیەوە دەهێنا ؟

ئەمەش دراوە هەر بنەڕەتییەکانی بیۆگرافیای ئەو زانایەیە: هەر ساڵێک دوای ئەوەی ڕووسەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا وڵاتەکەی غەزوو دەکەن، لە پەیمانگای ئەنتۆمۆلۆژیک دەری دەکەن و ئیتر تاکو ساڵی ١٩٨٩، واتە نزیکەی بیست ساڵ، کاری بیناسازی دەکات.

بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام، هەزاران کەس، چ لە ئەمەریکا، چ لە فەرەنسا، چ لە ئیسپانیا، لە زۆر شوێنی تر لە کار دەرناکرێن؟ ڕاستە ئازار دەکێشن، بەڵام قەد نابێتە جێی شانازی. باشە بۆچی ئەم زانا چیکە شانازی دەکرد کە لە کار دەرکراوە و ئەوانی دی نا ؟

چونکە هۆی لە کار دەرکردنی، ئابووری نەبوو، بەڵکو کارێکی سیاسی بوو.

باشە. دەبێ لەم حاڵەتە لەوە تێبگەین و شەرحی ئەوە بکەین، بۆچی کاتێ یەکێ لەبەر هۆی ئابووری لە کارەکەی دەردەکرێت، نابێتە جێی شوورەیی و هەندەش خەتەر نییە. کاتێ یەکێ لە کار دەردەکرێت لەبەر ئەوەی وەستاکەی بەدڵیی نەبووە و کابرای دەرکراو هەست بەشەرم دەکات، لە حاڵەتێکدا ئەو کەسەی لەبەر مەسەلەی سیاسی کارەکەی لە دەست دەدات، هەقی ئەوەی هەیە بەخۆیا بنازێ؟ باشە بۆچی؟

چونکە، کاتێ یەکێک لەبەر هۆی ئابووری لە کارەکەی دەردەکرێت، لە هەڵسوکەوتی ڕۆڵێکی پاسیف دەبینێ، هیچ ئازایەتییەک نییە بۆ ئەوەی ببێتە جێی شانازی.

ئەمە پێی دەچێ شتێکی زۆر ئاشکرا بێت، بەڵام وا نییە. چونکە ئەو



زانا چیکەش، بەهیچ تەرحێ ئازایەتی پیشان نەدا کاتێ لەشکری ڕوسیا ڕژێمێکی تا بلێیی ڕەزاگرانیان دانا و دوای ساڵێکیش ئەو لە کار دەرکرا. بەڕێوەبەری بەشێک لەو پەیمانگایە بوو کە خۆیان تەنها بەمێشەوە خەریک دەکرد. ڕۆژێکیان، بەبێ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە، دە دوانزە کەسی موعارەزە خۆیان دەکوتنە مەکتەبەکەیەوە، داوای ئەوەیان لێ دەکەن کە هۆڵێکیان بۆ چۆڵ بکات بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی نیمچە نهێنی تیا ببەستن. ئەوانیش لەسەر دەستووری ژوودۆی ئەخلاقی هەڵسوکەوتیان دەکرد: بەکتوپڕی هاتنە ژوورەوە و هەر خۆشیان چنگێ جەماوەریان گرد کردەوە. ئەم ڕوو بەڕووبوونەوەیە، زاناکە دەخاتە وەزعێکی زۆر ناقۆڵاوە. ئەگەر بڵێ "باشە " ئەوە هەر خێرا سەرئێشەیەکی زۆری بۆ پەیدا دەکات: بەڵکو لە کارەکەشی دەری دەکەن و دەرگای دانیشگاش لە ڕووی سێ مناڵەکەی دادەخرێت. بەڵام ئەگەر بڵێ "نەخێر "، ئەوە دەبێتە جێی قێز لێبوونەوەی ئەو چنگە جەماوەرە کە پێشتریش هەر بەترسنۆکیان لە قەڵەم دەدا. لە کۆتاییدا بەوە ڕازی دەبێت قین لە خۆبوونەوە هەڵبژێرێت، قین لە شەرمنییەکەی، قین لە لاوازییەکەی، چونکە ڕێگای دان بێنەوە ژوورەوە. کەواتە ئەگەر بێت و لەسەر هەق بین، ئەوە دەبێ بڵێین لەبەر ترسنۆکییەکەی بوو کە لە ئیشەکەی دەرکرا و مناڵەکانیشیان لە قوتابخانە دەرکرد.

بەڵێ وا بوو، توخوا ئەی لە پای چی ئەم هەست بەشانازیی کردنە ؟

تا دەهاتیش ئەو ڕقە سەرەتاییەی کە بەرامبەر بەموعارەزە هەیبوو لە یادی دەکرد و خۆی بەوە ڕادەهێنا کە لە "ڕازی بوونەکەی " هەڵوێستێکی ئازاد و لە ڕێگای ویستی خۆیەوە ئەنجامدرا و بەرامبەر بەدەسەڵاتێک کە جێی قێزهاتنەوەی خەڵکی بوو؛ ئەمەی بەتەعبیرێکی شەخسی لە قەڵەم دەدا. ئا بەم شێوەیە خۆی لەنێو ئەو کەسانە دەدۆزییەوە کە چوونە سەر تەختە گەورەکەی شانۆی مێژوو و ئا لێرەوە گشت ئەو شانازی بەخۆکردنە، سەرچاوەی وەردەگرێت.

بەڵام ئایا ئەوەش ڕاست نییە هەمیشە چەندین کەس خۆیان تێکەڵی

چەندین ململانێی سیاسی کرد، دەبێ ئەوانیش هەست بەشانازی بکەن چونکە چوونەتە سەر تەختە گەورەکەی شانۆی مێژوو؟

دەبێ وردتر باسی تێزەکەی خۆم بکەم: ئەو شانازی کردنەی ئەو زانا چیکە لەبەر ئەوەیە کە لە کاتێکی زۆر تایبەت چووە سەر شانۆ، ئا لەو کاتەی کە پرۆژەکتەرەکان شانۆیان ڕۆشن دەکردەوە. بەتەختە شانۆی ڕۆشنی مێژووش دەوترێت **ڕووداوە مێژوویییەکانی گەردوون**. پراگی ساڵی ١٩٦٨ چەندین پرۆژەکتەری لەسەر بوو و چەندەها کامیرەشی بەرانبەری وەستا بوون؛ بۆیە بە**ڕووداوە مێژوویییەکانی گەردوون** دەژمێردرێت و ئێستاش ئەو زانا چیکە شانازی پێوە بکات.

باشە ئەی بۆچی، مامەڵەیەکی بازرگانی مەزن، یا چاوپێکەوتنە گرینگانەی کە لە ئاستی جیهانیی ڕوو دەدەن، خۆ ئەوانیش بەڕووداوی گرینگ دەژمێردرێن و ئەوانیش ڕۆشنایی و کامیرایان لەسەرە و تەعلیقی زۆریشی لێ خەرج دەکەن، باشە بۆچی، هەست بەشانازی کردن لەناو دڵی ئەکتەرەکانی نابزوێنێ؟

دوا تێبینی وردی خۆم تۆمار دەکەم: ئەم زانا چیکە ڕەحمەتێکی هاکەزایی **ڕووداوە مێژوویییە گەردوونییەکانی** بەرنەکەوتبوو، ئەوەی ئەو، ڕووداوێکی **بڵند** بوو. ئەو کات ڕووداوێک بەبڵند دەناسرێتەوە، کاتێ ئینسان لە هەرە پێشەوەی تەختەی شانۆیە و ئازار دەکێشێ لە کاتێکدا لە پشتەوەش گوێمان لە تەقەوتۆقی گوللەڕێژ دەبێ و لە سەرەوەش فریشتەی مەرگ فڕەفڕ بکات.

کەواتە ئا ئەمەیە دوا سیغە: ئەو زانا چیکە، شانازی بەوەوە دەکات کە ڕەحمەتی **ڕووداوە مێژوویییە گەردوونییە بڵندەکانی** بەرکەوتبوو. دەشزانی هەر ئەو ڕەحمەتەیە کە لە هەموو ئەو نەرویجی و دانیمارکی و فەرەنسی و ئینگلیزانەی کە لە هۆڵەکە کۆبوون، جودا دەکاتەوە.



## ١٨

لە پشت مێزی سەرۆکایەتییەوە، شوێنێک هەیە بەنۆرە ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن دێن و دادەنیشن؛ ئەو گوێ لە کەسیان ناگرێت. چاوەڕێی نۆرەی خۆی دەکات و جار ناجارێکیش دەستی بۆ باغەڵی دەبا و دەست لەو پێنج لاپەڕەیە دەدات کە دەربارەی ئەو داهێنانە بچووکەیە و دەشیزانی ناوبانگییەکی زۆری نییە: لەبەر ئەوەی ئەمە نزیکەی بیست ساڵە لەو بوارە ئیش ناکات، تەنها کورتکردنەوەی ئەو داهێنانەی تیا ڕوون کردبۆوە هی ئەو کاتەی کە باسکارێکی لاو بوو، ئەویش باسی ئەوەی تیا کرابوو کە جۆرە مێشێکی دۆزیبۆوە کە بەموسکا پراژێنیسیس ناوزەدی کردبوو.

پاشان، کاتێ کە گوێی لەو چەند بڕگەیەی ناوی خۆی دەبێ کە سەرۆکی کۆڕەکە لەفزی دەکات، هەڵدەستێ و بەرەو ئەو شوێنە دەچێ کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرا بوو.

هەڵسانەکەی بیست چرکەیەک دەخایەنێ، لەو ماوەیەدا شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا: هەڵچوون هوروژمی بۆ دەهێنێ: خوای گەورە، دوای چەندین ساڵ، ئەوا جارێکی دیش خۆی لەنێو کەسانێک دەبینێتەوە کە نرخی دەزانن و ئەویش نرخی ئەوان دەزانێ؛ وا لەنێو ئەو زانایانەیە کە هەست بەنزیکی دەکات لەگەڵیان و قەدەر لە پڕێکدا لەو نێوەندە ڕەگهەڵکێشی کرد؛ کاتێک بەرامبەر بەئەسکەمبیلە بەتاڵەکە ڕادەوەستێ کە بۆی تەرخان کرابوو، دانانیشێ؛ بۆ یەکەمین جار دەیەوێ گوێڕایەڵی هەستەکانی خۆی بێت، عەفەویانە هەرچییەکی لە دڵ دایە بەو برا نەناسراوانەی بڵێ.

"خوشک و برا ئازیزەکان، داوای لێبوردنی ئەوەتان لێدەکەم کە باسی ئەو ئینفیعالاتانە دەکەم کە لە پڕێکدا داگیریان کردم. دوای بزر بوونێکی نزیکەی بیست ساڵ، وا جارێکی دی دەمم ئاراستەی کەسانێک دەکەم کە

وەکو من سەبارەت بەهەمان کێشە بیر دەکەنەوە و هەمان عیشقیش داگیری کردوون. لە وڵاتێکەوە هاتووم کە تەنها لەبەر ئەوەی ئینسانێک بەبەرزی باسی ئەو شتانەی دەکرد کە هەستی پێ دەکرد، دەبێ لە مانای ژیان دوورخرێتەوە، مانای ژیانیش بۆ مرۆڤێکی زانا لە زانستەکەی زیاتر دەبێ چی بێ. هەر وەکو خۆشتان دەزانن، هەزاران کەس، هەر هەموو ئینتیلیجێنتسیای وڵاتەکەم دوای ڕووداوە جەرگبڕەکانی ١٩٦٨ لە ئیشوکاریان دوور خراونەوە. هەر شەش حەوت مانگ لەمەوە پێش، هێشتا کرێکاریم لە بیناسازی دەکرد، ئەمە بێگومان هەرگیز جێی شوورەیی نییە، فێری گەلێ شت دەبین و دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی سادە و خۆشەویست پەیدا دەکەین، پاشان لەوەش تێدەگەین کە ئێمە، کە ئەوانەی لە بواری زانستدا ئیش دەکەن خاوەن ئیمتیازن، چونکە ئیشکردن لە بوارێکدا کە لە هەمان کاتیشدا حەز و ئارەزووە، دەبێتە ئیمتیازێکی گەورە. بەڵێ هاوڕێیان، ئەو ئیمتیازەیە کە قەد کرێکارێکی بیناسازی هەستی پێ ناکات، چونکە مەحاڵە بەحەز و خۆشەویستییەوە کۆڵەگەیەک هەڵگرین. ئەو ئیمتیازەی کە بۆ ماوەی بیست ساڵ لێی بێ بەش بووم، وا جارێکی دی دەسگیرم دەبێتەوە؛ هەر وەکو مەست بوون وایە بۆم، هاوڕێیانی ئازیز، ئا ئەمە، ئەوەتان بۆ لێکدەداتەوە کە بۆچی هەست دەکەم لەناو ئاهەنگێک دام، هەرچەند ئەم ئاهەنگە کەمێک غەمگینیشم دەکات. "

لە کۆتایی ئەم وشانە، چاوانی پڕ فرمێسک دەبن. ئەمە کەمێ سەغڵەتی دەکات، وێنەی باوکە پیرەمێردەکەی دێتەوە یاد، لە هەموو موناسەبەیەکدا، هەمیشە دەستی بەگریان دەکرد. پاشان بەخۆی دەڵێ، بۆ تێروپڕ نەگرییێم: ئەم مێوانانە دەبێ هەست بەشەرەف بکەن کە یەکێ ئا بەم شێوەیە گریان تاساندوێتی، دەبێ بەدیارییەکی بچووکی شاری پراگیشی لێکبدەنەوە.

بەهەڵەیا نەچوو بوو. ژنە هاوکارەکەش، ئەویش چاوی پڕ فرمێسک بوو. هەر هێشتا بەتەواوی کۆتایی بەدوا وشە نەهێنا بوو، بێرک هەڵدەستێ و دەست بەچەپڵە دەکات. کامێراش خێرا لە سەرێتی، زوومی ڕوخساری



دەکات، وێنەی ئەو دەستانە دەگرێ کە خەریکی چەپڵەلێدانن و دەچێتە سەر زانا چیکەکەش. هەموو مێوانەکان هەڵدەستن، هەندێکیان خێرا و هەندێکیشیان لەسەرخۆ، هەندێکیان زەردەخەنە لەسەر لێو و هەندێکیشیان کەمێ ڕوو گرژ؛ هەموو شەقەی چەپڵەیانە و ئەمەشیان بەدڵە، تا ڕادەیەک نازانن کەی کۆتایی بەو چەپڵەلێدانە بهێنن. زانا چیکەکەش، زل، گەلێ زل، زل و گەلێ گێڕوگەواڵی لێ دەردەکەوێ، هەندەش جۆشوخرۆش هوروژمی بۆ دەهێنێ، تا ڕادەیەک ئیتر فرمێسک بەوردی نایەنە خوارێ، بەڵکو بەئاشکرا، بەدەوری دەم و لووتیا دەچۆڕێنەوە و بەرەو چەناگەی زەنگوڵە دەبەستن؛ بەرامبەر بەو هەموو مێوانانەی کە تا ئیمکانیان هەبوو بەقایمی خەریکی چەپڵەلێدانن، ڕاوەستاوە.

لە کۆتاییدا، ئەم شەرەفمەندییە هێور دەبێتەوە و خەڵکی دادەنیشنەوە؛ زانا چێکەکە، دەمی تەتەڵە دەکات و دەڵێ: "هاوڕێیان سوپاستان دەکەم، لە دڵەوە  سوپاستان دەکەم. " بەڕێز دەنووشتێتەوە و دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی. هەستیش بەوە دەکات کە ساتێکی گەلێ گرینگ لە ژیانی بەسەر دەبا، ساتێکە بۆ شکۆمەندیی، بەڵێ شکۆمەندیی، بۆ نابێت ئەم وشەیە بوترێت، هەست دەکات قۆز و گەورەیە، هەست دەکات بەناوبانگە و ئارەزووی ئەوەش دەکات ئەو زەمەنە درێژ بێتەوە تا دەگاتەوە شوێنەکەی خۆی، بەڵکو هەرگیز کۆتاییشی نەیەت.

## ١٩

لەو کاتەی کە لە ئەسکەمبیلەکەی نزیک بووبووەوە، بێدەنگیی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو. ڕەنگبێ ڕاستتر بوترێت بێدەنگییەکان. زاناکە تەنها هەر یەکێکیانی دەناسییەوە، ئەویش بێدەنگییەکی کاریگەر بوو. هەستی بەوە نەدەکرد کە تا دەهات، چۆن نەغمەیەکی شاراوە بەناو قەدی سوناتەیکەوە تێدەپەڕێ بۆ ئەوەی بەرەو تۆنێکی دیکەی بەرێ، ئا بەم شێوەیە بێدەنگییەکی سەغڵەتکەر شوێنی بەبێدەنگییە کاریگەر چۆڵ دەکرد. هەموو دانیشتوانیش لەوە تێدەگەیشتن کە ئەم مامۆستایە، ئەوەی کە ناوەکەی بەزەحمەت لەفز دەکرێت، بەرامبەر بەخۆی هەندە تووشی ئینفیعال هات و ئیتر ئەوەی لە بیرچووەوە کە موداخەلەکەی کە لەمەڕ کەشفی مێشی نوێیەوە، بۆ ئامادەبووان بخوێنێتەوە. هەمووانیش ئەوەیان دەزانی کە جوان نییە بخرێتەوە یادی. دوای دوودڵییەکی زۆر، سەرۆکی کۆڕ کۆکەیەک دەکات و دەڵێ: "سوپاسی مامۆستا چێکۆچیپی دەکەم... (کەمێک بێدەنگ دەبێت بۆ ئەوەی بکەوێتەوە یادی مێوانەکە)... تکام وایە ئەوەی دوای ئەو سەرکەوێ. " ئا لەم کاتە بوو، بێدەنگییەکە بۆ ماوەیەکی کورت وەستا و لە قووڵایی هۆڵەکە بوو بەقاقای پێکەنین.

نغرۆی بیرکردنەوەکانی خۆیەتی، زاناکە نە گوێی لە پێکەنینە نە گوێی لەوی دیکەیە کە دەچێتە سەر مەنەسەکە. یەک لە دوای ئەوی تر، هەر باسکار و بابەتی خۆی دەخوێنێتەوە، تا نۆرە دەگاتە سەر باسکارێکی بەلجیکی، ئینجا دەیهێنێتەوە ئاگا، ئەویش وەکو ئەو، لێکۆڵینەوەکەی لەمەڕ مێشەوە بوو: ئەی خوای گەورە، بابەتەکەی لە بیر چوو بیخوێنێتەوە! دەست بۆ بەرگی درێژ دەکات، هەر پێنج لاپەڕەکەی تێدایە، کەواتە خەو نابینێ.

ئای لە چ وەزعێک دایە. هەست بەتەریقبوونەوە دەکات. ئایا دەکرێ خۆی لەم زرووفە قوتار کات؟ نەخێر، هەست دەکات کە تازە کار لە کار



ترازاوە.

دوای چەند چرکەیەک، فیکرەیەکی عەنتیکە کەمێ هێوری دەکاتەوە: ڕاستە، بووە جێی گاڵتەجاڕیی؛ بەڵام هیچ شتێک نێگەتیف نەکەوتۆتەوە و شوورەیی نییە؛ ئەم زرووفە قۆڕە هەندەی تر مێلانکۆلییەوە بنچینەییەکەی کە بەشێک بوو لە ژیانی، ئەستوورتر دەکات و قەدەری هەندەی تر غەمگین دەکات و بەڵام هەمیشە زل و جوانیشە.

نەخێر، ئەم شانازی بەخۆکردنە قەد بەرۆکی خەمۆکی ئەم زانا چیکییە بەرنادات.

## ٢٠

هەموو کوڕێک فیراری خۆی هەیە، ئەوان لە شوێنی دی، هاوشان، کۆ دەبنەوە و دەخۆنەوە. ڤانسان قەڵسە لەوەی کە گوێ بۆ ئەم باسکارانە ڕاگرێت کە لەمەڕ باڵندەوە لێکۆڵینەوە چێ دەکەن و هەندەش بەلێهاتوویییە سەمەرەکەی زانا چێکەکەش پێنەکەنی، بۆیە لە دەرەوەی هۆڵەکە، لەگەڵ فیراری دیکە، لە دەوری مێزێکی درێژ لە تەنیشت کاونتارەکە کۆبوونەتەوە.

دوای بێدەنگییەکی درێژ، لەگەڵ خەڵکی نەناسراو کەوتە قسە: "کچە هاوڕێیەکم هەیە داوام لێدەکات توندڕەو بم. "

کاتێک کە پونتڤان ئەمە دەڵێ پشوویەکی کورت دەدات، هەموو گوێگران بێدەنگ، گوێ قوڵاغن. ڤانسان هەوڵ دەدات ئەویش پشوویەک بدات، لە ڕاستیشدا، گوێی لە پێکەنینێک دەبێت، قاقایەک؛ ئەمە هانی دەدا و چاوانی دەگەشێنەوە و بەدەست ئیشارەتی ئەوە دەکات کە گوێگران هێمن کاتەوە، بەڵام لەم کاتەدا، تێبینی ئەوە دەکات کە هەموو ئەوانەی کە لە دەور مێزەکە دانیشتبوون سەیری لایەکی دیکە دەکەن کە دوو باسکار بەرامبەر یەک دانیشتوون و یەک بۆ ئەوەی دیکە ناوی باڵندە هەڵ دەدات.

دوای یەک دوو دەقە، توانی جارێکی دیکەش سەرنجی دانیشتوان بقۆزێتەوە: "لەو شوێنە بووم کە دەموت کچە هاوڕێیەکم هەیە داوام لێدەکات توندڕەو بم، " ئەمجارە هەموو گوێی لێ دەگرن و ڤانسانیش هەمان هەڵە دووبارە ناکاتەوە، مەبەست ئەوەیە خۆی ناخافڵێنێ؛ تا دێتیش بەپەلە قسە دەکات وەکو ئەوەی بیەوێ خۆی لە دەست یەکێ قوتار کات کە هەندە نابات ڕایدەگرێت: "بەڵام ناتوانم، لە وزەمدا نییە. من کابرایەکی ناسکم " هەر وەکو وەڵامی خۆی بداتەوە و دەداتە قاقای پێکەنین. کاتێ هەست بەوە دەکات بۆ پێکەنینەکەی زایەڵەیەک نییە، هەر



خێرا دەیەوێ جارێکی دی و خێراتر دەست بەقسە بکاتەوە: "زۆر جار وا ڕێک دەکەوێ کچۆڵەیەک دێتە ماڵەکەم بۆ ئەوەی شتم بۆ تایپ کات، من دەیلێم و ئەویش تایپ دەکات...

– بەکۆمپیوتەر شت دەنووسێ؟ "کابرایەک پێ دەچوو مەوزووعەکەی لەلا سوودبەخش بێت، ئەم پرسیارەی لێ دەکات.

ڤانسان وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ.

– چ مارکێکە؟ "

ڤانسان ناوی مارکێک دەبات. کابراکە ئەویش لەمەڕ کۆمپیوتەرەکەیەوە چیرۆکی تر شک دەبات و دەست بەگێڕانەوەی دەکات و دەڵێ شتی قۆڕ و ناقۆڵاش دەکات. هەموو دەدەنە قاقای پێکەنین و بەپشتا دەچەمێنەوە.

ڤانسان بەداخەوە، فیکرەیەکی کۆنی خۆی دێتەوە بیرا: بەختی خەڵک کەم تا زۆر، شیکل دیاری دەکات: جوانی و ناشرینی ڕوخسار، قەد و باڵا، قژ و حزوور لەناو خەڵکا. هەڵەیە. تەنها دەنگەکە شتەکان تەحدید دەکات. دەنگی ڤانسان لاوازە و زۆر زیقنە؛ کاتێ دەیەوێ قسە بکات، کەس هەستی پێ ناکات، بەشێوەیەک ناچار دەبێت هێز و وزە بداتە خۆی بەشێوەیەکی وا کە هەموو وا دەزانن کە دەقیژێنێ. بەپێچەوانەوە، پۆتڤان، ئەو زۆر بەهێمنی قسە دەکات، دەنگی نزم و دەنگیش دەداتەوە، دڵگیر، پتەوە و بەتوانا، بەجۆرێ تەنها گوێ بۆ ئەو شل دەکرێت.

ئای بەنەعلەت بیت پۆتڤان. پەیمانی ئەوەی دامێ کە لەگەڵ گرووپەکەدا بچنە کۆڕ بەڵام خۆی کشاندەوە و وەفاداری سروشتی خۆیەتی کە هەمیشە پیاوی قسەیە نەک کردار. لە لایەک، ڤانسان هەستی بەشکستی دەکرد، لە لایەکی تریشەوە، هەندەی تر هەستی بەوە دەکرد کە ناچارە و نابێت فرمانی مامۆستاکەی بەجێ نەهێنێ کە ڕۆژی پێشوو پێی وتبوو: "پێویستە تۆ نوێنەرایەتیمان بکەیت. دەسەڵاتی تەواوت دەدەمێ کە بەناوی ئێمەوە قسە بکەیت، لە پێناوی مەسەلەکەمان. " بێگومان، فرمانێکی فانتۆش

بوو، بەڵام هەموو گرووپی چاخانەکەی گاسکۆن قەناعەتیان بەوە هێنابوو کە ئەم جیهانە تووڕەهاتەی ئێمە تەنها شایەن بەوەیە کە فرمانی فانتۆشی تیا ئەنجام بدرێت. لە زاکیرەیدا، لە تەنیشت کەللەی پۆتڤانی وردبین، ڤانسان چاوی بەقەپۆزە زلەکەی ماچوو دەکەوێت کە بەزەردەخەنەوە سەر دەلەقێنێتەوە. ئەو پەیامە و ئەو زەردەخەنەیە پاڵپشتیی دەکەن. بڕیاری ئەوە دەدات شتێ بکات؛ سەیری دەوروبەری خۆی دەکات لەناو گرووپەکەی لە دەوری بارەکە کۆبووبوونەوە. کچێکی جوان دەبینی و حەزی تێی دەچێ.



## ٢١

ئەم ئەنتۆمۆلۆژیستانە بەگامێشی سەیر دەکەن: کیژەکەیان لە گۆڕێ بەجێهێشت، هەرچەندە ئەو پڕ بەدڵ گوێی بۆ ڕادەگرتن و گەر پێویستیش بوایە ئەوە لەگەڵیانا پێدەکەنی و ئەگەر ڕوو گرژیش بوونایە، ئەوە دیسانەوە ڕوخساری خۆی لەگەڵ هی ئەوانا دەگونجاند. پێی دەچێ کەسێ لێرە نەناسێ و ئەو جوولە خێرایانەی کە دەیکرد ڕۆحێکی تاساوی دەشاردەوە. ڤانسان هەڵدەستێ و بەرەو ئەو گرووپە دەچێت کە ئەو کچەی تێدایە و ڕووی دەمی دەکاتە ئەو.

هەندە نابات لەوانی دیکەی جیای دەکاتەوە و دەکەونە ئاخاوتنێکی بێ سەروبن؛ ئاخاوتنێکە کە هەر لە سەرەتاوە بەوە دەچوو کە ئاسان بێت و کۆتاییشی نەیەت. کچە ناوی (ژولی)یە، تایپچنە، کارێکی بچووکی بۆ سەرۆکی ئەنتۆمۆلۆژیستان کرد و لەم دوای نیوەڕۆوەوەش ئیتر بێکارە، ویستی ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆشکەکە لەگەڵ ئەوانەی، لە لایەک سامناکی پێ دەبەخشن و لە لایەکی دیشەوە و فزوولییەت، ئێوارەکی خۆش بەسەر بەرێت. چونکە تا دوێنێ هیچ شتێکی لەبارەی ئەنتۆمۆلۆژیستییەوە نەدەزانی. ڤانسان هەست بەخۆشی دەکات لەگەڵی! پێویستی بەوە نییە تۆنی قسە کردنی بەرز کاتەوە، بەپێچەوانەوە، بەنزمی دەدوێ بۆ ئەوەی ئەوانی دی گوێیان لێی نەبێت. پاشان بەرەو مێزێک ڕایدەپێچێ و بۆ ئەوەی یەک لە تەنیشت ئەوی ترەوە دانیشن و دەستی لەسەر دەستیشی دانێ.

ڤانسان پێی دەڵێ: "دەزانی، هەموو شتێ پەیوەندی بەتوانای دەنگەوە هەیە. ئەمە گەلێ لەوە گرینگترە کە سیمایەکی جوانت هەبێت.

– دەنگێکی خۆشت هەیە.

– توخوا؟

– بەڵێ.

– بەڵام نزمە.

– ئەمە گەلێ دڵخۆشکەرە. من دەنگێکی ناخۆشم هەیە، وەکو کۆنە کەرەنایەکیش زیقنە، توخوا وا نییە؟

ڤانسان لە وەڵامدا دەڵێ: نا، لە دەنگتدا جۆرە نەرم و نیانییەک هەیە، ئیغرابەخشە و بێشەرمیشە.

– بەراستە؟

بەناسکییەوە ڤانسان پێی دەڵێ:

– دەنگت هەر بەخۆت دەچێت! تۆش بێشەرم و ئیغرابەخشی! "

ژولی حەز دەکات گوێی لە قسەکانی ڤانسان بێت: "بەلێ، وا هەست دەکەم.

ڤانسان پێی دەڵێ:

– ئەم خەڵکە حۆلن.

ئەویش بەتەباییەکەوە لەگەڵی دەڵێ: "زۆر راستە.

– دەبینی چۆن قسە دەکەن؟ ئەم برجوازیانە!. ئەرێ بێرکت بینی؟ چ گەلحۆیەکە!" ژولی زۆر تەبایە لەگەڵ قسەکانی ڤانسان. ئەم خەڵکە بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵی دەکرد، هەر وەکو ئەوەی نەیانبینیبێ، بۆیە هەر چییەکی لەسەر ئەوان گوێ لێدەبوو، پێی خۆش بوو؛ هەست دەکات تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. تا دێتیش هەست دەکات ڤانسان کورێکی دڵنەوایە و قۆزیشە، دڵخۆش و سادەیە، قەت و هەرگیز بەو زمانلووسە برجوازییانە ناکات.

ڤانسان دەڵێ:

"حەز دەکەم ئاژاوەیەکی موحتەرەم لێرە بنێمەوە..."

رێککەوتێکی چاکە: ئەمە وەکو هێنانەدی پەیمانی یاخیبوونێکە. ژولی بزە دەیگرێ، دەیەوێ چەپڵەی بۆ لێ دات. ڤانسان پێی دەڵێ: "دەرۆم ویسکییەکت بۆ دەهێنم! " بەرەو بارەکە دەچێت، لەوبەری سالۆنەکەیە.



## ٢٢

ئا لەم ماوەیەدا، سەرۆکی کۆڕ کۆتایی بەسیمینارەکە دەهێنێ و بەشداربوانیش لەناو هەراوزەنادا هۆڵەکە جێدەهێڵن و هەر زوو سالۆنەکە پڕ لە خەڵک دەبێت. برێک رووی دەمی دەکاتە زانا چیکەکە و پێی دەڵێ: "پڕ قورگم گریان بوو کاتێ کە..." بەئەنقەست کەمێ راڕایی خۆی پیشان دەدات، چونکە دەیەوێ ئەوەی بۆ ساغ کاتەوە، بۆ ئەوەی وەسفی ئاخاوتنەکەی زانا چیکەکەی پێ بکات، تا چ رادەیەک دۆزینەوەیەی سیغەیەک گونجاو زەحمەتە "... بەهۆی... شەهادەتی جەنابتانەوە. عادەتەن ئینسان مەیلی ئەوەی هەیە زوو شت فەرامۆش کات. دەمەوێ ئەوەتان پێ راگەیەنم، بەرامبەر بەگشت ئەو رووداوانەی کە لە وڵاتی ئێوە رووی دەدەن، ئیحساسێکی زۆرم بەرامبەر بەگشت ئەو رووداوانەی لە وڵاتی ئێوە رووی دەدەن هەیە. بەراستی ئێوە جێی شانازین بۆ ئەم ئەورووپایەی کە هیچ شتێک وای لێناکات شانازی بەخۆیەوە بکات. "

زانا چیکەکە ئاماژەیەکی مولتەبیس دەکات بۆ ئەوەی نارەزایی خۆی دەربڕێ و تەوازوعی خۆی پیشان دات.

بێرک بەردەوامیی بەقسەکانی دەدا: "نەخێر، نارەزایی لە چی، دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم. بەتایبەت بۆ ئێوە، مەبەست لە رۆشنفکرانی وڵاتی ئێوەیە، بەرگرییەکی تەواوتان دژ بەزوڵم و داپلۆسینی کۆمۆنیستان کرد، ئازەیەتییەکتان نواند کە ئێمە نیمانە، ئێوە توێنێتی ئازادیتان پێ نیشان داین، بەڵکو دەڵێم ئێوە جوامێریتان نیشان داین، ئیتر ئێوە نموونەن بۆ ئێمە. لە لایەکی تریشەوە "، بێرک دەیەوێ تۆنێکی وا بداتە قسەکانی کە زیاتر ئاشنایەتی پێوە دیار بێت: "بۆدابیست شارێکی زۆر دڵگیرە، شارێکی زیندوو و تکایە بواری ئەوەشم بدەرێ کە سەرنجتان بۆ ئەوەش رابکێشم کە شارێکی تا بڵێی ئەورووپاییە.

– ئا مەبەستت پراگە؟ "بەشەرمییەکەوە زانا چیکەکە ئەمە دەڵێ.

ئا جوگرافیای بەنەعلەت بوو! بێرک لەوە تێگەیشت کە هەڵەیەکی چکۆلانەی کرد و خێرا بەرامبەر بەزاناکە کە شارەزایی ئەتەکێت نییە، هەڵچوونەکەی جڵەو کرد و وتی: "بێگومان، مەبەستم پراگە، مەبەستیشم کراکۆڤی و سۆفیا و سان پێترسبورگ و هەروەها بیر لە هەموو ئەو شارانەی ڕۆژهەڵات دەکەمەوە کە تازە لە ژێر زەبری ئۆردوگا زۆرەملێیەکان قوتاریان بووە.

– باسی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان مەکە. زۆر جار لە کار دوور دەخراینەوە، چونکە ئێمە لە ئۆردوگای زۆرەملێ نەبووین.

– هاوڕێی ئازیزم، هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات بووبووە ئۆردوگا! جا چ ئۆردوگای حەقیقییە، چ مەبەست لە ئۆردوگای ڕەمزییە، ئەمەیان زۆر گرینگ نییە!

– هەروەها هەمووشی مەدە پاڵ ڕۆژهەڵاتەوە، زانا چیکەکە بەردەوام ڕەتی دەداتەوە: پراگ هەروەکو پاریس کەوتۆتە ڕۆژئاواوە. دانیشگای شارل کە لە سەدەی چواردە دامەزرا، یەکەمین دانیشگای ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمای پیرۆز بووە و هەر لەوێش وەکو دەزانن، ژان ئو، بەدەسپێشخەری پێش لۆسەر دەژمێردرێت و هەروەها بەچاکسازێکی مەزنی کڵێسا و ڕێنووس لە قەڵەم دەدرێت. "

دەبێ چ زەردەواڵەیەک بەزاناکەی دابێتەوە؟ بەردەوام هەڵەی ئەویتر چاک دەکاتەوە، ئەویش وەکو کێچ کەوتبێتە کەوڵی، سەرەڕای ئەوەی گەرموگوڕییەکی دەنگی نەشاردەوە: "هاوڕێی ئازیزم، شەرم مەکەن کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتن. فەرەنسا هەست بەدۆستایەتییەکی زۆر بەرامبەر بەوڵاتانی ڕۆژهەڵات دەکات. بیر لە هیجرەتی سەدەی نۆزدە بکەرەوە!

– ئێمە لە سەدەی نۆزدەهەم، هیجرەتمان نەبووە.

– ئەی میکیویکز؟ بەڕاستی شانازی بەوەوە دەکەم، فەرەنسا بوو



بەوڵاتی دووەمی!

– بەڵام میکیویکز خەڵکی ..." بەردەوام زانا چیکەکە ڕەتی بێرک دەداتەوە.

ئا لەم کاتەدا ئیماکولاتا دێتە سەر شانۆ؛ بەهێمای گەڵێ خێرا، بانگی کامێرامانەکەی دەکات، پاشان، بەپشتی دەست زانا چیکەکە لا دەدات و دەچێ لە تەنیشت بێرکەوە ڕادەوەستێت و پێی دەڵێ: "ژاک – ئەلان بێرک..."

کامێرامانەکە کامێراکە لەسەر شانی چەسپ دەکات: "توخوا دەقەیەک! "

ئیماکولاتا ڕادەوەستێ، سەیری کامێراکە دەکات و جارێکی دیش ئەمە دووبارە دەکاتەوە: "ژاک – ئەلان بێرک... "

## ۲۳

سەعاتێ لەمەوبەر، کاتێ بێرک ئیماکولاتا و کامێرامانەکەی لە هۆڵی کۆڕەکە بینی وەخت بوو لە داخا شەق بەرێت. بەڵام ئێستا، ئەو سەغڵەتییەی کە زانا چیکەکە بۆی دروست دەکرد، ئەوەی ئیماکولاتا تێپەڕ دەکات؛ تازە خۆی لە دەستی قوتار کردبوو، بەئاستەمیش نیمچە زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و بەس.

ئیماکولاتا هەست بەورە بەرزیی خۆی دەکات، لە دەنگییدا هەست بەدڵخۆشی و ئاشنایەتییەکی ئاشکرا دەکرێت... "ژان ئەلان بێرک، لەم کۆڕەی کە بۆ ئەنتۆمۆلۆژیستان ساز کراوە و قەدەر و ڕێککەوت وای کردووە کە خۆتان لەم نێوەندە بدۆزنەوە و چەند ساتێکی پڕ لە جۆشوخرۆشتان بردە سەر..." و مایکرۆفۆنەکە لە دەمی نزیک دەکاتەوە.

بێرک هەر وەکو قوتابییەک وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ، میوانداری ئەنتۆمۆلۆژیستێکی گەورەی چیکمان کرد، لەجیاتی ئەوەی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان بکات، هەموو ژیانی لە زیندان بردۆتە سەر. حزووری ئەو هەمووانی تووشی ڕاچەنین کرد. "

بوون بەسەماکەر تەنها سەوداسەریی نییە، بەڵکو ڕێگایەکە و ناتوانین خۆمانی لێ لادەین؛ ئەو ڕۆژەی کە دوبێرک فراوینی لەگەڵ تووشبوانی ئایدز دەکرد، ئابڕووی بێرکی برد، بێرک لەبەر زیاد غرووری، ڕووی نەکردە سۆماڵ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو سەما چەوتەکەی خۆی پێ ڕاست کاتەوە. ئێستا هەست بەبێ تامی ڕستەکانی خۆی دەکات، هەست بەوە دەکات کە ئەم ڕستانە شتێکیان نوقسانە، تام و خوێی دەوێ، فیکرەیەکی چاوەڕوان نەکراو، موفاجەیەک. هەر بۆیە بەردەوام قسەی دەکرد، تاکو لە دووڕا هەستی بەئیحای فیکرەیەک کرد: "ئەم بۆنەیە دەقۆزمەوە و بۆ ئەوەی پێشنیاری خۆمتان ئاراستە بکەم، ئەویش دامەزراندنی کۆمەڵەی



ئەنتۆمۆلۆژیستانی فەرەنساویی - چیکییە. (هەست دەکات ئێستا زۆر باشترە، لەمەڕ ئەم فیکرەیەوە خۆشی تووشی واقوڕمان هات). دەمێک نییە لەگەڵ هاوکارێکی چیکی لەم ڕووەوە قسەم کرد (ئاماژەیەکی هاکەزایی بۆ زانا چیکەکە دەکات) و گەلێک دڵی بەم فیکرەیە خۆش بوو و هەروەها ناوی شاعیرێکی دوورە وڵاتی سەدەی ڕابردووش بۆ ئەم کۆمەڵەیە پێشنیار کرا و دەبێتە ڕەمزی برایەتی نێوان ئەم دوو میللەتە. ئەویش میکیویزکییە. مەبەست لە ئادەم میکیویزکییە.

لە ژیانی ئەم شاعیرە شتێک فێر دەبین، ئەویش ئەوەیە چ شیعر چ کارکردن لە بواری زانست، بەشۆڕشگێڕیی دەژمێردرێت. (وشەی "شۆڕشگێڕیی " هەر زوو وزە و ژیانی خستەوە بەر) چونکە ئینسان هەمیشە شۆڕشگێڕە (ئێستا گەلێ جوانە و هەستیشی پێدەکات) توخوا هاوڕێ وانییە (ئاوڕ لە زانا چیکەکە دەداتەوە هەر خێرا دەکەوێتە بەر زوومی کامێراکە و سەر دەلەقێنێ وەکو ئەوەی پێمان بڵێ "وایە ")، ئێوە، لە ڕێگای قوربانی دانەوە، بەژیان ئەمەتان سەپاند، لە ڕێگای ئەشکەنجە و ئازارەوە، بەڵێ، ئێوە ئەمەتان ساغ کردەوە کە ئەو ئینسانەی کە ئەم ناوە بەخۆی ڕەوا دەبینێ، هەمیشە لە شۆڕش دایە، شۆڕش دژی زوڵم و زۆرداری، خۆ ئەگەریش زوڵم و زۆرداری نەبێ... (پشوویەکی درێژ دەدات، تەنها پۆتڤان سەر لەم پشووە درێژ و کاریگەرانە دەردەکات:)... دژ بەهەڵومەرجی مرۆڤایەتی کە ئێمە هەڵمانبژاردووە. "

شۆڕش دژ بەهەڵومەرجی مرۆڤایەتی کە ئێمە هەڵمانەنبژاردووە. ئەم دوا ڕستەیە، بوو بەگوڵی ئەم خیتابە ئیرتیجالییە، خۆشی تووشی حەپەسان کرد؛ لە هەقیقەتدا ڕستەیەکی جوانە؛ لە پڕێکدا ئەم ڕستەیە گەلێ لە خوتبەی سیاسەتمەدارانە دووری دەخاتەوە و ڕۆحی ئاوێتەی ڕۆحە هەرە مەزنەکانی وڵاتەکەی خۆی دەبێت: مەگەر کامۆ یا مالرۆ یا سارتەر، بۆیان هەبووایە ڕستەی لەم جۆرە بنووسن.

ئیماکولاتا دڵخۆشە، بەپەنجە ئاماژە بۆ کامێرامانەکە دەکات و کامێراکە

ڕادەوەستێ.

ئا لەم کاتەدا زانا چیکەکە لە بێرک نزیک دەبێتەوە و پێی دەڵێ: "زۆر جوان بوو، بەڕاستی زۆر جوان بوو، بەڵام ڕوخسەتم بدەرێ با پێت بڵێم کە میکیویکز هێن نەبوو..."

پاش ئەم سەرکەوتنە جەماوەرییە، بێرک هێشتا هەست بە تاڵی دەکات؛ بەدەنگێکی نەبەرد و هەراش و گاڵتەجاڕییەکەوە قسە بەزانا چیکەکە دەبڕێت: "دەزانم، هاوڕێی ئازیزم، دەزانم، منیش وەکو تۆ دەزانم کە میکیویکز ئەنتۆمۆلۆژیست نەبوو. خۆ زۆر کەم هەڵدەکەوێ شاعیرێک ئەنتۆمۆلۆژیست بێت. سەرەڕای ئەم نوقسانییەش، هەموو مرۆڤایەتی شانازیی پێوە دەکات، با ئەوەشت پێ بڵێم، هەموو ئەنتۆمۆلۆژیستان، تۆشی لەگەڵدا بێت، بەشێکن لەوانەی کە دەبێ شانازییان پێوە بکەن. "

پێکەنینێک وەکو هەڵمێک دەمێک بێت پەستراو بێت، لە پڕێکدا بەرەڵا ببێ؛ کاتێک لەوە تێگەیشتن ئەم مامۆستایەی کە خۆی خۆی تووشی ئەم هەژان و هەڵچوونە کرد و موداخەلەکەی لە بیر چوو بخوێنێتەوە، هەموو ئەنتۆمۆلۆژیستان حەزیان دەکرد پڕ بەدڵ پێی پێبکەنن. قسە توندەکانی بێرک وای لێیان کرد کە لەو دوودڵییەوە ئازاد بن و بەبێ ئەوەی دڵخۆشی خۆیان بشارنەوە، بدەنە قاقای پێکەنین.

زانا چیکەکە شڵەژا و دیاربوو: ئەرێ ئەو ڕێز و حورمەتە چی لێهات هەر پێش یەک دوو دەقە هاوکارەکانی بۆیان دەریانبڕێ؟ چۆن دەبێت وا ئیجازە بەخۆیان بدەن و بەم تەرحە پێبکەنن؟ دەبێ بەم خێراییەوە ئینسان لە حاڵەتی ئیعجابەوە بەرەو حاڵەتی قێز لێهاتنەوە بگۆڕێت؟ (بەڵێ، بەڵێ هاوڕێی ئازیزم). کەواتە عەتف و بەزەیی شتێکی هەندە ناسکە و کەمخایەنە؟ (بەڵێ، بەڵێ هاوڕێی ئازیزم، بێگومان ڕاستە.)

لە هەمان کاتیشدا ئیماکولاتا لە بێرک نزیک دەبێتەوە. بەدەنگێکی بەهێز قسە دەکات و بەسەرخۆشیش دەچێت:



"بێرک، بێرک، گەلێ مەزنی! هەمووت هەڵهێنایەوە! ئای، بەڕاستی شێتی نوکتە و قۆشمەکانتم! هەرچەند گەلێ ئازارت داوم! کاتێ مەکتەبت دێتەوە یاد؟ بێرک، بێرک، دێتەوە یادت بەئیماکولاتا بانگت دەکردم! ئەو باڵندە شەوییەی کە خەوی لە چاوانت زڕاندبوو! کە خەونەکانتی دەشێواند! پێویستە فلیمێکت یا پۆرترێتێکت بۆ چێ بکەین. دەبێ ئەوەش بزانی تەنها من ئەو مافەم پێ ڕەوا دەبینرێت ".

ئەو توندییەی کە زانا چیکەکەی سڕ کرد، بوو بەپێکەنینێک وەکو پاداشتێک ئەنتۆمۆلۆژیستەکان دایانە بێرک، هێشتا لەناو مێشکیدا دەزرینگایەوە و مەستی دەکرد؛ لە کاتی وادا، لەخۆڕازیی بوونێکی مەزن داگیری دەکا و جەسارەتی ئەوەشی دەکرد سەراحەتێکی وا بنوێنێ خۆشی لێی بڕەوێتەوە. کەواتە پێویستە لێی ببورین. قۆڵی ئیماکولاتا دەگرێت و بەلایەکا ڕایدەکێشێ تاکو لە گوێی ناگەهان دووری خاتەوە، پاشان بەدەنگێکی نزمیش، پێی دەڵێ: "بڕۆ وەل بە، پیرەژنی سۆزانی، خۆت و هاوسێیە نەخۆشەکانت، بڕۆ چەپ بە، باڵندەی شەوان، داوەڵی شەوان، یاداشتی هەموو گەلحۆبییەکانم، گۆفەکی هەموو یادگارییەکانم، پۆخڵەواتی سەردەمی هەرزەییم... "

ئیماکولاتا گوێی لەم هەمووە بوو بەڵام بڕوای نەدەکرد کە ئەمە ڕاستیی بێت. واش بیر دەکاتەوە کە ئەم ڕستە ناقۆڵایانە، بەرەو ڕووی ئەو نەکرابێتن، هەر بۆ چەواشە پێ بردن وترابێتن، بۆ ئەوەی مەزنەی یاریدەدەرەکەی پێ هەڵخەڵەتێنێ، وای بیر دەکردەوە کە ئەم ڕستانە فێڵێکن هیچ پێویست بەوە ناکات لێیان تێبگات؛ بۆیە بەساویلکەیی و هێواشییەوە بەبێرک دەڵێ: "بۆچی ئەم هەموو شتەم پێ دەڵێی؟ ئاخر بۆچی؟ چۆن پێویستە لەم هەموو ڕستەیە تێبگەم؟

– چۆن پێتی دەڵێم، دەبێ هەر ئەوها و ئەوها تێیبگەی! بەپلەی یەکەم وەریگرە، چۆن وتراون هەر ئەوها! هەر وەکو خۆی! پەتیارە واتە پەتیارە و ڕەزاگران و دەعبای خەوڕەوێن واتە دەعبای خەوڕەوێن، پۆخلەواتیش هەر وەک پۆخلەوات! "

## ٢٤

بەدرێژایی ئەم ماوەیە، لە قووڵایی ساڵۆنەکەوە، ڤانسان سەرنجی ئەو کەسەی دەدا کە حەزی لە چارەی نەدەکرد، هەموو ڕووداوەکان چەند مەترێک لەوەوە دوور بوون و بەڵام هیچ لە قسەکان نەگەیشت. سەرەڕای ئەمەش شتێک بەنیسبەت ئەوەوە ئاشکرا بوو: بێرک بەنیسبەت ئەوەوە، هەر وەکو چۆن پۆتڤان وەسفی دەکرد: موهەریجێکی ماس میدیایە، ئەکتەرێکی نابووت و زمانلووس و سەماکەرە. بێگومان، هەر لەبەر ئەوەی ئەو ئامادەیە، جەماعەتی تەلەفیزیۆن خۆیان وا نیشان دەدا کە بەتەنگی ئەنتۆمۆلۆژیستانەوە دێن! ڤانسان زۆر بەوردییەوە سەرنجی دابوێ و لە هونەری سەماکردنەکەی کۆڵیبووەوە: هونەری ئەوەی دەسبەرداری ئۆبژەکتیفی کامیرا نابێت و هەروەها بلیمەتی ئەوەشی هەمیشە لە پێشەوەی هەمووان ڕادەوەستێت، بەکارامەیی و قۆزییەوە، بەدەست هێما دەکات و سەرنجی هیتران بۆ خۆی ڕادەکێشێ. لەو کاتەی کە بێرک ئیماکولاتای لە قۆڵەوە گرت، ئیتر لە توانایدا نەما و هاوار دەکات: "سەیری کەن، تاقە شت کە بیری لێ دەکاتەوە، ئەو ژنەیە کە لە تەلەفزیۆن ئیش دەکات! ئا بەو جۆرە قۆڵی زانا چیکەکەی نەگرت، بۆ ئەو ئەم هاوکارانە هیچ گرینگییەکیان نەبوو، بەتایبەت کاتێک بێگانە بن، ئەو شێت و شەیدای تەلەفیزیۆنە، تەلەفزیۆن دایک و باوکێتی، تەلەفیزیۆن دۆست و پەتیارەیەتی، گرەوتان لەگەڵ دەکەم تاقە شتی ئەوە، گرەوتان لەگەڵ دەکەم تاقە ئاریلەی هەموو گەردوونە! "

سەرەڕای ئەوەی دەنگی ڤانسان، زیقن و نزم بوو؛ شتێکی سەیر، ئەمجارەیان، زۆر تەواو مەحکەم بوو. ڕاستە، بارودۆخی وا هەیە گوێمان لە نزمترین و نزمترین دەنگ دەبێت. بەتایبەت ئەو کاتانەی کە فیکرەیەک تەرح دەکرێت و سەغڵەتیمان بۆ دەنێتەوە. ڤانسان پەرە بەبیرکردنەوەکانی دەدات؛ ناسک و تیژبڕ؛ باس لە سەماکەران دەکات و باسی ئەو پەیمانەش دەکات کە لەگەڵ فریشتەدا بەستوویانە. تا دێتیش لە ڕەوانیی قسە



کردنەکەی خۆی ڕازییە و ڕستەکانی زیاتر قەبە دەکات و فشیان دەکاتەوە، هەر بەیەکێک دەکات لەسەر پەیژەیەک دابێت و بەرەو دەروازەکانی ئاسمان کرابێتەوە. کوڕێکی لاو، چاویلکە لە چاو، قاتێکی لەبەرە، گوێی گرتووە و هەر وەکو ئاژەڵێکیش خۆی مەڵاس داوە، بەوردیش سەرنجی داوەتێ. دوای ئەوەی ڤانسان تا دوا تنۆک لە ڕەوانبێژییەکەی دەخواتەوە، پێی دەڵێ: "کاکی ئازیزم، ئێمە ناتوانین ئەو سەردەمە کە تیایا دێنە دونیاوە دەسنیشان کەین. هەمووان لە پێش چاوی کامێرا دەژین. ئیتر ئەم دیاردەیە بەشێکە لە هەلومەرجی مرۆڤایەتی. تەنانەت کاتێکیش دەجەنگین، دیسانەوە هەر بەرامبەر بەکامێرا دەیکەین. کاتێکیش نارەزایی خۆمان بۆ مەسەلەیەکی دیاریکراو دەردەبڕین، دیسانەوە هەر بەهۆی کامێراوە دەتوانین دەنگمان ببیسترێت. هەمووش هەر سەماکەرین وەکو عەرزت کردین. بەڵکو دەتوانم ئەوەشت پێ بڵێم: یا ئەوەتا سەماکەرین یا ئەوەتا فیراین. مامۆستای بەڕێز، پێی دەچێ لەوە دڵگیر بیت کە زەمەن بەرەو پێشەوە دەچێت. کەواتە بگەڕێرەوە دواوە! بگەڕێرەوە بۆ سەدەی دوانزە، ئا ئەمەت دەوێ؟ بەڵام ئەو کاتەش دژ بەکڵێسا دەوەستیت و بەبەربەری هاوچەرخیان دەچوێنی! زیاتر بگەڕێرەوە دواوە! بگەڕێرەوە ببە بەمەیموون! ئا لەوێ هیچ ئاسەواری مۆدێرنێتی نییە و هەڕەشەتیش لێ ناکەن، ئا لەوێ ئیتر هەست دەکەیت لە ماڵی خۆتی، لە بەهەشتی بێگەردی ماکاکەکانی! "(١)

هیچ شتێک لەوە زیاتر جێی نەفرەت نییە وەڵامێکی کوشندەت چنگ نەکەوێ کاتێک پرسیارێکی کوشندەت لێ دەکرێ. ئا لەم سەرلەخۆ تێکچوونەی کە وەسف ناکرێت، لە ژێر بزەی گاڵتەئامێزانەوە، ڤانسان ملکەچ دەکشێتەوە. دوای دەقەیەکی شەرمەزاریی، ئەوەی هاتەوە یاد کە ژۆلی چاوەڕوانی دەکات. پەرداخەکەی دەستی هەڵدەدا کە قومێکی لێ نەخواردبوو؛ پاشان لەسەر کاونەتۆرەکە دایدەنێ و دوو پەرداخە ویسکی دیکە داوا دەکات، یەکێکیان بۆ خۆی و ئەوی دیش بۆ ژۆلی.

(١) ناوی جۆرە مەیموونێکی ئاسیایە. (وەرگێڕ).

## ٢٥

قات لەبەرەکە، وەکو دڕکێک چەقیبێتە ڕۆحی وابوو، نەیدەتوانی لە کۆڵی خۆی کاتەوە؛ هەندەی کارەکە سەخت دەکەوتەوە، کاتێک دەیویست ئیغرای ژنێک بکات. بەڵام چۆن دەتوانی ئیغرای ژنێک بکەیت لە کاتێک دڕکێک چەقیبێتە ڕۆحت و ئازارت بدات؟

درکی بەمیزاجی کرد: "ئەوە ئەو هەموو کاتە لە کوێ بوویت؟ وام هەست کرد ئیتر ناگەڕێیتەوە. دەتەوێ وازم لێ بهێنی. "

لەوە تێدەگا کە دڵی پێوەیەتی و ئەمەش کەمێک ئازاری دڕکەکە سووکتر دەکاتەوە. جارێکی دیش هەوڵی ئەوە دەدات سەرلەنوێ ئەفسووناوی خۆی بنوێنێ. بەڵام دوودڵە:

"حیکایەتم بۆ هەڵمەبەستە. وەکو پێش نەختێک نیت، گۆڕایت، چاوت بەناسیاوێ کەوت؟

– نەخێر، نەبەخوا، ڤانسان وەڵام دەداتەوە.

– با با. چاوت بەژنێک کەوت. تکایە، ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ ئەو بڕۆی، بڕۆ، پێش نیو سەعات نەتمدەناسی. دەتوانم بەردەوام بم لەسەر ئەوەی کە قەت نەتمناسیبێ. "

کچەکە تا دێت غەمگین دیارە و بەنیسبەت پیاوێکیشەوە، دەرمانی وا چاک قەد دەست ناکەوێ کە لە غەمگینکردنی ژنێک چنگی دەکەوێ.

"بەخوای هیچ نییە، بڕوام پێ بکە، پەیوەندی بەژنەوە نییە. سەغڵەتکەرێکی حۆلم تووش بوو، شووم، کەوتینە شەڕە قسە. هەر ئەمە و بەس "، بەئاسپایی نەوازش بەگۆنای دەکات و ئیتر تەنکە گومانەکە دەڕەوێتەوە.

ژولی پێی دەڵێ:"ڤانسان، بەڵام سەروبن گۆڕای.



– وەرە ". بۆ کاونتۆری بارەکە دەعوەتی دەکات. دەیەوێ ئەو دڕکە بەڕێژنەی ویسکی لە ڕۆحی هەڵقەنێ. کابرا قۆزە چاکەت و پانتۆڵ لەپێیەکە لەگەڵ چەند کەسێکی دی، هەر لەو ناوەیە. هیچ ژنێک بەو ناوەوە دیار نییە، ئەمەش بۆ ڤانسان بەختێکی چاکە، چونکە لەگەڵ ژولی دایە و تا دێتیش لە پێش چاوی جوانتر دەبێت. دوو پەرداخ ویسکی تر بانگ دەکات، دانەیەکی بۆ ئەو درێژ دەکات و ئەویتریش خێرا فڕ دەکا و پاشان بەرەو وی لار دەبێتەوە: "سەیری ئەو حۆلە کە، ئەو قات لەبەرە دەبینی، عەینەک لە چاوەکە.

– ئەوە؟ کوڕە ڤانسان، ئەو هیچە، سەد دەر سەر هیچە، چۆن وا سەغڵەتی کردووی؟ ڤانسان دەڵێ:

– هەقتە. کابرایەکی سۆزگ* دیارە. ترسنۆک و دەعباقرتاوە*. "واش هەست دەکات حزووری ژولی شکستەکەی هێور دەکاتەوە، چونکە سەرکەوتنی ڕاستەقینە، ئەوەی بەڕاستی نرخی هەبێ، غەزوو کردنی ژنێکە، ئا بەو خێراییەش، بەتایبەت لەنێو ئەم ئەنتۆمۆلۆژیستانەی کە لە ڕووی ئێرۆتیکەوە وێرانەیەکن هەر بۆ خۆیان.

"بڕوام پێ بکە، هیچە، هیچە هیچ، ژولی دووپاتی دەکاتەوە. ڤانسان پێی دەڵێ:

– ڕاستە ڕاست، ئەگەر خۆم ئا بەمەوە خەریک بکەم، هەر دەبم بەحۆلێک وەکو ئەو "، ئا لە وێندەرێ، لە نزیک باڕەکە، لە پێش چاوی هەموو خەڵکی، دەمی دەخاتە ناو دەمییەوە.

* دەعبا و دوابڕاوەکە و کونی ڕەش و چەندان زاراوەی تر ئێمە لەجیاتی وشە ڕاستەوخۆ و ڕووتەکانی ئەم کتێبە دامانناوە. داوای لێبووردن لەوەرگێڕی بەڕێز و خوێنەرانی خۆشەویست دەکەین کە بۆ خۆلادان لە سەرئێشە ناچاری ئەم دەستکارییە بووین. بۆ ئەمانەتیش دەڵێین کەوا هەر وشەیەکی نیشانەی ئەم ئەستێرەیەی* لەلای ژوورووی چەپیەوە نووسرابێ ئەوە ئێمە گۆڕیومانە.

دەزگای ئاراس

ئەمە ماچی یەکەمییان بوو.

دەچنە ناو باخچەکە، پیاسە دەکەن، دەوەستن و جارێکی دیش دەس بەماچ کردن دەکەنەوە. لەناو باخچەکە ئەسکەمبیلی تەختە دەبینن و دەچن لەسەری دادەنیشن. لە دوورەوە گوێیان لە خوڕەی ڕووبارەکەی دەبێت. هەست دەکەن ڕۆحیان کەوتۆتە شنەشن و نازانن لەبەر چی، بەڵام من دەزانم لەبەر چی: گوێیان لە خوڕەی ڕووبارەکەی خاتوو ت دەبێت، ڕووباری عیشقی شەوان؛ لە قووڵایی زەمەنەوە، سەدەی لەززەتەکان سڵاوێکی نهێنی دەبەخشێتە ڤانسان.

ئەویش وەک ئەوەی کە هەستی پێکردبێ: "جاران، ئا لەم کۆشکانە، ئۆرژی[١] ساز دەکرا. دەزانی سەدەی هەژدەم. سەدەی ساد. مەبەست لە مارکیز دو سادە. *فەلسەفەی ژووری ژنان*. ئەم کتێبە دەناسی؟

– نەخێر.

– پێویستە بیخوێنیتەوە. دەتدەمێ. لە یەکێ لە ئۆرژییەکاندا باس لە گفتوگۆی نێوان دوو ژن و دوو پیاو دەکات.

ژولی دەڵێ:

– باشە.

– هەر چواریان ڕووتوقووتن و خەریکی خۆشەویستی کردنن.

– بەڵێ.

– حەز بەئەمە دەکەی؟

– نازانم "، ژولی وەڵام دەداتەوە. بەڵام، "ئەم نازانمە " بەواتای ڕەت نایەتەوە، ئەمە سەراحەتێکی دڵفڕینی تەوازوعێکی نموونەییە.

هەروا بەئاسانی درک دەرناهێنرێت. دەتوانرێت خۆ قایم بگرین و یا

(١) ئاهەنگن لە پێناوی دیۆنیزۆسی ئەتینایی و باخوسی ڕۆمان ساز دەکران. (وەرگێڕ).



ئەوەتا ئازارەکە داپلۆسرێت، خۆمان وا نیشان بدەین کە ئازار ناکێشین، بەڵام ئەم خۆ دەرخستنەش هەوڵ و تەقەلای دەوێ. ئەگەر بێت، ڤانسان وا بەجۆشوخرۆشەوە باسی ساد و ئۆرژییەکانی دەکات، ئەمە بۆ ئەوە نییە ژولی لە ڕێ دەرکات، بەڵکو دەیەوێ ئەو ئازارەی لە بیر بچێتەوە کە کابرای قات لەبەر تووشی کرد.

ڤانسان پێی دەڵێ:

"بەڵێ، تۆش باش دەزانی " باوەشی پێدا دەکات و ماچی دەکات. " باش دەزانیت و حەزت لە شتی وایە. " ڤانسان حەزی دەکرد گەلێ ئیستیشهادی بۆ بهێنێتەوە کە لەو کتێبە نایابە دەریهێناوە، مەبەست لە کتێبی ***فەلسەفەی ژووری ژنانە***.

پاشان هەڵدەستن و دەست بەپیاسەکردن دەکەنەوە. لەنێو گەڵا وردیلەکانی درەختەکانەوە مانگێکی گەورە دەردەکەوێ. ڤانسان تەماشای ژولی دەکات و لە پڕێکدا، وەکو ئەوەی سیحری لێکرابێت: تریفەی سپی مانگ جوانییەکی ئەفسووناوی دەبەخشییە ژولی، جوانییەک ڤانسان تووشی حەپەسان دەکات، جوانییەکی نوێیە، پێش وەخت نەیبینیبوو، جوانییەکی ورد و ناسک، پاکیزە و تەمەلوکردنی سەختە. لە پڕێکدا، نەشیدەزانی چۆن ئەمە ڕوویدا، وێنەی پشتەوەی لە پڕێکدا خەیاڵی داگیر کرد و نەیدەتوانی خۆی لێ قوتار کات.

ئای! بۆ ئەو سمتە ئازادیخواهە! تەنها ئەو دەتوانی قات لەبەرە قۆزەکەی پێ لە بیر باتەوە (لە کۆتاییدا، لە کۆتاییدا!) بەتەواویی ئاوا بوو. ئەو هەموو بادە ویسکییانە نەیانتوانی قات لەبەرەکەی لە مێشک بسڕنەوە، ئەوا لە چرکەیەکدا، سمتی ئەو کچە هەموو شتەکانی پێ فەرامۆش کرد! ڤانسان خۆی لە ژولی دەئاڵێنێ، ماچی دەکات و مەمکۆڵەکانی هەڵدەگلۆفێ و بۆ ماوەیەکیش دەڕوانێتە جوانییە سیحراوییەکەی و بەردەوامیش بیر لە سمتی دەکاتەوە. پڕ بەدڵ ئارەزووی ئەوە دەکات کە

پێی بڵێ: "مەمکۆڵەکانت هەڵدەگلۆفم بەڵام بیرم هەر لە لای سمتتە." بەڵام ناتوانێ، وشەکان ناکەونە سەر زاری. چەندی دی بیر لە سمتی دەکاتەوە، هەندە ژولی سپی و بێگەرد و فریشتەیی خۆی دەنوێنێ، هەرچەندەش لە توانایدا نییە بەئاشکرا ئەم وشانە بۆ دەربڕێ.



## ٢٦

ڤێرا نوستووە و منیش لە پەنجەرەکەوە دەڕوانم، دوو کەس دەبینم، لە ژێر تریفەی مانگ لەناو باخچەکە پیاسە دەکەن.

لە پڕێکدا هەست دەکەم هەناسەدانی ڤێرا خێراتر دەبێت، ئاوڕی لێ دەدەمەوە و لەوە تێدەگەم کە هەندە نابات هاوارێکی لێ بەرز دەبێتەوە. هەرگیز نەمبینیووە خەوی ناخۆش ببینێ! دەبێ چ شتێک لەم کۆشکە ڕوو بدات؟

بەئاگای دەهێنمەوە و تەماشام دەکات و چاوانی زەق و پڕی لە سامناکییە. پاشان هەر خێرا، وەکو ئەوەی لەژێر کاریگەری گرانەتا دابێت، دەست دەکات بەگێڕانەوە و دەڵێ: "هەستم دەکرد لە داڵانێکی درێژی ئەم مێوانخانەیەدا بووم. لە پڕێکدا، لە دوورەوە، پیاوێکم لێ قووت بووەوە و بەرەو من غاری دەدا. کاتێک لێم نزیک بووەوە، چەند مەترێکمان لە نێواندا بوو، دەستی بەهاوار کردن کرد. گوێگرە، بەچیکی قسەی دەکرد! ڕستەی بێ سەر و بنی دەوتەوە: "میکیویکز چیکی نییە! میکیویکز پۆلۆنییە! " پاشان بەهەڕەشەکردن لێم نزیک بووەوە و چەند هەنگاوێکمان لە بەینا بوو، ئا لەم کاتەدا بەئاگات هێنامەوە.

پێم وت:

– داوای لێبوردنت لێ دەکەم، تۆ بوویتە قوربانی وڕێنەکانم.

– چۆن؟

– وەکو ئەوەی خەونەکانی تۆ تەنەکەی خۆڵ بن و منیش لاپەڕە پڕوپووچەکانمی تیا فڕێ دەم.

– چ شتێک لە مێشکت دایە؟ ڕۆمانێ؟ " بەڕاڕاییەوە پرسیاری لێ کردم.

سەرم شۆڕ دەکەمەوە.

"زۆرجار پێت دەوتم دەمەوێ ڕۆمانێک بنووسم وشەی جیدی چییە تیای نەبێت. **حەماقەتێکی زل بۆ ئارەزووەکانی تۆ**. لەوە دەترسم ئێستا کاتی هاتبێت. دەمەوێ ئاگادارت بکەمەوە: وریا بە. "

سەرم زیاتر شۆڕ دەکەمەوە.

"دێتەوە یادت دایکت چی دەوت؟ گوێم لە دەنگێتی، هەر وەکو ئەوەی کە دوێنێ بووبێت: میلانکو. بەس ئەوەندە قۆشمەچی بە. کەسێک نییە لێت تێبگات. هەستی هەموو خەڵک بریندار دەکەیت و ئیتر هەموو قینیان لێت دەبێتەوە. دێتەوە یادت؟

لە وەڵامدا دەڵێم:

– بەڵێ.

– ئاگادارت دەکەمەوە. جیدی بوون دەتپارێزێ. ناجیدییەتیش لە پێش ڕەوە گورگ ڕووتت دەکاتەوە. خۆ ئەوەش دەزانی، گورگ چاوەڕوانی چ دەکەن. "

دوای ئاشکراکردنی ئەم غەیبە، جارێکی دی نووستەوە.



## ٢٧

کەم تا زۆر ئا لەم کاتەدا بوو کە زانا چیکەکە گەڕایەوە ژوورەکەی، شکست و هەستی دەکرد ڕۆحی هەلا هەلا بووە. تاکو ئێستاش پڕ هەر دوو گوێی لە تریقەی ئەو پێکەنینانەیە کە دوا بەدوای قەشمەرییاتەکانی بێرکەوە دروست بوون. هەروا بەسەرسوڕمان مایەوە: ئایا دەبێ هەر وا خێرا، ئیعجابێکی لە ڕادەبەدەر شوێن بەو قێز لێهاتنەوەیە چۆڵ کات؟

لە هەقیقەتدا، لە خۆم دەپرسی، ئایا ئەو ماچە چی بەسەر هات کە **ڕووداوە مێژووییە گەردوونییە مەزنەکان** لەسەر تەوێڵی جێیهێشت؟

ئا بەم شێوەیە ئەوانەی کە مامەحەمەیی بەڕووداوە هاوچەرخەکانەوە دەکەن، تووشی هەڵە دێن. ئەوە نازانن ئەو بارودۆخانەی مێژوو دەیانخاتە سەر شانۆ، تەنها بۆ چەند دەقەیەک ڕووناکییان دەگاتێ. هیچ ڕووداوێک لەنێو بەردەوامییدا بەهاوچەرخی نامێنێتەوە، تەنها چەند کاتێکی کورت خایەن نەبێت، ئەویش هەر لە سەرەتای سەرەتادا. ئەو مناڵانەی کەوا لە سۆماڵ بەپێش چاوی ملیۆنەها تەماشاکەرانی تەلەفیزیۆنەوە گیانیان دەدا، ئایا لە مەرگ ڕزگاریان بوو؟ چییان بەسەرهات؟ ئایا لاوازتر بوون یا قەڵەوتر؟ ئایا سۆماڵ ماوە یان نەء؟ ئەرێ بەڕاستی، سۆماڵ وجوودی هەبووە؟

گێڕانەوەی مێژووی هاوچەرخ بەئاهەنگێکی مۆسیقا دەچێت کە تیایا سەد و سی و هەشت بەرهەمی بیتهۆڤنی ڕیز کرێت، بەڵام لە هەر بەرهەمە و تەنها هەشت پێوەری سەرەتا وەرگیرێت. ئەگەر بێت و هەمان ئاهەنگ دە ساڵی تر پێشکەش بکرێتەوە، ئەوە هەر بەرهەمە و تەنها نۆتەی یەکەمی لێبدرێت، کەواتە سەد و سی و هەشت نۆتە لە هەموو ئاهەنگەکەیا لێدەدرێت و حیسابی ئاوازشی بۆ بکرێت. دوای دە ساڵ، سەرتاپای مۆسیقای بیتهۆڤن، بەنۆتەیەکی درێژی زیقن بچوێندرێت، هەر وەکو ئەو

نۆتە بەرز و هەتا هەتاییەی ڕۆژی یەکەمی کەڕ بوونی گوێی لێ بوو.

زانا چیکەکە نغرۆی مێلانکۆلییەکەیەتی و هەر وەکو ئەوەی دڵی خۆی بداتەوە، فیکرەیەکی بەخەیاڵا دێت، بیری بۆ قارەمانایەتی خۆی چوو، هی ئەو کاتەی کە کرێکاری بیناسازی بوو. هەموو دەیانەوێ ئەمە لە یاد بکەن، لەو ڕووەوە یاداشتێکی ماددیی و هەستیاری هەبوو: هەموو لەشی ماسوولکە بوو. بزەیەکی نهێنی لە خۆڕازیی بوون، لەسەر لێوی چەکەرە دەکات، چونکە لەوە دڵنیایە کە کەسێک لەوانە هەندەی ئەو، خاوەن هەمان بازوو و ماسوولکە نییە.

بەڵێ، بڕوای پێ دەکەن یا نەء، ئەم فیکرەیە، بەعەنتیکە دەچێت، بەڕاستی دڵی دەداتەوە. چاکەتەکەی فڕێ دەدات و لەسەر سک، هەر لەسەر عەردەکە، لەسەر سک پاڵ دەکەوێ، پاشان، دەکەوێتە سەر بازوو. بیست و شەش جار گینگڵ دەدات و دڵی بەخۆی خۆشە. ناو بەناو، ئەوەی بەبیرا دێت وا لەگەڵ هاوکارەکانییەتی، دوای ئیش دەچوون لە گۆمە بچووکەکەی پشتەوە مەلەیان دەکرد. ڕاستر بوترێت، ئا ئەو کات، هەزار جار دڵی خۆشتر بوو لە ئێستا. کرێکاران ناویان لێنابوو ئەنیشتاین و خۆشیان دەویست.

ئەم فیکرە سووکەی بەخەیاڵا دێت (هەست بەسووکیی فیکرەکە دەکات، بەڵام دڵخۆشیشی دەکات) بچێت لە گەرماوی مێوانخانەکە مەلە بکات. هۆشیارە بەرامبەر بەم دڵخۆشی خۆدەرخستنە، دەیەوێ لەشی خۆی نیشانی ئەو ئەنتیلێکتوێلە لەڕولاوازانەی ئەو وڵاتە زۆر پێشکەوتووە، زیاد لە پێویست ڕۆشنبیر و بێ وەفایانە بدات.

خۆشبەختانە، لە پراگەوە دەرپێی مەلەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، (هەمیشە لەناو جانتاکەیەتی) دەیکاتە پێی و نیوە ڕووت، لە ئاوێنەکە سەیری خۆی دەکات. ئەنیشکی دەچەمێنێتەوە و ماسوولکەی بازووی بەجوانی ڕەپ دەبن. "



ئەگەر یەکێ دان بەڕابردووم ناهێنێ، با سەیری ئەم ماسوولکانە بکات، بەڵگەنەویستن! " دالێغەی ئەوە لێ دەدات وا بەدەوری حەوزەکە دەخولێتەوە و لەشی بەفەرەنسییەکانی نیشان دەدات و دەیەوێ پێیان بلێت، بەهایەکی سەرەتایی هەیە ئەویش تەکامولی لەشە، تەکامولێکە و هەر ئەو دەتوانی خۆی پێوە هەڵکێشێ و ئەوانی دی هیچ فیکرەیەکیان لەم ڕووەوە نییە. پاشان هەست دەکات زۆر جوان نییە وا بەنیوە ڕووت بەدالانی مێوانخانەکەیا تێپەڕێ، فانیلەکەی دەکاتە بەر. ئەوەی دەمێنێتەوە، مەسەلەی پێیە. بەپێی پەتیش بڕوات بەقەد ئەوە ناشرینە کە پێڵاوەکانی لە پێ بێت، کەواتە بڕیار دەدات تەنها گۆرەوییەکانی بکاتە پێی. ئا بەم شێوەیەش. جارێکی دیش سەیری ئاوێنەکە دەکاتەوە. جارێکی دیش، تەنکە خەمێک تێکەڵی شانازی بەخۆ کردنەوەکەی دەبێت، سەرلەنوێ لە خۆی دڵنیایە.

## ٢٨

پشتەوە. دەکرێ بەجۆرێکی دیکەش ناوی بەرین، بۆ نموونە گیۆم ئەپۆلنێر بەدەرگای نۆیەمی لەشی ناوزەد دەکرد. ئەو شیعرەی کە لەبارەی نۆ دەرگای لەشی ئافرەتەوە دەدوێ، لە دوو نوسخەدا بڵاوبووەوە: یەکەمیانی لە ١١ی جۆزەردانی ١٩١٥ نووسی کاتێ کە لە سەنگەری جەنگدا دەبێ و بۆ "لوو " ناوێک، مەعشووقی دەبێ و بۆ ئەوی دەنێرێ، دووەمیشیانی لە ٢١ی ڕەزبەری هەمان ساڵ، هەر لە هەمان سەنگەر نووسیبووی، ئەمەیانی بۆ مادلێن نارد، ژنە دۆستێک بوو. هەر دوو شیعرەکە جوانن، دوو خەیاڵی جیاواز بەبەرهەمیان هێناوە، بەڵام بەهەمان شێوە داڕێژراون: هەر کۆپلە و سەبارەت بەدەرگایەکی لەشی مەعشووقەیە: چاوێک، پاشان چاوی دووەم، گوێیەک، پاشان گوێی دووەم، کونە لووتی ڕاست، پاشان کونە لووتی لای چەپ، دەم، لە شیعرەکەی "لوو "دا، باس لە "دەرگای پاشەڵ* " دەکات و پاشانیش، دەرگای نۆیەم دێت و مەبەستیش لە دوابڕاوەکەیە*. بەڵام لە شیعری دووەمدا، ئەوەی کە بۆ مادلێنی نووسیوە، شتێکی سەیر بەسەر دەرگاکانا دێت. دوابڕاوەکە* دەکەوێتە خانەی هەشتەمەوە و باسی کونێک دەکات کە لە "نێوان دوو چیای عاقیقەوە " دەکرێتەوە، کە شوێنی دەرگای نۆیەم دەگرێتەوە: "لەوانی دی ئەفسووناوی ترە "، دەرگای " جادووبازییە کە لەو ڕووەوە جورئەتی قسە کردن نامێنێ "، " بابی عالی " یە.

بیر لەو چوار مانگە دەکەمەوە کە دەکەوێتە نێوان نووسینی ئەم دوو شیعرەوە، ئەو چوار مانگەی کە ئەپۆلینێر لە سەنگەری جەنگدا بوو، نغرۆ خەون و ئەندێشەی ئیرۆتیکییە وا گۆڕانکارییەکی تەواو دەکاتە سەر ئەم کەشفە: ڕەش* دەبێتە بابەتێکی عاجباتی و تیایا هەموو وزەی نیوکلێری ڕووتایەتی تیا بەکاردەهێنێ. بێگومان دەرگای دوابڕاوەکە* گرینگە، (بێگومان کێ دەتوانێ حاشا لەمە بکات؟)، بەڵام گرینگییەکی زۆر ڕەسمییە، شوێنێکە تۆمارکراو و کۆنترۆلکراو و زۆر پیا هەڵدراوە،



تاقیکراوەتەوە، پۆڵینکراو، چاودێریکراو، گۆرانی پێدا هەڵدراو و ئاهەنگی بۆ گیراوە.

دوابڕاوەکە*: چوار ڕێی پڕ لە غەڵبە غەڵب کە ئینسانییەتی پاڵکەوتووی تیا یەک دەگرێ، تونێلێکە نەوەکانی پێدا تێدەپەڕن.

تەنها گێل و گەلحۆیان ئەو قەناعەتەیان لە لا هەیە کە ئەو جێگا زۆر گشتییە شوێنێکی زۆر خسووسییە. لە ڕاستیدا، شوێنی هەر خسووسی، کونەڕەشەیە*، دەرگای باڵا؛ باڵایە چونکە لە هەموویان ئەفسووناویتر و نهێنیئامێزترە. بۆ ئەوەی ئەپۆلینێر بگاتە ئەم حیکمەتە، دەبوایە چوار مانگی ڕەبەق لە ژێر تۆپباراندا ژیان بەرێتە سەر، لە کاتێکدا، ڤانسان تەنها دوای پیاسەیەک لەگەڵ ژولیدا، لە ژێر تریفەی مانگی سپی، گەیشتە ئەم قەناعەتە.

## ٢٩

وەزعێکی ناهەموارە کاتێک کە نەتوانین تەنها دەربارەی شتێک قسە بکەین و لە هەمان کاتیشدا، توانای ئەوەمان نەبێ لەو ڕووەوە قسە بکەین: ئەو کوونەی کە ڤانسان لە توانایدا نەبوو لەفزی بکات وەکو تۆپەڵە پەڕۆیەکە و ئاخنراوەتە قورگییەوە. سەیری ئاسمان دەکات وەک ئەوەی لە یارمەتیدەرێک بگەڕێ. ئاسمانیش فریای دەکەوێ: ئیحای شیعرییانەی بۆ دەنێرێ، ڤانسان دەست دەکات بەهاوار: "تەماشا بکە! " ئاماژەیەکیش بۆ مانگ دەکات. " هەر دەڵێی کوونی ڕەشە* بەو ئاسمانەوە لکاوە! "

چاوی بەرەو ژولی وەردەگێڕێ. ناسک و بێگەرد و ژولی بزە دەیگرێ و دەڵێ: "ڕاستە "، چونکە نیو سەعات دەبێ، بەهەموو شتێکی ڤانسان موعجیبە.

گوێی لەو "ڕاستە " دەبێت، بەڵام تینوێتی ناشکێنێ. هەر بەپاکیزەیەکی ئەفسووناوی دەکات و ڤانسانیش حەزی دەکرد گوێی لە: "کونی ڕەش*" بوایە. حەزی لەوە دەکرد ئەو زارە ئەفسووناوییە، ئەم وشانەی لەفز بکردبایە، ئای کە پێی خۆش دەبوو! حەزی لەوە دەکرد کە پێی بڵێ: لەگەڵ من ئەمە دووبارە بکەوە، کونی ڕەش*، کونی ڕەش*، کونی ڕەش*، بەڵام ناوێرێ. لەجیاتی ئەمە، زمانڕەوانییەکەی بۆی دەبێتە تەڵە، ئەوەندەی دیکە بەرەو زمانی ئیستعارە دەخلیسکێ: "لەو کونە ڕەشەوە* ڕووناکییەکی کاڵ بەسەر هەموو گەردوونا پەخش و بڵاو دەبێتەوە! " بازووی بەرەو مانگ درێژ دەکات: "بەرەو پێشەوە، بەرەو کونی ڕەشی* هەتا هەتایی! "

ناتوانم سەرنجی خۆم بەرامبەر بەم ئیرتیجالییەتەی ڤانسان خۆی بێدەنگ ڕاگرم: لەبەر ئەم وەسواسییەی کە لەمەڕ کونی ڕەشەوە* تووشی هات،



دەیەوێ پەیوەندی خۆیمان بەسەدەی هەژدەمەوە بۆ ساغ کاتەوە، پەیوەندی خۆی بەساد و بەگشت ئەو گرووپەی کە لیبەرتان بوون؛ بەڵام لەبەر ئەوەی هەندە هێز شک نابات، بۆ ئەوەی تا دوا سەرحەدی ئەم هاجیسە بڕوات، کەلەپوورێکی دیکە، جیاواز، دژ بەمیان، دەکەوێتە سەدەیەک دوای ئەوەوە، ئەو فریای دەکەوێت، بەجۆرێکی دیکە، لە توانایدا نییە دەربارەی هاجیسە لیبرتینەکانییەوە بدوێ، تەنها بەخۆ داڵدەدان نەبێت، ئەویش لە پشتی لیریکییەکەوە کە دەیکاتە ئیستعارە و میتافۆر. ئا بەم شێوەیە. زیهنییەتی لیبیرتیناژ دەکاتە قوربانی زیهنییەتێکی شیعری. کونی ڕەش*، لە جەستەی ژنێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەشکەڵانی فەلەک.

ئای کە ئەم جێگۆڕکێیە شتێکی غەمگین و بینینیشی سەختە! هیچ حەزم لێی نییە ئا بەم جۆرە دوای ڤانسان بکەوم: خۆی دەخواتەوە، لەو مێتافۆرانە گیر بووە هەر وەکو ئەوەی مێشێک بەچرێشەوە نووسابێت؛ جارێکی دیش هاوار دەکات "کونی ڕەشی* ئاسمان وەکو چاوێکی شاهانەیە!"

وەکو ئەوەی ژولی هەستی بەماندوو بوون کردبێت، ژولی نەفەسی شیعرییانەی ڤانسان دەپچڕێ، تا دەهات بەرەو ژوور هەڵدەگرا، بەدەست ئاماژە بۆ ساڵۆنە ڕۆشنەکەی دەکات، لە پشت چەپەرەکەوە دیار بوو و دەڵێ: "پێی دەچێ کەسی تێدا نەما بێت. "

دەچنە ژوورەوە: وایە، لە دەور مێزەکان، یەک دووانێکی بەجێماو و کەسی دیکەی لێ نەبوو. قات لەبەرە کەشخەکەش لەو ناوە نەما بوو، بەڵام، غیابی ئەو، بەشێوەیەکی وا دێت بەبیریی ڤانسانا، گوێی لە دەنگیشی دەبێت، ساردوسڕ و شەڕانی، هەروەها لە هەمان کات گوێی لە پێکەنینی هاوەڵەکانیشی دەبێت. جارێکی دیش شەرم دایدەگرێ: چۆن دەبێت ئا بەو جۆرە، بێ دەسەڵات بەرامبەری وەستام؟ چۆن هەندە غەمگینانە زمانم بەقوڕگمەوە نووسا؟ دەیەوێ ئەم خەیاڵە لە مێشکی ڕامماڵێ، بەڵام ناتوانێ، جارێکی تریش گوێی لە وشەکانی دەبێتەوە:

"هەمووومان لە پێش چاوی کامێرا دەژین. ئیتر ئەم دیاردەیە بەشێکە لە هەلومەرج مرۆڤایەتی..."

بەتەواوی ژولی لە بیر دەکات و سەرسوڕماو، بەرامبەر بەم دوو ڕستەیە هەڵوێستەیەک دەکات؛ چەندێ سەیرە: ئەنجەتەکەی قات لەبەرەکە هەر دەقاودەق بەفیکرەی ڤانسان دەچێت، کاتێ خۆی ئاراستەی پۆتڤانی دەکرد و دەیوت: "ئەگەر بتەوێ تێکەڵی ژیانی گشتیی بیت و سەرنجی خەڵکی بەرەو ناعەدالەتی ڕابکێشی، چۆن دەتوانی ئا لەم سەردەمەی ئێمە نەبیتە سەماکەر، یا وەکو سەماکەر خۆت نەنوێنی؟"

هەر لەبەر ئەمە نییە بەو جۆرە هەست بەتەریق بوونەوە بکات بەرامبەر بەقات لەبەرەکە؟ ئایا ئەنجەتەکەی گەلێ لەوەی ئەوەوە نزیک بوو، هەر لەبەر ئەمە بوو نەیتوانی بەرەو ڕووی بێتەوە؟ ئایا هەموو لەناو هەمان تەڵەداین، سەیری بەوەدا هات کە لە پڕێدا، ئەو زەمینەی کە لەسەری ڕاوەستا بوو، دەبێتە سەر تەختەی شانۆیەک و دەرچەیەکی تیا نادۆزێتەوە؟ کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان بیرکردنەوەی ڤانسان و ئەو قات لەبەرەکەدا نییە؟ نەخێر، ئەم فیکرەیە تەحەمول ناکرێت! بێز لە بێرک دەکاتەوە، بێزیش لە قات لەبەرەکە دەکاتەوە، ئەم بێز لێهاتنەوەیەش پێش هەموو حوکمێک دەکەوێت. وڕکن، هەوڵی ئەوە دەدات دەست بەسەر ئەو جوداوازییانەدا بگرێت کە لەوانی دیکەی جودای دەکاتەوە، تا دەگاتە ئەوەی شتێکی زۆر ڕوونی بەخەیاڵا بێت: ئەوان وەکو کەساس و بەدبەخت، دڵیان بەهەلومەرجی مرۆڤایەتی خۆشە، هەر وەکو ئەوەی کە سەپاندراوەتە سەریان: سەماکەرن و دڵیانیش پێی خۆشە. بەڵام ئەو، سەرەڕای ئەوەی کە دەشزانێ هیچ دەرچەیەک نییە، فیکرەی نەگونجانی خۆی لەگەڵ جیهاندا هێوری دەکاتەوە. ئا ئەم کاتە وەڵامێکی بەبیرا دێت و دەبوایە ئەم وەڵامەی بساوبایە ڕووی قات لەبەرە کەشخەکە: "ئەگەر بێت لە پێش چاوی کامێرا ژیان بردنە سەر هەلومەرجی مرۆڤایەتی بێت، من دژ بەمە دەوەستم. من ئەمەم هەڵنەبژاردووە! " ئا ئەمەیە وەڵام! بەرەو لای ژولی دەچەمێتەوە و



بەبێ هیچ شەرحێکی پێشوەخت، پێی دەڵێ: "تەنها شت ئەگەر بۆمان مابێتەوە، ئەوە یاخیبوونە دژ بەهەلومەرجی مرۆڤایەتییە، چونکە ئێمە ئەم هەلومەرجەمان هەڵنەبژاردووە! "

ژولی بەڕستە سەیرەکانی ڤانسان ڕاهات، ئەمەی دوایی زۆر بەدڵ بوو و لەسەر تۆنێکی خەباتگێڕانەش وەڵام دەداتەوە: "بێگومان! " هەر وەکو ئەوەی وشەی "یاخیبوون" پڕ گیانی لە وزەیەکی دڵخۆشکەر کردبێت، دەڵێ: "با بۆ ژوورەکەت بچین".

لە پڕێکدا، کابرای کەشخە لە پێش خەیاڵی ڤانسان ون دەبێت و سەیری ژولی دەکات و سەبارەت بەدوا وشەکەی ژولی تووشی حەپەسانێکی تەواو هاتووە.

ژولیش تووشی حەپەسان هات. نزیک بارەکە، چەند کەسێک مابوونەوە، هەمان ئەو کەسانە بوون پێش ئەوەی ڤانسان بێت و قسەکەی خۆی بکات. ئەو خەڵکە، هەر هەستیان بەبوونی ژولی نەدەکرد و بەمە ژولی هەستی بریندار دەبوو.

ئێستاش، سەیریان دەکا، سەربەرز و پتەو، شەوێکی عاشقانەی لە پێشە، ئەویش سەبارەت بەئیرادەی و ئازایەتی خۆیەتی، هەست دەکات دەوڵەمەندە، بەخت یارێتی و لەو هەموو خەڵکەی دەور بارەکەش بەهێزترە.

دەچرپێنێتە بنا گوێی ڤانسانا: "ئەم خەڵکە هەموویان دەعبا* قرتاون. " ئەوەش دەزانێ کە ئەم وشەیە هی ڤانسانە و ئەمە دەڵێ بۆ ئەوەی تێیبگەیەنێ کە خۆی تەسلیمی ئەو کردووە و بۆتە هی ئەو.

هەر وەکو ئەوەی ژولی نارنجۆکی دڵخۆشی بکاتە چنگییەوە. کەواتە دەتوانێ لەگەڵ خاوەن جوانترین سمتدا یەکسەر بەرەو ژوورەکەی بکەوێتە ڕێ؛ بەڵام هەر وەکو ئەوەی ملکەچی فرمانێک بێت کە لە دوورەوە دەکەوتە بەرگوێی، حەزی دەکرد پێش ئەوەی بڕوات هەرایەک بنێتەوە، کەوتە گێژاوی مەستییەکەوە، لە پێش چاوی وێنەکان تێکەڵوپێکەڵ دەبوون، هی

زڕتە سمتێک، حەزیی شاهانەی جووتبوون، دەنگی گاڵتەجارانەی ڤات لەبەرە کەشخەکە و سێبەری پۆتڤان، هەر وەکو ترۆتسکی، لە پونکەرە پاریسییەکەیەوە، داوی پاشاگەردانیی و زەخیرەی ئاژاوەیەکی بێ بنی بەدەستەوەیە.

"با بچین مەلە بکەین "، ڤانسان بەژولی دەڵێ و بەغاردان، بەپەیژەکانا دێتە خوارێ و بەرەو حەوزەکە دەچێت، لەو کاتەدا کەسی لێ نەبوو، بۆ ئەوانەشی لە سەرەوە تەماشایان دەکرد هەر بەدیمەنێکی شانۆ دەچوو. دوگمەی کراسەکەی دەترازێنێ. ژولیش بەرەو ئەو ڕا دەکات. "با مەلە بکەین "، دووپاتی دەکاتەوە و پانتۆڵەکەی فڕێ دەدات.

"خۆت داکەنە! "



## ٣٠

ئاخاوتنە توندوتیژەکەی بێرک کە ئاراستەی ئیماکولاتای کرد، بەدەنگێکی نزم کردی، بەچرپە، تەنانەت ئەوانەی لەو ناوەش بوون، لە سروشتی ڕاستەقینەی ئەو کارەساتەی کە لە پێش چاویان ڕووی دەدا، تێنەگەیشتن. ئیماکولاتا توانی بەتەواوی شتەکان بشارێتەوە؛ کاتێکیش بێرکی جێیهێشت، بەرەو پەیژەکان دەچوو و پیانا سەرکەوت، تەنها کاتێک گەیشتە نێو دالآنی ژوورەکان، هەستی بەتەنهایی کرد؛ هەستی بەگێژ بوون کرد.

نیوسەعاتێک تێپەڕیبوو، گومانی لە هیچ شتێک نەدەکرد، کامێرامانەکە هاتە ژوورەوە، ئەو ژوورەی کە پێکرا لێی دەنووستن، بینی لەسەر سک ڕاکشاوە.

"چ ڕووی داوە "

وەڵام ناداتەوە.

لە تەنیشتی دادەنیشی و دەست دەخاتە سەر سەری. وەکو ئەوەی مارێک گەستبێتی، ڕادەچڵەکێ.

"بەڕاست، پێم بڵێ چ ڕووی داوە؟ "

ئەم پرسیارەی چەند جارێک دووبارە کردەوە تاکو ئیماکولاتا هاتە وەڵام: "تکات لێدەکەم بچۆ هەندێ غەرغەرە بکە، تەحەمولی ئەم بۆنە ناخۆشەی دەمت ناکەم. "

بۆنی دەمی ناخۆش نەبوو، هەمیشە بەسابوون دەم و چاوی دەشوشت، گەلێکیش وریای پاک و خاوێنی خۆی بوو؛ کامێرامانەکە دەیزانی ڕاست ناکات، بەڵام دیسانەوە هەر بەگوێی کرد و چووە حەمامەکە و وەکو پێی ڕاگەینرا، دەستی بەغەرغەرە کردن کرد.

فیکرەی بۆن ناخۆشی شتێک نەبوو هەر وا لە خۆڕاییییەوە بکەوێتە خەیاڵی ئیماکولاتا؛ ئەمە زاکیرەیەکی داپڵۆسراوە کە لایەنی خراپ و

شەرانی پێی قووت کردەوە: زاکیرەی بۆن ناخۆشی هەناسەی بێرکە. کاتێ لەژێر گشت ئەو جوێن و داشۆڕیانە پان ببووەوە، توانای ئەوەی نەبوو گرینگی بەبۆنی دەمی بێرک بدات، یەکێکی دی، خۆی لەناو دڵی حەشارداوە، لەجیاتی ئەو، هەموو ئەم بۆنە ناخۆشەی تۆمار دەکرد و هەروەها ئەم تێبینییە زۆر ڕاست و کۆنکرێتەشی لای خۆی تۆمار کردبوو: ئەو پیاوەی بۆنی دەمی دێت، دۆستیان بۆ پەیا ناکرێت. هیچ ژنێک ئامادەی ئەوە نییە خۆی لەگەڵ ئەم هەناسە ناخۆشەیە ڕابهێنێ؛ هەر ژنە و ئیتر بەجۆرێک لە جۆرەکان پیاوە تێدەگەیەنێ کە دەبێ بڕوات خەمێک لە گرفتەکەی بخوات. جوێنێکی زۆری بەسەرا داباری، بەبێدەنگی گوێی بۆ ئەم سەرنجانە ڕاگرتبوو و بەهیوابەخش و دڵخۆشکەریشی زانی، چونکە ئەوەی پێ ڕادەگەیاند، سەرەڕای ئەوەی کە بێرک وا بەخەڵکی دەگەیەنێ کە سێبەری خاتوونی شەنگ بەدەوریدا دەخوولێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەمێکە دەسبەرداری موغامەرات بووە و کەواتەش خەوتن لە تەنیشتی مەحاڵ نییە.

کامێرامان پیاوێکی عەمەلی و ڕۆمانسی بوو، لە کاتی غەرغەرە کردندا بەخۆی وت، تاقە ڕێگا بۆ ئەوەی ئەم میزاجە کوشندەیە بگۆڕم، پێویستە تا زووە بچمە جێگاوە لەگەڵی. هەر لە حەمامەکە، بێجامە دەکاتە بەر و بەهەنگاوی ڕاڕا، دەگەڕێتەوە و لە قەراغ قەرەوێڵەکە، لە تەنیشتییەوە دادەنیشێ.

بەبێ ئەوەی جورئەتی ئەوە بکات دەستێکی بۆ درێژ کات، جارێکی دیش پێی دەڵێتەوە: "چ ڕووی داوە؟ "

بەحزووری توانستی هەموو زیهنییەوە وەڵام دەداتەوە: "ئەگەر تەنها ئەم پرسیارە گێلۆکەیەت لێ دەوەشێتەوە، بڕوا دەکەم نابێ چاوەڕوانی هیچ گفتوگۆیەکم لەگەڵدا بکەیت ".

هەڵدەستێت و ڕوو دەکاتە کانتۆرەکە و دەیکاتەوە، دەڕوانێتە جلوبەرگە هەڵواسراوەکانی، کراسەکانی سەرنجی ڕادەکێشن؛ ئارەزوویەکی نامۆ و بەهێزی تیا دەبووژێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لەسەر تەختەی شانۆ توڕ



هەڵدرێ و بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە تیایا سەرشۆڕیان کرد و بەدارمانەکانی قایل نەبێت، ئەگەر دارمانیش هەبووبێت ئەوە بیگۆڕێتە سپێکتاکلێکی وا کە جوانییەکەی تیایا بگەشێتەوە و نەزاکەتە یاخیبووەکەشی بخاتەوە گەڕ.

"چ دەکەی؟ بۆ کوێ دەڕۆی؟ پێی دەڵێ.

- ئەمەیان هیچ گرینگییەکی نییە. گرینگ ئەوەیە کە لەگەڵ تۆ نەبم.
- بەڵام پێم بڵێ چ ڕووی داوە! "

ئیماکولاتا سەیری کراسەکانی دەکاتەوە و تێبینی ئەوە دەکات: "شەشەم جار "، ئەوەش دەڵێم لەم حیسابە بەهەڵەیا نەچووبوو.

"تۆ گەلێ ڕێکوپێک بووی "، کامێرامانەکە پێی دەڵێ و بڕیاری داوە پێش میزاجەکەی بکەوێت.

"چاکمان کرد هاتین. پرۆژەکەت لەمەڕ بێرکەوە پێی دەچێ لە گیرفان دابێت. داوای بوتڵێک شامپانیام کرد بۆ ژوورەکەمان.

- چ دەخۆیتەوە بخۆرەوە و لەگەڵ هەر کێیەکیش دەتەوێ.
- بەڵام پێم بڵێ چ ڕووی داوە؟
- حەوتەمین جار. تەواو لەگەڵ تۆ کۆتایی هات. هەرگیز. ئیتر تەحەمولی ئەوە ناکەم کە بۆنی ئەو هەناسە ناخۆشەت بکەم. تۆ خەونی ناخۆشی منی. تۆ شکستی منی. شەڕ و شوورەیی منی. شەرم و داشۆڕیی منی. قێز و بێزلێهاتنەوەی منی. دەبێ ئەمەت پێ بڵێم. بەتوندوتیژییەوە. بەبێ ئەوەی درێژە بەدوودڵیی و ڕاڕایم بدەم. بەبێ ئەوەی درێژە بەم حیکایەتە بدەم کە هیچ مانایەکی نییە. "

بەپێوەیە، بەرامبەر بەکانتۆری جلەکان، پشتی لە کامێرامانەکەیە، بەهێمنی دەدوێ، بەهێوری، بەدەنگێکی نزم، بەچرپە. پاشان دەست دەکات بەخۆ ڕووت کردنەوە.

## ٣١

ئەمە بۆ یەکەمین جارە ئا بەم شێوەیە، بەبێ موبالاتییەکی ئاشکرا و بەبێ شەرم خۆی بەرامبەری ڕووت دەکاتەوە. بەم خۆ ڕووت کردنەوەیە دەیویست پێی بڵێ: وجوودی تۆ لێرە، بەنیسبەت منەوە، هیچ گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، وجوودی تۆ وەکو وجوودی سەگێ یا مشکێ وایە. تەماشا کردنی تۆ، بەهیچ جۆرێ، هیچ ئەندامێکی لەشم ناهەژێنێ. دەتوانم هەر چییەکم بوێت بەرامبەری تۆ بیکەم، دەتوانم چی ناهەموار و ناقۆڵایە بەرامبەرت بیکەم، دەتوانم بەرامبەرت بڕشێمەوە، گوێیەکانم پاک بکەمەوە یا ناولینگم بشۆم، میز بکەم و خۆمیش ڕەحەت بکەم. تۆ بەنیسبەت منەوە، نا – چاو و نا – گوێی و نا – سەرێکیت. ئەم بێ موبالاتییە ڕۆح بڵندەم دەبێتە پاڵتۆیەک و یارمەتیم دەدات بەبێ شەرم و حەیا ئازادانە بەرامبەرت بجوولێمەوە.

کامێرامانەکە جەستەی شۆخەکەی دەبینێ چۆن لە پێش چاوی بەتەواوی تووشی گۆڕانکاری دێت: ئەم جەستەیەی کە تا ئەو کاتەش شتێکی ئاسان بوو بۆی، ئێستە دەبێتە پەیکەرێکی یۆنانی و لەسەر بناغەیەکی بڵندی سەد مەترییەوە و دەبێ لە خوارەوە تێی بڕوانێ. ئارەزوویەکی شێتانەی تیا بوو، ئارەزوویەکی نامۆ و حەشەرییانە خۆی بەیان نەدەکرد، بەڵکو ڕۆ دەچووە مێشکییەوە، مێشکی و بەس. ئارەزوو کاتێ دەبێتە سەوداسەرییەکی عەقڵیی، ئەوە دەبێتە دێوانەییەکی ئەفسووناویی؛ ئا تەنها ئەم جەستەیە، ئەم جەستەیە و بەس، دەتوانێ، هەموو ژیانی پڕ خۆشیی بکات.

ئیماکولاتا هەستی بەم سەوداسەرییە دەکرد، هەستی بەم خۆ فیداکردنە دەکرد کە دەلکایە پێستییەوە، وەکو شەپۆلی موچڕکێکی ساردیش بەرەو سەری سەردەکەوت. هەستی بەحەپەسان دەکرد، هەرگیز لەوەوەپێش هەستی بەشەپۆلی وا نەکردووە. ئەم شەپۆلە ساردییە، هەر وەکو شەپۆلی عیشقە، یا شەپۆلی گەرمیی، یا هی تووڕە بوون. ئەم ساردییە لە



هەقیقەتدا هی عیشقە؛ لەبەر ئەوەی ئەم خۆ فیداکردنە موتلەقەی کامێرامانە و ڕەفز کردنەوەکەی بێرک بەدوو ڕووی یەک نەفەرەت لێ کردن دەچوون و ئیماکولاتا لە هەردووکیان یاخی ببوو. بەوە دەچوو ڕەفزکردنی بێرک بێت، فرێی داتە باوەش دۆستە ئاسایییەکەی و تەنها لەخۆبایی بوونیش بێت وا بکات بەرەو ڕووی ئەم ڕەفزکردنە ببێتەوە و قینێکی زۆری لە دۆستە ئاسایییەکەی ببێتەوە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئا بەم توندوتیژییەوە ڕەفزی دەکات و حەزیش دەکات، کامێرامانەکە لە پێش چاوی ببێتە مشکێک، ئەم مشکەش ببێتە جاڵجاڵۆکەیەک و جاڵجاڵۆکەش ببێتە مێش و جاڵجاڵۆکەیەکی تریش قووتی بدات.

ئێستا وا بەکراسێکی سپییەوە، بڕیاری داوە بچێتە خوارێ و خۆی بەبێرک و گشت ئەوانەی دیکە نیشان بدات. دڵی بەوە خۆشە کە کراسێکی سپی لەبەرە، ڕەنگی سپیش، ڕەنگی بووکە، چونکە ئەو وا هەست دەکات کە ئیمڕۆ ڕۆژی گواستنەوەیەتی، شایییەکی بەرەواژ، شایییەکی تراژیدی، شایییەکی بێ زاوا. لەژێر ئەم کراسە سپییەش برینی ناعەدالەتێک بەجەستەوەیەتی، هەست دەکات ئەم نا عەدالەتییەش گەورەی کردووە، ئەم نا عەدالەتییە جوانی کردووە هەر وەکو چۆن کارەسات شەخسییاتی تراژیدیا جوان دەکات. بەرەو دەرگا دەڕوات، ئەوەش دەزانێ ئێستا ئەویتر بەبێجامەیەکەوە، بەسەر نووکی پێیەوە، وەکو سەگێک دوای دەکەوێت و حەزیشی دەکرد ئا بەم شێوەیە بەناو هەموو کۆشکەکەیا پیاسە بکات، جووتێکی تراژیدیای مەسخەراوی، شازادەیەک سەگێکی ناجسنیش دوای کەوتووە.

## ٣٢

بەڵام سەری سوورِ دەمێنێ لەو کەسەی کە بەسەگی چواند. لەنێو دەرگاکە ڕاوەستاوە و بەسیمایەکی تووڕەوە. لە پڕێکدا ئیرادەی ملکەچی دەکوژێتەوە. پڕ لەشی لە ئارەزوویەکی بێهیوا دەبێت، ئەویش دژی ئەو شەنگییە بوەستێت کەوا بەناهەق ئابڕووی برد. ئەو ئازایەتییە شک نابات کە شەپازللەیەکی لێبدات، یا دارکاری کات، یا فڕێی داتە سەر دۆشەک و بەزۆر لەگەڵی بخەوێت، بەڵام هەست بەشتێک دەکات کە کار لە کار بترازێنێ، شتێکی زل توندڕەوئامێز بێت.

ئیماکولاتا ناچارە لە پێش دەرگاکە هەڵوێستەیەک بکات.

کامێرامانەکە پێی دەڵێ:

– نایەڵم تێپەڕی.

– تۆ لەمەودوا وجوودت نییە بۆم.

– چۆن؟ وجوودم نییە؟

– کاکە ناتناسم. "

پێکەنینێکی گرژ دەیگرێ: "نامناسیت؟ " دەنگی بەرز دەکاتەوە: "ئەم سەرلەبەیانییەش پێکەوە نووستین!

– مەجالت نادەمێ ئا بەم شێوەیە قسەم لەگەڵا بکەیت! بەم ئسلووبە!

– ئەم سەرلەبەیانییە، تۆ بەم ئسلووبە قسەت لەگەڵ دەکردم، نەتدەوت، دەی... دەی... دەی!

بەتەنکە شەرمێکەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەو کاتەی کە هێشتا خۆشتم دەویست، ئێستا بێز لەم ئسلووبە دەکەمەوە. "

کامێرامانەکە هاوار دەکات: "بەڵام پێکەوە نووستین!



– بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ مەکە!

– دوێنێ شەویش دیسانەوە هەر پێکەوە نووستین، بەیەکەوە نووستین، بەیەکەوە نووستین!

– وس بە!

– بۆ ئەم سەرلەبەیانییە تەحەمولی لەشمت دەکرد، ئەم ئێوارەیە نا؟

– دەزانی من قینی گەورەم لەم ئسلووبە ناشرینەت دەبێتەوە!

– جا چ گوێم لە قینهاتنەوەی تۆیە! تۆ سۆزانییەکی بۆ خۆت! "

ئای کە نەدەبوو ئەم وشەیە بدرکێنێ، هەر هەمان وشە بوو بێرکیش پێی وت. ئیماکولاتا هاوار دەکات:

"بێزم لەم قسە بازاڕییانەیە، بێزم لە تۆشە! "

کامێرامانەکەش دیسانەوە هاوار دەکات: "کەواتە تۆ لەگەڵ یەکێک نووستی بێزت لێی دەکردەوە! بەڵام ئایا دەزانی ئەگەر بێت و ژنێک لەگەڵ یەکێ بنوێ و لە هەمان کاتیشدا بێزی لێبکاتەوە، ئەوە پەتیارەیەکە بۆ خۆی، پەتیارەیە، پەتیارەیەکە بۆ خۆی! "

وشەکانی کامێرامانەکە تا دێن شیکلی بازاڕانە وەردەگرن و تا دێتیش ترس لەسەر ڕوخساری ئیماکولاتا دەنیشێ.

ترس! ئایا بەڕاستی لێی دەترسێ؟ بڕوا ناکەم: ئەو باش دەزانێ، لە قووڵایی ناخیدا، پێویستی بەوە نەدەکرد کە گرینگییەکی زۆر بدرێتە ئەم بەگژدا چوونە. شارەزای ملکەچی کامێرامانەکەیە و لەم ڕووەشەوە ئەوەی مسۆگەر کردووە. ئەوەش دەزانی کە بەم جوێنانە دەیەوێ بڵێ گوێم لێبگرن، ببینن، ئیعتیبارم بۆ دابنێن. چونکە لاوازە، بۆیە جوێن دەدات، لەجیاتی هێز شەلاتیانە هەڵسوکەوت دەکات و قسەی توندڕەوانەش بەکار دەهێنێ. ئەگەر ئیماکولاتا کەمێکیش خۆشی بویستایە، ئەوە هەر هەندۆکەیەک و بەس، کەواتە دەبوایە ئێستا بەرامبەر بەم تەقینەوەی بێهیواییییە خاو

ببێتەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە، لەجیاتی خاو بوونەوە، ئارەزوویەکی جڵەوترازاوی تێدایە، ئەویش لە پێناوی ئازاردانی ئەوە.

هەر لەبەر هەمان هۆش، وای لێ دەکات کە وشەکانی بەجیدی وەرگرێت و بڕوا بەجوێن و هەڕەشەکانی بکات و لێشی بترسێ. هەر بۆیەش، ئیماکولاتا زەق زەق تەماشای دەکات و لە چاوانیشییەوە هەست بەو ترسە دەکرا.

ترس لەسەر سیمای ئیماکولاتا دەخوێنێتەوە و هەست بەئازایەتی خۆی دەکات: بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەو هەمیشە ترسی لەسەر دەنیشت، خۆی بۆ شل دەکرد و داوای لێبوردنی لێدەکرد، وا ئێستا لە پڕێکدا، هێز و توانا و سەرشێتیی خۆی پێ نیشان دەدا، ئێستا، ئەو لە ترسا هەڵدەلەرزێ. کاتێکیش ئیماکولاتاش دەبینێ، لاواز و بێ دەسەڵات، ئەوە زیاتر دەنگی هەراش دەکات و جوێنە توند و بێ سوودەکانی جارێکی دی بۆ هەڵدەڕێژێ. داماو، نازانێ کەوتۆتە گەمەی ئەوەوە و بۆتە شتێک کە بەئاسانی یاری پێ دەکرێ، تەنانەت لەو کاتانەشی کە هێز و سەربەستیشی لەنێو تووڕە بووندا دەسگیر دەبوو.

ئیماکولاتا پێی دەڵێ: "دەمترسێنی. شەڕانیت و جێی قێزلێهاتنەوەی "، ئەوی داماویش، نازانێ ئەم تاوانبارکردنە پەشیمان بوونەوەی بۆ نییە و ئەویش سیپاڵی ملکەچی و دڵسافی، ئیتر بۆ هەتا هەتایە، لای ئەو دەبێتە یەکێکی توندڕەو و دەسدرێژکەر.

"دەمترسێنێ " جارێکی تریش ئیماکولاتا پێی وتەوە و خۆی لا دا بۆ ئەوەی تێپەڕێ.

ڕێی دەدات بڕوات و وەکو سەگێکی ناجسن دوای شازادەیەک بکەوێت، هەر ئەوها دوای دەکەوێت.





ڕووتایەتی. چەند لاپەڕەیەکی گۆڤاری نوڤێل ئۆبسەرفاتۆرم هەڵگرتووە، هی مانگی خەزەڵوەری ١٩٩٣ە، تیایا ڕاپرسێک ئەنجام دراوە: لیستێکیان بۆ سەد و بیست کەس ناردووە کە خۆیان بەچەپ دەزانن بۆ ئەوەی هێڵ بەژێر ئەو وشانەدا بهێنن کە پێیان وایە ئەفسوونبەخشن، یا هەستێکی تایبەتیان لە لا دروست دەکەن، یا سەرنج ڕاکێشن یا ئەوەتا تەعبیر لە هاودەمی دەکەن؛ چەند ساڵێک لەمەوبەر، هەمان ڕاپرسیان ساز کردبوو، هەمان پرسیاریان تیایا دارشتبوو، هەژدە خاڵ، خەڵکی سەر بەچەپی لە دەور خۆ کۆدەکردەوە و بەمە خاڵی هاوبەشیان پێکدەهێنا. ئیمڕۆ تەنها سێ وشە هەن خەڵک لە دەوری کۆ دەبێتەوە. ئایا چەپەکان تەنها لە سێ خاڵ یەکدەگرن؟ چ غلۆربوونەوەیەکە! چ ئاوابوونێکە! باشە ئەم سێ وشەیە چین؟ باش گوێبگرن: یاخی بوون و ڕەنگی سوور و ڕووتایەتی. لە یاخی بوون و ڕەنگی سوور خێرا تێدەگەین. باشە لە دەرەوەی ئەم دووە، تەنها ڕووتیی دەمێنێتەوە کە دڵی چەپەکانی بۆ لێدەدات، تەنها ئەم وشەیە وەکو کەلەپووری سەمبۆلی هاوبەش لە نێوانیان دەمینێ، شتێکی سەرنج ڕاکێش. ئا ئەمە کەلەپووری مێژوویەکی مەزنی دوو سەد ساڵە کە دەسپێکەکەی شۆڕشی فەرەنسایە، ئا ئەمە کەلەپووری ڕۆبسپیەر و دانتۆن و ژۆرێس و ڕۆزا لوکسومبورگ و لێنین و گرامێچی و ئەراگۆن و چی گیڤارایە؟ ڕووتایەتییە؟ سکی ڕووت و گواندێنی* ڕووت و سمتی ڕووتە؟ ئا ئەمەیە دوا بەیداغ کە بەژێریا چەپەکان مەزنترین ڕەوتی مێژووییان ساز بدەن؟

باشە ئاخر لەبەر چی ڕووتایەتی؟ بۆ خەڵکانی چەپ، دەبێ ئەمە چ بگەیەنێ؟ پەیمانگای ڕاپرسین لیستێکیان بۆ بنێرێ و ئەوانیش هێڵ بەژێر ئەم وشەیەدا بهێنن؟

مەسیرەی چەپڕەوەکانی ئەڵمانیام دێنێتەوە یاد، لە هەفتاکاندا، بۆ

خـۆپیـشـانـدان و نارەزایی دەربڕین هاتبـوونە سـەر شـەقـام (نازانم، دژ بەبۆمبای نیوکلێر بوو، یا دژی جەنگ یا دژ بەدەسەڵاتی پارە بوو) لەسەر شـەقـامی یەکێ لە شـارە گـەورەکـانی دونیـا، خـۆیان ڕووت کـردبۆوە و هاواریان دەکرد.

دەبێ ئەم خۆ ڕووت کردنەوەیە تەعبیر لە چ بکات؟

گریمانی یەکەم: ڕووتیی بۆ ئەوان بەهاترین سەربەستییە و یەکێکە لەو بەهایانەی کە زۆرترین هەڕەشەی لێکراوە. ئەم چەپڕەوە ئەڵمانانە بەم سەر و ئەوسەری شاردا دەهاتن و دەچوون، گەڵێ خۆیانیان نیشان دەدا، هەر وەکو ئەو مەسیحییانەی کە کاتی خۆی، خاچ لەسەر شان، بەرەو مەرگ دەڕۆیشتن.

گریمانی دووەم: چەپڕەوە ئەڵمانەکان، بەمە سەمبۆلی یەکێ لە بەهاکانیان عەرز نەدەکرد، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاسایی، دەیانویست سەدمە لە لای ئەو خەڵکە دروست بکەن کە خۆشیان بەچارەیان نەدەهات. سەدمە دروست کردن و تۆقاندن و نەفرەت لێ کردنە. پیسایی فیلیان بۆ تێگرن. هەموو پۆخڵەواتی دونیایان بەسەرا بڕژێنن.

دوو فاقییەکی سەیر و عەجایب: ئایا ڕووتی دەبێتە گەورەترین بەها، یا زەبەلاحترین پۆخڵەوات و وەک قۆمپارەیەکی قەستەقول فڕێ درێتە نێو دوژمنەوە.

باشە کاتێک ڤانسان بەژولی دەڵێ: "خۆت ڕووت کەوە" چ واتایەکی بۆی هەیە و هەروەها پێشی دەڵێ: "چ قەپاڵگرتنێکە لە پێش چاوی ئەم دەعبا* قرتاوانە! "؟

ئەی باشە دەبێ بەنیسبەت ژولییەوە چ مانایەکی هەبێت کە بەناسکیی و گـەرمـوگـوڕییـەوە، وەڵام دەداتەوە: "بۆ نەء"، قـۆپـچـەی کـراسـەکـەی دەترازێنێ؟





ڕووتە. کەمێ تووشی حەپەسان دێت و پێدەکەنێ و پێکەنینەکەی نەتر دەدات و لە ڕاستی بەخۆی پێدەکەنێ، نەک بەئەو، چونکە ئا بەم شێوە ڕووت بوونەوەیە، لەم فـەزا پانوبەرینە پڕ جـامـخـانەیە، بۆ ئەو هەند نا ئاساییە و تەنها شتیش بیری لێبکاتەوە، ئەوە ئەو وەزعە نامۆیەیە و هیچی تر. مەمکلغەکەی فڕێ دا، پاشان ئاوەڵکراسەکەی*، بەڵام ڤانسان نەیدەبینی: سـەرنجی ئەوە دەدات ڕووتە، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانێ ئایا بەڕووتی دەبێ چۆن بێ. با بیـخـەینەوە یادی خـۆمـان، چەند سـاتێک لەمـەوبەر، ڤـانسـانمان بینی چۆن تووشی وەسواسەی سمتی ببوو، ئایا هەمـیـشـە بیـر لە سـمـتی دەکـاتەوە، دوای ئەوەی ئاوەڵکراسـە* ئاوریشـمـینەکەی فـڕێ دا؟ نەخێر. ئەم بیـرەی لە لای ڕەوییەوە. لەجیـاتی ئەوەی بەوردی سـەیری ئەم لەشـە بکات کـە خـەریکە ڕووت دەبێـتـەوە، لەجیاتی ئەوەی خۆی لێ نزیک کاتەوە، هێدی هێدی هەستی پێ بکات، بۆ نەء دەستی لێ بدات، نەخێر پشتی تێدەکات و خۆی فڕێ دەداتە حەوزەکەوە.

ئەم ڤانسانە زەلامێکی سەیروسەمەرەیە. سەماکەرانی لەتوپەت کرد، وڕێنەیەکی زۆریشی لەمەڕ مانگەوە دەکرد، لە ڕاستیشدا، ئەم ڤانسانە وەرزشەوانە. خۆی نغرۆ دەکاتە نێو ئاوەکە و مەلە دەکات. لە پڕێکدا، ڕووتیی خۆشی لە بیر نامێنێ، ئەوەی ژولیش، ئەوەی تەنها بیری لێ بکاتەوە، ئەم مەلە کردنەیە کە بازوو و قاچەکانی بەخێرایی دەجوولێنێتەوە.

دوا بەدوای ئەویش، ژولی، چونکە زەرگ نازانێ، بۆیە بەوریایی بەپەیژەکەیا دەچێتە خوارێ. ڤانسان، هەر ئاوریشی لێ ناداتەوە! جێی داخە: غەدر دەکا، چونکە ژولی گەلێ جوانە، زیاد لە پێویستیش جوانە. لەشێکی تیشکهاوێژی هەیە؛ ئەمەش ئەنجامی شەرم نییە، بەڵکو شتێکی

دیکەیە، ئەویش جوانە: ئەنجامی ناقۆڵایی حەمیمییەکی تەنهایانەیە، چونکە، ڤانسان لەبەر ئەوەی سەری لەژێر ئاو دایە، ژولی گومانی لەوەدا نییە کە کەسێکی دیکە نییە تەماشای بکات؛ ئاو تاکو قژی دێت و هەست دەکات ئاوەکە ساردە، حەزیش دەکات خۆی نوقم کات، بەڵام غیرەت ناکات. ڕاوەستا و دوودڵە؛ پاشان، بەئەسپایی پەیژەیەکی دی دەچێتە خوارەوە، هەرچەند ئاوەکە تاکو ناوکی دێت و هەر دوو دەستی نوقم دەکات، بەناو لەپ مەمکی تەڕ دەکات و فێنکی دەکاتەوە. بەڕاستی دیمەنێکی جوانە. ڤانسانی ساویلکە، گومان لە هیچ شتێک ناکات، بەڵام من لە کۆتاییدا ڕووتییەک دەبینم کە تەمسیلی هیچ شتێک ناکات، نە تەمسیلی ئازادی دەکات، نە تەمسیلی پۆخڵەوات دەکات، ڕووتییەکە لە هەموو مانایەکە داماڵراوە، ڕووتییەکی پەتییە، هەر وەکو خۆی، ساف، پیاو شێت دەکات.

لە کۆتاییدا دەست بەمەلە کردن دەکات. زۆر لە ڤانسان هێمنتر مەلە دەکات، سەری نارێکانە سەرئاو دەکەوێت؛ ڤانسانیش، سێ جار ئەمسەر و ئەوسەری ئەو پانزە مەترە دەکات. کاتێک ژولی لە پەیژەکە نزیک دەبێتەوە بۆ ئەوەی سەرکەوێتەوە، ڤانسان خێرا دوای دەکەوێت. هەردووک لە قەراغی حەوزەکەن، لە سەرەوەش لە سالۆنەکەوە غەڵبە غەڵب هەڵدەستێت.

کەمێ پەشۆکان چونکە خەڵکێکی نەناسیاویان لێوە نزیکە، ڤانسان دەست بەهاوار دەکات: "هەر ئێستە پەلامارت دەدەم! " بەگرژییەکی ئاژەڵانە خۆی دەکوتێتە سەری.

چۆن شتی وا ڕوو دەدات، کاتێک هەردووک پیاسەیان دەکرد، ڕووی نەدەهات وشەیەکی پیس چییە بدرکێنێ، وا ئێستاش، ترسی ئەوەی هەیە کە یەکێ گوێی لێ بێت، ئا بەم جۆرە هاوار دەکات و قسەی ناشرین دەدرکێنێ؟



زۆر ڕاستە، چونکە فەزای حەمیمی جێهێشت. کاتێ وشەیەک لە پانتاییەکی بچووک و داخراودا لەفز دەکرێت هەمان دەلالەتی نییە، ئەگەر بێت و هەمان وشە لە ئەمفیتیاترێکدا[۱] لەفز بکرێت. کەواتە تەنها وشەکە لێپرسراو نییە و تەنهاش ئاراستەی ژولی کرابێت، ئەمە وشەیەکە کە ئەوانی تر دەیانەوێ گوێیان لێی بێ، ئەوانەی کەوا لەوێن و سەیری ئەم دیمەنە دەکەن. ڕاستە ئەمفیتیاتر بەتاڵە، بەڵام سەرەڕای بەتاڵییەکەشی، جەماوەری خەیاڵی، جەماوەری ئیحتیمالی لێرەدان، لەگەڵ ئەوان دایە.

دەکرێ پرسیاری ئەوەش بکەین، ئەم جەماوەرە لە کێ پێکهاتووە؛ بڕوا ناکەم مەبەستی ڤانسان جەماوەری کۆڕەکە بێت؛ ئەو جەماوەرەی کە ئێستا دەوریان لێی داوە، زۆرن، داواکاریی زۆرە، شڵەژاو و فزوولی دیارە، بەڵام بەئاسانی شناسنامەیان نازانین، خاوەن ڕوخساری نادیارن و ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو جەماوەرەی ئەو ئەندێشەی دەکات، خەونی سەماکەرانن؟ جەماوەرێکی نادیارن؟ ئەو جەماوەرەیە کە پۆتڤان دەیویست تیۆرییەکانی لەسەری دابڕێژێ؟ کەواتە تێکڕای جیهان دەگرێتەوە؟ هەتا هەتاییەکی بێ ڕوخسار؟ جۆرە تەجرید کردنێکە؟ نەک سەد لە سەد: چونکە لە دواوەی ئەم حەشاماتە نادیارە هەندێ ڕوخساری دیار ئاشکرا دەبوون: پۆتڤان و هاوڕێکانی؛ سەرنجیان دەدەن، پێدەکەنن، سەرنجی ئەم دیمەنە دەدەن. سەرنجی ڤانسان دەدەن، سەرنجی ژولی دەدەن، هەروەها جەماوەرە نەناسیاوەکەش. ڤانسان بۆ ئەوان هاواری دەکرد، دەیەوێ ئیعجاب و ئافەرینی ئەوان بباتەوە.

"ناتوانی دەستم بۆ درێژ بکەی! " ژولی وەڵام دەداتەوە، ئەوێک بەهیچ شێوەیەک پۆتڤانی نەدەناسی، ئەویش ئەم ڕستەیەی وت، بۆ ئەوانەی کە لەوێن و ئەوانەی کە لەوێش نین دەتوانن ئامادە بن. ئایا ئەویش حەز

(۱) مەبەست لە شانۆی یۆنانی کۆنە، هەروەها هۆڵی دەرس وتنەوە و شوێنی کۆڕ گێڕانیش دەگرێتەوە. (وەرگێڕ).

دەکات موعجیب بن پێی؟ بەڵێ، بەڵام ئارەزووی ئەو هەر ئەوەندەیە کە ڤانسان موعجیب بێ پێی. ئارەزووی ئەوە دەکات کە جەماوەرێکی نادیار و نەناس چەپڵەی بۆ لێدات بۆ ئەوەی لە لای ئەو ئینسانەوە خۆشەویست بێت کە بۆ ئەم شەوە هەڵبژارد، چوزانین چ ڕوو دەدات؟ ڕەنگبێ بۆ کەسانی دیش. بەدەوری حەوزەکەدا غار دەدات و مەمکۆڵەکانی بەکامەرانی بەڕاست و چەپدا هەڵتەک هەڵتەکیانە.

ڤانسان تا دێت، بەجورئەتەوە وشەکانی هەڵدەبژێرێ؛ تەنها خەسڵەتی ئیستیعارەییبیان هەندێک لە قسەی ڕووتی بازاڕیی ڕزگارییبیان دەکات.

"بەهینەکەم* هەڵتدەگرم و بەدیوارا داتدەکوتم!

– ناتوانی دامکوتی!

– لە ناوەند حەوزەکە لە خاچت دەدەم!

– لە خاچ نادرێم!

– لەبەر چاوی عالەم سمتت دەدڕم!

– ناتوانی بیدڕی!

– هەموو دونیا کونی ڕەشت* دەبینن!

ژولی بەهاوار کردنەوە

– کەسێک ناتوانێت ببینێ!

ئا لەم کاتەدا، جارێکی تریش، گوێیان لە دەنگی زۆر نزیک دەبێت و وەکو ئەوەی هەنگاوە سووکەڵەکانی ژولی قورس بکەن و داوای لێدەکات ڕاوەستێت: ژولی دەست بەقیژەیەکی کەڕکەڕ دەکات، هەر وەکو دەست بۆ ژنێک درێژ کرابێت. ڤانسان دەیگرێ و هەردووک پێکڕا بەردەبنەوە. ژولی سەیری دەکات، چاوانی کراوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکات ڤانسان پەلاماری بدات و بڕیاری ئەوەشی داوە کە بەرگری نەکات. ژولی لینگی دەکاتەوە. چاوانی دادەخات. بەئاستەم سەری بەلایەکدا وەردەچەرخێنێ.



## ٣٥

هیچ ڕووی نەدا. هەر هیچ ڕووی نەدا، چونکە ئەندامی ڤانسان وەکو شاتوویەکی چرچ و لۆچی کێوییە، وەکو ئەسکیفێکی دورمانی داپیرەیە.

ئەرێ بۆچی هەند بچووکە؟

ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ لە ئەندامی ڤانسانی دەکەم، ئەندامیش بەئاشکرا تووشی حەپەسان دێت و لە وەڵامدا دەڵێ: "بۆ نابێ هەند بچووک بم؟ هیچ هەست بەپێداویستییەکی ئەوتۆم نەکردووە بۆ ئەوەی گەورە بم! بڕوام پێبکەن، ئەم فیکرەیەم قەد نەهاتووە بەخەیاڵا! ئاگادار نەکراومەتەوە. لەگەڵ ڤانسان هاوتەبام، بەسەرسوڕمانیشەوە بەدەوری حەوزەکە غارم دەدا و حەزیشم دەکرد بزانم چی بەسەر دێت! بەباشی ڕامبوارد! ئێستاش ڤانسان بەوە تاوانبار دەکەی کە بێ توانایە! تکات لێ دەکەم! ئەمە بەتەواوی هەستم بریندار دەکات و تووشیی تانیبی وێژدانم دەکات و کارێکی ناڕەوایە، چونکە ئێمە هەردووک لە هارمۆنییەکی موتلەقدا دەژین و تکاشت لێ دەکەم، تووشی بێ هیوایمان مەکە. من هەمیشە شانازی پێوە دەکەم، هەروەها ئەویش شانازی بەمنەوە دەکات! "

ئەندامەکە ڕاستی دەکرد. لە لایەکی تریشەوە، ڤانسان بەهەڵسوکەوتی ئەندامەکەی تەریق نەبووەوە. ئەگەر ئەندامەکەی ئا بەم جۆرە لە ئەپارتمانەکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکردبایە، هەرگیزاو هەرگیز لێی خۆش نەدەبوو. بەڵام لێرە، ئەم هەڵسوکەوتەی زۆر بەماقووڵ لێکدایەوە و هەروەها بەسەنگینی لە قەڵەم دا. کەواتە بڕیاری ئەوە دەدات کە شتەکان هەر وەکو خۆی چۆنە ئەوها وەرگرێت و وا پیشان بدات کە جووت دەبێت لەگەڵی.

ژولیش، دیسانەوە نە تەریقبووەوە، نە هەستیشی بەحیرمان کرد. هەستی دەکرد لەشی ڤانسان لە سەرەوە دەجوولێتەوە و لە خوارەوەش هیچ شتێکی

وا ڕوو نادات، ئەمــەی لە لا غــەریب بوو، بەڵام بۆ نا، پێی ڕازی بوو و ئەویش واتە ژولی، ئەویش هەر بەلەشی، وەڵامی جوولانەوەی دۆستەکەی دەدایەوە.

ئەو دەنگانەکەی پێش چەند ساتێک گوێیان لێ بوو، وا هەست دەکرا دوور دەکــەونەوە، بەڵام غــەڵبــە غــەڵبــێکی دیکە لەو فــەزایە دەنگی دەدایەوە: دەنگی پێی یەکێ بوو بەو ناوەیا غاری دەدا.

هەناسەبڕکێی ڤانسان خێراتر و هەراشتر دەبێت؛ دەمرخێنێ و دەبۆڕێنێ، لە هەمــان کــاتیــشــدا، ژولی دەنووزێتــەوە و هەنسک دەدات، چونکە لە لایەک، لەشە تەڕەکەی ڤانسان ئازاری دەدات کە بێوچان دەکەوێتە سەر لەشی ئەو، لە لایەکی دیکەش، دەیەوێ بەم جۆرە وەڵامی مرخە مرخەکانی ئەو بداتەوە.



## ٣٦

تەنها لە دوا لەحزەدا زانا چیکەکە چاوی پێکەوتن، نەیتوانی خۆی لێیان بپارێزێ. بەڵام بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، هەر وەک لەوێ نەبێ وایە، چاوی بەلایەنی دیکە گڕ دەدات. کەمۆکەیەک دڵەڕاوکێی هەیە: بەتەواوی سـەر لە ژیانی ڕۆژئاوا دەرناکـات. لەناو جـوغـزی ئیـمـپـراتۆرییـەتی کۆمۆنیسمدا، لە دەور حەوزێ مومارەسەی خۆشەویستی مومکین نەبوو، نەک ئەمە بەڵکو مومارەسەی چەندین شتی دیکەش؛ دەبێ هێدی هێدی خۆی بەم جۆرە ژیانە ڕابهێنێ. وا گەیشتە دیوەکەی تری حەوزەکە و حەزی بەوە دەکرد کە ئاوڕێک بداتەوە و بەلایەن کەم بەقونە چاو خێرا تەماشای ئەو جـووتە بکات کـە خـەریکی جـووتبـوونن؛ چونکە سـەری لە شـتـێک دەرنەدەچوو: ئایا ئەو پیاوە بەتەواوی لەشی خۆی بۆ کاری وا ڕاهێناوە؟ چ شتێک لە هەققەتدا بۆ پەروەردەکردنی لەش سوودمەندە، خۆشەویستی فیزیکی یا کاری دەستیی؟ بەسەر حەز و ئارەزووەکانی زاڵە، نەیدەویست بەڤۆبۆری[1] نەچوێن.

لە دیوەکەی تری حەوزەکە ڕادەوەستێ و خۆی بەوەرزش کردنەوە خەریک دەکات: سەرەتا، دەست بەڕاکردن دەکات و ئەژنۆی بەچاکی بەرز دەکاتەوە؛ پاشان خۆی لەسەر دەست ڕادەگرێت و پێیەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە؛ هەر لە منداڵیـیـەوە ئەم مـەشقـە فـێر بووە کـە جۆمنازەکـان پێی دەڵێن سـەرمـوقـولانج، ئێسـتـاش هەر وەکـو جـاری جـاران چاکی لێ دەزانێ. پرسیارێکیش مێشکی داگیر دەکات: دەبێ چەند زانای فەرەنسی هەبێت، چەند وەزیر هەبێت، بتوانی ئەمە بکەن؟ ناو و ڕەسمی هەموو وەزیرەکانی فەرەنسای بەخەیاڵ دێت، ناوی هەموویان دەزانێ و ڕەسمەکانی بینیون و

(١) وشەیەکی فەرەنسییە، بەو کەسە دەوترێت ئارەزووی بینینی دیمەنی ئیرۆتیکی دەکات بەبێ ئەوەی خۆی ببینرێت. (وەرگێڕ).

دەیەوێ بەخەیاڵ بیانبینێ کە ئەوانیش هەمان مەشق دەکەن، هاوسەنگ لەسەر ناولەپ ڕاوەستێن و قاچەکانیان بەرەو حەوا بەرز دەکەنەوە و دڵی بەمە خۆشە: وەکو ئەوەی ئەو دەیبینێ، هەموو لاواز و لاسانگ وەستاون. دوای ئەوەی حەوت جاران ئەم مەشقە دەکات، خۆی لەسەر سک دەخەوێنێ و دەست دەکات بەشناو کردن.



## ٣٧

نە ژولی نە ڤانسان ئاگایان لەوە نییە چی لە دەوروبەریان ڕوو دەدات. ئێکزیبسیۆنیست نین، نایانەوێ تەماشای هیتران ببووژێننەوە؛ ئەمە ئاهەنگی ئۆرژی نییە، ئەمە سپێکتاکلە، و ئەکتەرەکانیش لە کاتی عەرزدا نایانەوێ چاویان بەچاوی تەماشاکەران بکەوێت. لە ڤانسان زیاتر، ژولییە و بەهیچ شێوەیەک نایەوێ کەسێکی دی ببینێ؛ بەڵام توانای ئەوەی نییە خۆی لەو تەماشاکردنە بپارێزێ کە دێت و بەقورسیی لەسەر ڕوخساری دەنیشێتەوە.

چاوێ بەرز دەکاتەوە و دەبینێ: کراسێکی زۆر جوانیی سپی لەبەردایە و بەڕاوەستاویی دەمێک تێی دەڕوانێ، تەماشا کردنەکەی نامۆ دیارە و قورسیشە، گەلێ قورسە؛ قورس چەشنی بێهیوایی، قورس وەکو ئەوەی نازانم چی بکەم، ژولیش، لەژێر ئەم بارستاییە ئیفلیج دەبێت. جوولەکانی سست دەبنەوە و دەژاکێن، چەند حنکێک و ئیتر بێ دەنگ دەبێت.

ژنە کراس سپی لەبەرەکە حەزێکی شێتانەی تیایا بۆ ئەوەی بقیژێنێ، بەڵام خۆی دەگرێ، ناتوانێ خۆی لەم ئارەزووە بشارێتەوە، چونکە گەلێ لەوە بەهێزترە کە بۆ کەسێکی دەکات کە هەرگیز گوێی لەم هاوارە نابێت. هەندە نابات، خۆی پێ ناگیرێت و لە پڕێکدا، قیژەیەک دەکات، قیژەیەکی باریک و سامناک.

ژولی ڕادەچڵەکێ، خۆی ڕاست دەکاتەوە، دەرپێکەی هەڵدەگرێ و دەیکاتە پێی و خێرا خۆی بەکراسەکەی دادەپۆشێ و بۆی دەردەچێ.

ڤانسان لەو خاوترە. کراس و پانتۆڵەکەی کۆ دەکاتەوە، بەڵام دەرپێکەی نادۆزێتەوە.

چەند هەنگاوێک لە پشتەوە، پیاوێکی بێجامەلەبەر، ڕەق ڕاوەستاوە، نە کەس دەبینێ، نە کەسیش ئەو دەبینێ، بەتەرکیزەوە سەیری ژنە کراس سپییەکە دەکات.

نەیدەتوانی ئەو ڕەفزەی بێرک هەرس بکات، بۆیە ئەم ئارەزووە شێتانەیەی تیا دروست بوو: بچێت و ئیسارەی کات و بەو کراسە سپییەوە بەدەوریا بخولێتەوە (ئایا جوانییەکی پاکیزە ڕەنگی سپی نییە؟)، بەڵام ئەم چوونەی بۆ سالۆنی کۆشکەکە و گەڕانی لە داڵانەکاندا بەهیچ چوو: بێرک لەوێ نەمابوو و کامێرامانیش، نەک بەهێمنیش وەک سەگێکی ناجنسی نابووت دوای کەوتبوو، بەڵکو بەدەنگێکی ناچیزە و بەهێز قسەی ئاراستە دەکات. ئیماکولاتا سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی قۆزتەوە، بەڵام سەرنجێکی زۆر ناقۆڵا و گاڵتەجارِ، بەجۆرێک هەنگاوی گورج هەڵدەنێ و بەم جۆرە هەڵدێ، تا دەگاتە بەردەم حەوزی گەرماوەکە و چاوی بەم دووە دەکەوێ کە خەریکی جووتبوونن و ئیتر دەست بەقیژە دەکات.

ئەم قیژەیە بەخەبەری دەکاتەوە: هەر خێرا و بەڕوونی هەست بەو تەڵەیە دەکات کە تەقییەوە سەری: ئەوەی دوای کەوتووە لە دواوەیە و لە بەردەمیش ئاو. ڕوونبین، لەوە تێدەگات کە ئەم ئابلۆقەیە بێ دەروازەیە و تاقە دەروازەش شک بەرێت، دەروازەیەکی ناعاقڵانەیە؛ تاقە چارەسەری عاقڵانەی لە بەردەم مابێتەوە، ئەوە چارەسەرێکی شێتانەیە، بەهەموو هێزی ئیرادەی خۆیەوە شتێکی ناهەموار هەڵدەبژێرێ: دوو هەنگاو دەچێتە پێشەوە و خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوەکەوە.

جۆری خۆ هاویشتنەکەشی گەلێ سەیر بوو: بەپێچەوانەی ئەوەی ژولی، زەرگی زۆر باش دەزانێ، بەڵام بەسەر کەوتە ناو ئاوەکەوە، بازووەکانی ناتەبا بەملا و ئەولایا یەکئاڵا دەبوونەوە.

چونکە جووڵانەوەی ئەندامی لەش، جگە لە وەزیفەی عەمەلی خۆیان، واتای دیکەشیان هەیە کە تەجاوزی ویستی کەسەکە دەکەن؛ کاتێک یەکێک بەمایۆوە خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوەوە، لە جووڵەی ئەندامەکانی، هەر دڵخۆشییە و تەعبیر لە خۆی دەکات، بەپێچەوانەشەوە، غەمگینی هاویاری ئەوانەیە کە بەم جۆرە خۆیان فڕێ دەدەنە ناو ئاوەوە.



کاتێک یەکێک بەجلوبەرگەوە خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوەوە، بەڕاستی شتێکی ترە، تەنها ئەوانەی کە مەبەستیان لە خۆکوژییە، خۆیان بەجلوبەرگەوە فڕێ دەدەنە ناو ئاوەوە و ئەوەشی دەیەوێ خۆکوژی بکات، زەرگ ناهاوێژێت؛ خۆی شلۆپ دەکەوێنێ: ئا بەم جۆرە زاکیرە قووڵی جووڵانەوەی ئەندامەکان زمانی خۆیانیان دەبێت. هەر بۆیە ئیماکولاتا، سەرەڕای ئەوەی مەلەزانێکی دەگمەنیش بوو، نەیدەتوانی بەو کراسە جوانەیەوە، بەشێوەیەکی دیکە خۆی فڕێ داتە ناو ئاوەوە.

بەبێ هیچ هۆیەکی عاقڵانە، وا خۆی لەناو ئاوەکە دەبینێتەوە؛ وا لەناو ئاوەکە دایە، ملکەچی کردەکەی خۆیەتی و ماناکەی وردە وردە ڕۆحی داگیر دەکەن؛ هەست دەکات خۆکوژی خۆی دەژێت، خۆخنکاندنی خۆی، ئیتر لەمەودوا هەر چییەک بکات، تەنها پانتۆمیم و باڵێیەکە کە جووڵانەوە تراژیدییەکانی درێژە بەخیتابە بێدەنگەکەی دەدەن: دوای ئەم کەوتنە ناو ئاوەوە. خۆی ڕاست دەکاتەوە. ئا لەو شوێنەی کە ئەو خۆی فڕێ دا، ئاوەکە زۆر قووڵ نەبوو، ئاوەکە تا ناوقەدی دەهات، چەند چرکەیەک بەڕاوەستاوی مایەوە، سەر قیت و پشت قۆقز. پاشان جارێکی دی خۆی بەر دەداتەوە. ئا لەم کاتەدا، ملپێچێک لە کراسەکەی جیا دەبێتەوە و سەر ئاو دەکەوێت، هەر وەکو چۆن یاداشت دوای مردووان سەر ئاو دەکەوێت. جارێکی دیش قیت دەبێتەوە، کەمۆکەیەک سەری بەپشتا چەماوەتەوە، بازووەکانی دوور لە خۆی؛ وەکو ئەوەی بیەوێ غار بدات، چەند هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە، دەگاتە ئەو شوێنەی کە عەردی حەوزەکەی لێژاییە، جارێکی دیش خۆی نوقم دەکاتەوە. ئا بەم جۆرە دەچێتە پێشەوە، هەر بەئاژەڵێکی ئاوی دەکات، بەسۆنەیەکی ئەفسانەیی دەکات کە سەری خۆی نوقمی ئاو دەکات و جارێکی دیش بەرەو پشتەوە بەرزی دەکاتەوە. ئەم حەرەکاتانە گۆرانی بۆ ئارەزوویەک دەچڕن کە حەز لە بەرزاییەکانی ژیان دەکات یا ئەوەتا خۆ نغرۆ کردنە نێو قووڵاییەکانی ئاوە.

بێجامە لەپێیەکە دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و دەست بەگریان دەکات: "وەرەوە، وەرەوە من تاوانبارم، من تاوانبارم، وەرەوە! "

## ٣٩

لەوبەری حەوزەکە، لە بەرەی قوولّەکە، زانا چیکەکە خەریکی شناو کردنە و تەماشاکانیشی حەپەساون: سەرەتا وای بیر دەکردەوە کە ئەو ژنە و پیاوەی کە تازە بەتازە گەیشتنە ئەوێ، ئەوا هاتوونە لای ژن و پیاوەکەی دیکە و هەندە نابات، چاوی بەو پارتوزە(١) ئەفسانەییە دەکەوێت، ئەو پارتوزەی کە دەمێک بوو گوێی لێ بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لەسەر ئەسکەلەکانی ئیمپراتۆرییەتی کۆمۆنیسمی توندڕەو ئیشی دەکرد. هەر لەبەر عەیبەش، بیری لەوەش دەکردەوە کە لە زرووفی وا دا، پێویست دەکات ئەم شوێنە جێبهێڵێ و بگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی. پاشان ئەو قیژە بەرز ئاخنرایە گوێیەکانی و هەردوو بازووی خاو بوونەوە و لەشی وەکو پەیکەری لێهات، هەرچەندە تەنها هەژدە جاری کردبوو و بەس، مەشقەکەی ڕادەگرێت. لە پێش چاوی ئەو ژنە کراس سپی لەبەرەش کەوتە ئاوەکەوە و ملپێچێکیش سەر ئاو کەوتووە و وردە گوڵی شین و سووریش عەردی ملپێچەکەیان داپۆشیبوو.

ڕەق وەستا و، شان و ملی بەرز کردەوە، زانا چیکەکە لەوە تێگەیشت کە ئەو ژنە نیازی خۆ خنکانی هەبوو: هەوڵی ئەوەی دەدا کە سەری نوقم کاتە ژێر ئاوەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیرادەی هەندە بەهێز نەبوو، هەمیشە سەری بەرز دەبووەوە. زانا تەماشای خۆکوشتنێک دەکات هەرگیز لەوەوپێش وێنەی وای بەخەیاڵا نەهاتبوو. ئەو ژنە نەخۆشە یا بریندارە یا ئەوەتا ڕاوەدەنرێت؛ خۆی بەرز دەکاتەوە و جارێکی دیکەش نوقمی ئاوەکە دەبێتەوە، ئەم دیمەنە دووبارە دەبێتەوە، بێگومان مەلە نازانێ؛ تا دێتیش، زیاتر نوقمی ئاوەکە دەبێت و هەندە نابات ئاو هەموو لەشی دادەپۆشێ و لە پێش چاوی ئەو بێجامە لەبەرە دەست و پێ سپییە دەمرێت و ئەویش

(١) مومارەسەی خۆشەویستی بەکۆمەڵ. (وەرگێڕ).



لەسەرچۆک سەیری دەکات و دەگریێ.

زانا چیکەکە ئیتر خۆی یەکئالا دەکاتەوە: هەڵدەستێ، خۆی بەلای ئاوەکە دەچەمێنێتەوە و ڕانی دەنووشتێنێتەوە و بازووشی بەرەو دواوە گرژ بۆتەوە.

کابرای بێجامەلەبەر ئیتر سەیری ژنەکە ناکات، سەری لە هەیکەلی ئەو پیاوە نەناسیاوە سووڕماوە، زل و زەبەللاح، بەهێز و سەیریش گێڕوگەواڵ، ڕێک بەرامبەرییەتی، دە پانزە مەترێک و بەس، خەریکە خۆی تێکەڵی درامایەک دەکات کە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە؛ مەبەست لەو درامایەیە کە ئەو بێجامەلەبەر حەز دەکات تەنها هی خۆی و هی ئەو ژنە بێت کە خۆشی دەوێ و بەس. چونکە، کێ هەیە گومان لەوە بکات؛ خۆشی دەوێ، قینەکەی شتێکی کاتییە؛ ناتوانێ قینی لێ بێتەوە و بەردەوامیش بێت لەم قین لێهاتنەوەیە، سەرەڕای ئەوەشی گەلێ ئەشکەنجەی داوە.

ئەوەشی دەزانێ لەژێر فشاری هەستی ناعاقڵانە و کێوی بەم کارە هەڵسا، لەژێر فشاری ئەو هەست ناسکییە عاجباتییە بوو کە خۆشی لێی تێناگات و هەروەها بەپیرۆزیشی دەزانی. سەرەڕای ئەوەی جوێنێکی زۆری پێدا، لە قووڵایی ناخی، ئافرەتێکی بێتاوانە و تاوانباری ڕاستەقینەی ئەم شەڕوشۆڕ و ناتەباییە چاوەڕوان نەکراوەی نێوانیان یەکێکی دیکەیە. نایناسێت و ناشزانێت لە کوێیە، بەڵام ئامادەیی ئەوەی تیایە بەرەو ڕووی بێتەوە. ئا لەم حالەتە زیهنییەدا، سەیری ئەو پیاوە دەکات کە سپۆرتانە بۆ سەر ئاوەکە دەچەمێتەوە و وەکو ئەوەی بەنج کرابێت، سەیری لەشی دەکات، چوست و ماسوولکەکانی لەشیشی پتەو و غەریبیش لەشێکی نەگونجاوی هەیە، ڕانی پانوپۆڕی ژنانە و پوزی گەورە و حۆل، لەشێکی بێهودە و هەر چەشنی ناعەدالەتێکی قەوارە پێدراو. هیچ شتێک لەبارەی ئەو پیاوە نازانێ، گومانی هیچیشی لێ ناکات، بەڵکو لە تاو ئازارەکانی کوێرایی داهاتووە، لەو پەیکەرە مێژووییە دزێوەدا، وێنەی بەدبەختیی خۆی دەخوێنێتەوە کە ڕاڤەکردنی مومکین نییە و بەرامبەر بەو پیاوە هەست

بەقینێکی ملهوڕیش دەکات و تیایا زیندوو دەبێتەوە.

زانا چیکەکە زەرگێک دەهاوێژێ و بەچەند باسکە مەلەیەکیش لە ژنەکە نزیک دەبێتەوە.

"وازی لێبهێنە! " بێجامەلەبەرەکە هاوار دەکات و ئەویش خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوەکەوە.

زانا چیکەکە تەنها دوو مەترێک ماوە بگاتە ژنەکە و پێیەکانی وا لە زەمینی حەوزەکە دەدەن.

بێجامەلەبەرەکە بەرەو ئەو دەچێت و جارێکی دیش هاوار دەکاتەوە: "وازی لێبهێنە! دەستی لێ نەدەیت! "

زانا چیکەکە بازووی بۆ ژێر لەشی ژنەکە درێژ دەکات و هەناسەیەکی درێژ دەدات.

ئا لەم کاتەدا، بێجامەلەبەرەکە، لێی نزیک بۆتەوە: "بەریدە یا ئەوەتا دەتکوژم! "

لەبەر خوڕەی فرمێسکەکانی هیچ شتێکی دیکە نابینێ، هیچ شتێکی دیکە جگە لە سێبەری لەشێکی گێڕوگەواڵ. شانێکی دەگرێت و بەهێز ڕایدەوەشێنێ. زاناکە لا دەدات و ژنەکەش لەسەر بازووەکانی غلۆر دەبێتەوە. ئیتر هیچ کامێکیان بەتەنگی ئەو ژنەوە نایەن، هەردووک خەریکن بەرەو پەیژەکە دەچن و سەردەکەون. زاناکە سەیری چاوە بەکینەکانی بێجامەلەبەرەکە دەکات و چاوانی ئەویش بەقینێکی هاوشان دەبریسکێنەوە. بێجامەلەبەرەکە خۆی پێ ناگیرێت و مستێکی لێ دەدات.

زاناکە هەست بەئازار لەسەر دەموپلی دەکات. بەزمان لەوە تێدەگات کە دانێکی پێشەوەی لەق بووە. دانێکی درۆزنە بوو کە زۆر بەمەحکەم لە ڕەگی ئەوەی پێشوو لە لایەن دانسازێکی شاری پراگ ڕاگیرا بوو و دانی درۆزنەی دیکەی دەوروبەری خۆی ڕاگرتبوو، زۆر بەشێلگیری ئەوەشی بۆ باس کردبوو کە ئەمیان وەکو کۆڵەگەیەک وایە ئەوانی دیکە ڕادەگرێ،



ئەگەر هاتوو ڕۆژێکیان ئەمیانت لەکیس چوو، ئەوە هەموو ئەوانەی تر جێ لەق دەبن، بۆیە زانا چیکەکە تووشی دڵتەزانێکی بەدەر لە وەسف دەکات. بەزمان دەکەوێتە سۆراغی دانەکە و ڕەنگی دەپەڕێ، سەرەتا دڵەڕاوکەیەکە، پاشان شێتوهار دەبێت. هەموو ژیانی لە بەردەمیا قووت دەبێتەوە و فرمێسک بۆ جاری دووەم، هەر ئیمرۆکە چاوانی غەرقکرد؛ بەڵێ دەست بەگریان دەکات، لەناو گەرمەی گریان دەبێت ئەمەی بەخەیاڵا دێت: هەموو شتێکی لەکیس چوو، تەنها بازوو و ماسوولکە ڕەپەکانی ماون، بەڵام ئیتر ئەم بازووانە، ئەم بازووە هەژارانە بەچی دەچن؟ هەروەکو ئیسپرینگێک، ئەم پرسیارە بازووی ڕاستی دەخاتە جوولەیەکی زۆر توندەوە: شەپازللەیەک، شەپازللەیەکی بەهێز بەقەد غەمگینی تاخمێکی دان، بەهێز وەکو نیو سەدەی پانپانۆکێی* لەبارچووی قەراغ حەوزەکانی فەرەنسا، دەکێشێتە بنا گوێی بێجامەلەبەرەکە، بێجامەلەبەرەکە لەژێر ئاوەکە ون دەبێت.

کەوتنەکەی هەند خێرا بوو، هەندە گونجاو بوو زانا چیکەکە هەست دەکات کوشتی، دوای چەند ساتێکی حەپەسان، دەچەمێتەوە و بەرزی دەکاتەوە و چەند زللەیەکی هێواش دەساوێتە ئەملا و ئەولای ڕوخساری؛ کابرا چاوی دەکاتەوە، تەماشا لێڵەکەی دەکەوێتە سەر لەشە گێڕوگەواڵەکە و پاشان خۆی ڕزگار دەکات و بەرەو ژنەکە و بەرەو پەیژەکە دەچێت.

ژنەکە، لەسەر چینچک لە دەوری حەوزەکە خۆی گرمۆڵە دابوو و بەوردی سەرنجی بێجامەلەبەرەکەی دەدا، بیری لە تەڵاش و کەوتنە ناو ئاوەکەی دەکردەوە. کاتێکیش دەگاتە قەراغە کاشیرێژەکە، ژنەکە هەڵدەستێ و بەبێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە، لەسەرخۆ بەرەو پەیژەکە دەچێت بۆ ئەوەی بێجامەلەبەرەکە دوای بکەوێت. ئا بەم جۆرە، بەبێ ورتە، شاهانە تەڕ بوونە، بەساڵۆنەکەدا تێدەپەڕن (دەمێکیشە کەسی تیا نەماوە)، داڵانەکە دەبڕن و دەگەنە ژوورەکەیان. جلوبەرگەکانیان چۆڕەی دێت، لەبەر سەرماش هەڵدەلەرزن، دەبێ جلوبەرگەکانیان بگۆڕن.

ئەی دوایی؟

مەبەست لە دوایی چییە؟ پێکرا دەنوون، ئەی بیرتان لە چی تر دەکردەوە؟ بەدرێژایی ئەم شەوە بێدەنگن، تەنها ئەوە نەبێت، ژنەکە بەنووزانەوە شەو دەباتە سەر وەک ئەوەی غەدریان لێ کردبێت. ئا بەم شێوەیە هەموو شتەکان بەردەوام دەبن، ئەم دیمەنەی کە ئەمشەو پێشکەشیان کرد، بەڕۆژ و بەهەفتە دووبارەی دەکەنەوە. بۆ ئەوەی پێی نیشان بدات کە ژنێکی بازاڕیی نییە، لە سەرووی ئەم جیهانی ئاساییەوەیە کە بێزی لێ دەکاتەوە، جارێکی دیش وای لێ دەکات کە بۆی بێتە سەرچۆک، دان بەتاوانەکەی دادەنێت، دەگریێ، ژنەش شەڕانیتر دەبێت، لەگەڵ هیتران دەردەچێت، بەبێوەفای دادەنێ، ئازاری دەدات، دەیشکێنێت، جارێکی دی لێی یاخی دەبێتەوە، زمانی شەلاتیانی دەبێت، هەڕەشەی لێ دەکات، بڕیاری ئەوەش دەدات شتێکی زۆر ناقۆڵا بکات، ئینجانەیەک دەشکێنێ، جوێنی پیس دەدات، بۆیە ژنە ترس دایدەگرێتەوە، بەدەسدرێژکەر و توندڕەویش ناوی دەزڕێنێ، جارێکی دیکە بۆی دێتەوە سەرچۆک، جاڕ بۆ تاوانباری خۆی لێ دەدات، ژنە بڕیاری ئەوەی پێ دەداتەوە جارێکی دیش لەگەڵیا بچێتە جێگاوە و ئا بەم جۆرە، ڕۆژ و هەفتە تێدەپەڕن، ساڵ دێت و ساڵ دەڕوا.





ئەی زانا چیکەکە؟ زمانی نووسایە ئەو دانەی کە لەق بوو، بەخۆی دەڵێ: لەم ژیانە چیم بۆ ماوەتەوە: دانێکی لەق و ترسی ئەوەش کە دەبێ لەمەولا تاخم هەڵگرم. هەر ئەمە و بەس؟ هیچی دیکە؟ هیچ. لە ڕێگای ڕۆشنبینییەکی کتوپڕدا، هەموو ڕابردووی نەک وەک موغامەرەیەکی مەزنی پڕ ڕووداوی تاک و تراژیدی، بەڵکو وەکو تۆزقاڵێ ڕووداوی تێکەڵوپێکەڵێ بێ سەروشوێن کە هەموو گەردوونیان لە چاونوقێکدا تەی کرد بەبەردەمیا تێپەڕی کە ئیتر لە توانایدا نییە لە یەکتریان جیا کاتەوە، بەجۆرێک کە ڕەنگبێ بێرک هەقی بووبێت کە بەهەنگاری بچوێنێ، یا بەپۆلۆنییەک، چونکە زۆر پێی دەچێ هەنگارییەک یا پۆلۆنییەک یا تورکێک، یا ڕووسێک بوایە، بۆشی هەیە منالێکی سۆمالی بێت لە کاتی گیانداندا. کاتێ شتەکان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕن، کەس لە هیچ دڵنیا نییە، لە هیچ دڵنیا نابین، تەنانەت لە خۆشمان.

کاتێ کە باسی شەوەکەی خاتوو ت یم کرد، ئەو هاوکێشە بەناوبانگەم هێنایەوە یاد کە لە فەسلی یەکەمی نامێلکەی ماتماتیکی وجوودیدا هاتووە: پلەی خێرایی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەتەناسوبی پلەی لە بیرکردنەوە هەیە. لەم هاوکێشەیەوە دەکرێ چەندین پەیوەندی بقۆزینەوە، لەوانە: ئەم سەردەمەی ئێمە خۆی داوەتە دەست شەیتانی خێراییەوە، هەر بۆیەشە زوو خۆی فەرامۆش دەکات. بەڵام دەمەوێ ئەو هاوکێشەیە سەروژێر بکەم و بڵێم: ئەم سەردەمەی ئێمە هاجیسی فەرامۆشکردنی هەیە و بۆ ئەوەی ئەم ئارەزووە بەدەست بهێنێ، بۆیە خۆی دەداتە دەستی شەیتانی خێراییەوە، هەنگاوەکانی گورج دەکات بۆ ئەوەی ئەوەمان تێبگەیەنێ کە نایەوێ بێتەوە یادمان و لە دەستی خۆی بێزارە، بێز لە خۆی دەکاتەوە و دەیەوێ ئەو گڕە لەرزۆکەی زاکیرەش بکوژێنێتەوە.

هاوولاتی خۆشەویستم، هەڤاڵ، ئەی کاشیفی بەناوبانگی موسکا

پراژێنیسیس، کرێکاری قارەمانی سەر ئەسکەلەکان، نامەوێ چیتر ئازارت بەدەستەوە بچێژم، ئا ئەوها بتبینم لەناو ئەو ئاوە ڕاوەستاوی! تووشی پەتا دەبیت! هاوڕێ! برا! هەندە ئازاری خۆت مەدە! دەرچۆ! برۆ بخەوە. دڵت بەوە خۆش بێت کە فەرامۆش کراوی. خۆت لەناو پەشتەماڵی نەرمونۆڵی لە بیرچوونەوەی گشتیدا بپێچەرەوە. بیر لەو پێکەنینە مەکەرەوە کە هەستی بریندار کردی، ئەو پێکەنینەش وەکو ڕابردووی سەر ئەسکەلەکانت کۆتایی هات، هەروەها شکۆمەندی ڕاونانت کۆتایی هات. کۆشک هێمنە و پەنجەرەکان بکەرەوە با بۆنوبەرامەی درەختەکان ژوورەکەت پڕ کەن. هەناسە بدە. ئەمانە درەختی شابەڕوون، تەمەنیان سێ سەدەیە. ورشەی ئەو درەختانە، هەمان ئەو ورشانەن کە کاتی خۆی خاتوو ت و سوارچاکەکە گوێیان لێ دەبوو، کاتێ لە کۆشکە بچووکەکە خۆشەویستییان دەکرد، ئەو کۆشکە بچووکەی کە لە پەنجەرەکەی تۆوە دیار بوو، بەڵام تۆ نایبینی، ئەفسووس، چونکە دە پانزە ساڵ دواتر لەناو کەف و کوڵی شۆڕشی ١٧٨٩دا رووخێنرا و لەو چەند لاپەڕەیەی ڤیڤان دێنۆن کە تۆ نەتخوێندۆتەوە و هەرگیزیش نایخوێنیتەوە، هیچی تر شک نابەین.



## ٤٢

ڤانسان دەرپێکەی نەدۆزییەوە، پانتۆڵەکەی کردە پێی و کراسەکەی لەبەرکرد، بەبێ ئەوەی لەشی وشک کاتەوە و بەدوای ژولیا ڕایکرد. بەڵام ژولی زۆر خێرا و ئەویش زۆر لەسەرخۆ. ڤانسان بەدالانەکەدا دەگەڕا، سەرنجی ئەوەی دا کە ژولی لەو ناوە نەماوە. لەبەر ئەوەی ژوورەکەی ژولی نەدەهاتەوە یاد و ئەوەشی دەزانی بەختی زۆر نییە لەوەی کە بیدۆزێتەوە، بەڵام بەدالانەکەیا دەهات و دەچوو بەهیوای ئەوەی دەرگایەک بکرێتەوە و گوێی لە دەنگی ژولی بێت و پێی بڵێ: "وەرە ڤانسان، وەرە. " بەڵام لەو کاتەدا هەموو خەڵک نووستوون و گوێمان لە هیچ دەنگێک نابێت و دەرگاکانیش هەموو داخراون. بەچرپە: "ژولی، ژولی! " چرپەکەی هەراشتر دەکات، بەڵام تەنها بێدەنگیی وەڵامی دەداتەوە. بیری لێ دەکاتەوە. بیر لە ڕوخساری دەکاتەوە، چۆن لەژێر تریفەی مانگ سپی دەچووەوە. بیری لە سمتە خڕەکەی دەکاتەوە، ئای بۆ ئەو سمتە ڕووتەی کە چەند لێی نزیک بووەوە و هیچی لێ نەکرد، هەر هیچی لێ نەکرد. نە دەستی لێ دا، نە بینی. ئای بۆ ئەو وێنە سامناکە و جارێکی دیش ئەندامەکەی دێتەوە هۆش، دێتەوە ئاگا، خۆ دێتەوە ئاگا، ئەمجارە، بێ سوود و بێ حیکمەت و بەویقارەوە دێتەوە ئاگا.

دەچێتەوە ژوورەکەی، خۆی فڕێ دەداتە سەر ئەسکەمبیلێک و لەناو مێشکیشی تەنها ئارەزووی ژولی پەنگی خواردۆتەوە. ئامادەیە هەموو شتێک بکات لە پێناوی ئەوەی ژولی بدۆزێتەوە، بەڵام هیچی لە دەست نایەت. سبەینێ دێتە چێشتخانەکە بۆ ئەوەی قاوەڵتی بکات، بەڵام ئەو، بەداخەوە دەبوایە بگەڕێتەوە مەکتەبەکەی لە پاریس. نە ناوونیشانی پێ دەزانێ، نە ناوی خێزانیشی، نە شوێنی ئیش، هەر هیچ. بەتەنها لەگەڵ شکستییەکی مەزن، شکستییەکی کە عەجایب زلیی ئەندامەکەی قەوارەی داوەتێ.

ئەم ئەندامە، سەعاتێک نابێت، گەلێ ژیر و تەنها حەجمێکی شیاوی بەخۆی شک دەبرد و لە گفتوگۆیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشدا، بەئەنجەتی زۆر مەحکەم و عەقلانی هەموومانی حەپەساند؛ ئەوا ئێستاش، هەمان ئەندام تووشی گومانی کردووم و ئەمجارەیان ڕێی لێ ون بووە و هیچ هۆیەکیش نییە وا بەرەو ڕووی گەردوون قیت بۆتەوە و هەر چەشنی سەمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤن، بەرامبەر بەکەساسی مرۆڤایەتی، سروودی ئۆخژنی تایبەتی خۆی دەلوورێنێ.



## ٤٣

ئەمە دووەم جارە کە ڤێرا دێتەوە ئاگا.

"بۆچی ناچاری ئەوەی کە دەنگی ڕادیۆکە هەندە بەرز کەیت، وەختە گێژ بم؟ بەئاگات هێنامەوە.

– ڕادیۆم دانەگیرساندووە. لە هیچ شوێنێکی دیکە هێمنی وەکو ئێرەت دەست ناکەوێت.

– نەخێر، ڕادیۆت داگیرساندبوو و ئەمەش جوان نییە. خەوتبووم.

– بەخودا!

– بەتایبەت ئەم سرووده ناخۆشەش، چۆن دەتوانی گوێ لەمە بگری!

– داوای لێبوردنت لێدەکەم، جارێکی دیش خەتای خەیاڵمە.

– چۆن؟ خەیاڵی تۆ؟ ڕەنگبێ تۆ بووبیتی کە سەمفۆنیای نۆیەمت نووسیبێ؟ دەڵێی خۆت بەبیتهۆڤن دادەنێیت؟

– نا نا، مەبەستم ئەمە نییە.

– هەرگیز ئەم سەمفۆنیایەم هەندە لەلا بێزارکەر و ناخۆش و گەمژە و حۆل و ساوێلکە و بازاڕیی و منداڵانە نەبووە. ئیتر لە تاقەتمدا نییە. بەڕاستی هەر ئەمە مابوو. ئەم کۆشکە ئەجندەی تیایا، دەقەیەک چییە زیاتر نامەوێ لێرە بمێنم. تکات لێ دەکەم، با بڕۆین. وا ڕۆژیش خەریکە هەڵبێت. "

٤٤

سپێدەیە. بیر لە دوا دیمەنی چیرۆکەکەی ڤیڤان دێنۆن دەکەمەوە. شەوی خۆشەویستی لە کابینە نهێنییەکەی کۆشکەکە کۆتایی هات، ژنە کارەکەر، نهێنیپاگر هات و ئەوەیان پێ ڕابگەیەنێ کە ڕۆژ بۆتەوە. سوارچاک خێرا جلوبەرگەکەی دەکاتە بەر، دەردەچێ، بەڵام لە داڵانی کۆشکەکە ون دەبێت. لەبەر ئەوەی لەوە دەترسا کە کەشف بێت، ئەوە بەباش دەزانێ کە بگەڕێتەوە باخچەکە و وا نیشان بدات کە پیاسە دەکات، وەکو یەکێک کە تێروپڕیش نووستبێ، هەر بۆیەشە زوو هاتۆتەوە ئاگا. کەمێ گێژ، دەیەوێ لە واتای ئەم سەرچڵییە تێبگات: ئایا خاتوو ت وازی لە دۆستەکەی هێناوە، مەبەست لە مارکیزە؟ ئایا دەیەوێ وازی لێبێنێ؟ ئایا تەنها دەیەوێ بەم جۆرە سزای بدات؟ ئایا لەم شەوە بەدواوە دەبێ چ شتێکی دیکە ڕوو بدات؟

لەنێو ئەم پرسیارانە گومڕا بوو، لە پڕێکدا تووشی مارکیز دێت، دۆستەکەی خاتوو ت هەندە نییە گەیشتە کۆشکەکە و خێرا بەرەو لای سوارچاکەکە دەڕوات: "چۆن ئەمە ڕووی دا؟ " زۆر بەهێمنی ئەم پرسیارەی ئاراستە دەکات.

دیالۆگی ئەو دووە، سوارچاک دەگەیەنێتە مەبەستی موغامەرەکەی: نیازیان وا بوو مێردەکەی خاتوو بیری بۆ لای دۆستێکی دیکە وەرچەرخێنن و ئەم ڕۆڵەش بەر ئەو کەوت. ڕۆڵێکی جوان نییە، تەنانەت ڕۆڵێکی نابووتیشە، مارکیز بەپێکەنینەوە ئەمەی تێدەگەیەنێ. بۆ ئەو خۆبەخت کردنە، مارکیز دەیویست پاداشتی سوارچاکەکە بداتەوە، چەند نهێنییەکەی لە لا دەدرکێنێ: خاتوو ت ژنێکی زۆر خۆشەویستە و بۆ وەفاداریش وێنەی نییە. تەنها یەک لاوازیی هەیە: لە لایەن فیزیکییەوە ساردوسڕە.

هەردووک دەگەڕێنەوە کۆشکەکە بۆ ئەوەی سڵاو لە مێردەکەی بکەن. زۆر



بەحورمەتەوە سەیری مارکیز دەکات و بەلاڵووتیشەوە سەیری سوارچاکەکە دەکات: داواشی لێدەکات کە هەر زوو باروبارگەی بپێچێتەوە و مارکیز گالێسکەکەی خۆی بۆ تەرخان دەکات.

پاشان مارکیز و سوارچاکەکە دەچنە خزمەت خاتوو ت دوای ئەم چاوپێکەوتنە، لە پێش دەرگا، چەند وشەیەکی میهرەبان ئاراستەی سوارچاکەکە دەکات؛ ئا ئەمەش ئەو دوا ڕستانەن کە چیرۆکەکە بۆمانی نەقل دەکات: "لەم کاتەدا، خۆشەویستەکەت بانگت دەکات؛ ئەوەی بابەتی خۆشەویستییە، هەر ئەویش شانازیکەرە (...) جارێکی دیش خوات لەگەڵ. کوڕێکی نازداری... وا مەکە کە لەگەڵ کۆنتێس تێکچم. "

"وا مەکە کە لەگەڵ کۆنتێس تێکچم. ": ئەمانە دوا وشە بوون کە خاتوو ت بەدۆستەکەی وت.

هەر دوای ئەمە، دوا وشەکانی چیرۆکەکە: "سوار ئەو گالێسکەکەیە بوو کە چاوەڕوانی دەکردم. دەمویست لە حیکمەی ئەم موغامەرەیەش تێبگەم و... هیچ شتێکم نەدۆزییەوە. "

بەڵام، حیکمەتەکە ئا لێرەیە: لە خاتوو ت دا قەوارەی وەرگرتووە: درۆی لەگەڵ مێردەکەی کرد، درۆی لەگەڵ دۆستەکەی کرد، واتە لەگەڵ مارکیز، درۆشی لەگەڵ سوارچاکەکە کرد. ئەو، موریدی ڕاستەقینەی ئەپیکورە و هاوڕێ و دۆستی لەززەتە. درۆزنێکی ناسک بۆ خۆپاراستن. هەر ئەوە پاسەوانی بەختیارییە.

## ٤٥

حیکایەتی چیرۆکەکە لە لایەن کەسی یەکەمەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەویش سوارچاکەکەیە. ئاگای لە بیرکردنەوەی خاتوو ت نییە و ناشزانێ چۆن بیر دەکاتەوە و کاتێ تەعبیر لە هەست و بیرکردنەوەکانی خۆشی دەکات هەندێک قرچۆک دیارە. جیهانی ناوەوەی ئەم دوو شەخسییەتە داپۆشراوە یا نیمچە داپۆشراوە.

کاتێکیش بەو بەیانییە زووە، مارکیز باسی ساردوسڕی خاتوو ت یی بۆ کرد، سوارچاک هەق بوو تێرووپڕ پێبکەنێ چونکە ئەوەی ڕوویدا بەپێچەوانەی ئەوە بوو کە ڕوویدا و مارکیز باسی کرد. بەڵام جگە لەم دڵنیاییە، لە هیچ شتێکی دیکە دڵنیا نییە. ئایا ئەوەی ڕوویدا، بۆ خاتوو ت شتێکی ڕۆتینی بوو یا ئەوەتە بەموغامەرەیەکی تاک و دەگمەنی لە قەڵەم دا؟ ئایا گۆڕانکارییەک بەسەر دڵی داهات، یا وەکو ئەوەی نە بای بینیبێت نە باران؟ ئەو شەوی عیشقە وای لێکرد کە ئێرەیی بەکۆنتێس بەرێت؟ ئەو دوا وشانەی کە لە دەم خاتوو ت ەوە دەرچوون، ئەو جۆرە فەرمایشە، لە دڵییەوە دەرچوو یا ئەوەتە جۆرە پێداویستییەک بوو و بەس، بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆی بوو؟ لە ڕۆیشتنی سوارچاک، ئایا خاتوو هەست بەسۆز و نوستالژی دەکات، یا بەهیچ شێوەیەک گوێی لێ نییە؟ ئەی ئەو: کاتێک بەو بەیانییە زووە، مارکیز بەگاڵتە پێکردن شۆڕبییەوە، بەزیرەکی وەڵام دەداتەوە و جڵەوی وەزعەکەی لە مستدا دەبێت. لە ڕاستیدا دەبێ هەستی بەچی کردبێت؟ ئەی دوای ئەوەی کۆشکەکەش بەجێدەهێڵێ، ئایا چ شتێک لە دڵیدا خەتەرەی کردبێت؟ دەبێ بیری لە چی کردبێتەوە؟ دەبێ بیری لە لەززەت کردبێتەوە یا بیری لە سومعەی لاوێکی گاڵتەجاڕ؟ ئایا بیری لەوە کردبووەوە کە بڕەوەیە یا دۆڕاو؟ دڵخۆشە یا غەمگین؟

بەشێوەیەکی دی: ئایا دەتوانین لەناو لەززەت و لە بۆ لەززەت بژین و لە



هەمان کاتیشدا دڵخۆش بین؟ ئیدیالی ئێدۆنیسم ئایا تەحقیق دەکرێت؟ ئایا هیوای وا وجوودی هەیە؟ یا ئایا پڕشکێک لە بلێسەی ئەو هیوایە وجوودی هەیە؟

## ٤٦

له ماندوویی وەختە گیانی دەربێت. حەز دەکات لەسەر ڕایەخەکە ڕابکشێت و بخەوێت بەڵام لەوەش دەترسێ کە لە کاتی خۆی نەیەتەوە ئاگا. دەبێ سەعاتێکی دیکە بڕوات، دەقەیەک دوا نەکەوێ. لەسەر ئەسکەمبیلەکە دانیشتووە، تەپڵەی ماتۆڕەکە دەئاخنێتە سەری و واش بیر دەکاتەوە ئیتر بارستاییەکەی نایەڵێ چاو لەیەک بنێ. بەڵام دابنیشیت و تەپڵەیەکیشت لەسەر بێت و نەشخەوی هیچ مانایەکی نییە. هەڵدەستێ و بڕیاری ئەوە دەدات کە دەبێ بڕوات.

ئەم هەڵسانە کتوپڕە وای لێدەکات بیر لە پۆتڤان بکاتەوە. ئای پۆتڤان! دەچێ هەندێ پرسیاری لێ کات. دەبێ چی بۆ بگێڕێتەوە؟ ئەگەر کتومت هەموو ئەو شتانەی بۆ بگێڕێتەوە کە ڕوویان دا، ئەوەی خۆ دەبێتە مەسخەرەی ئەو، نەک ئەو و بەس بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لەوێشن. چونکە گێڕەرەوە هەمیشە دەبێتە جێی پێکەنین کاتێک خۆی ڕۆڵێکی کۆمیکی بینیبێ. کەسیش بەقەد پۆتڤان لێزان نییە. بۆ نموونە کاتێک باسی بەسەرهاتەکەی خۆی لەگەڵ تایپچنەکە دەکات، کاتێکیش بەیەکێکی دی لە قەڵەم دەدات و پرچی دەگرێ و دەیەوێ بەرەو ڕایەخەکە ڕایکێشێ. بەڵام لەوە ئاگادار بن! پۆتڤان گەلێ فێڵبازە! هەمووش ئەوە دەزانن کە ئەم چیرۆکە کۆمیکە دەمامکی حەقیقەتێکی تری لەژێر دایە، ئەمەیان جۆرە بەخۆ نازکردنێکە. گوێگران ئێرەییان پێ دێتەوە و کچە هاوڕێیەکەی داوای ئەوەی لێ دەکات کە توندڕەویی لەگەڵ بنوێنێ و بیر لەوەش دەکەنەوە و بیریان بۆ ئەو تایپچنە جوانە دەچێت و دەڵێن دەبێ مەگەر هەر خوا بزانێ چی لەگەڵ بکات. بەڵام ئەگەر بێت و ڤانسان باسی ئەو ڕابواردنە لەبارچووەی دەم حەوزەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، هەموو بڕوای پێدەکەن و بەخۆی و شکستییەکەشی پێدەکەنن.

بەدرێژ و پانی ژوورەکەیا دێت و دەچێ و دەیەوێ دەسکاری چیرۆکەکەی



بکات، بیگونجێنێ و هەندێ رتووشی بکات. یەکەم شت کە بیری لێ بکاتەوە ئەوەیە دەیەوێ جووتبوونە درۆزنەکە بکاتە جووتبوونێکی ڕاستەقینە. ئەوەشی بەخەیاڵا دێت کە خەڵکەکەی ئەوێ بەرەو حەوزەکە دەچن و هەموویان چاویان ئەبڵەق دەبێ و بەرامبەر بەم دوو عاشقە تێکئاڵاوە تووشی ئیغرا هاتوون و ئەوانیش بەپەلە خۆیان ڕووت دەکەنەوە، هەندێکیان سەیریان دەکەن و هەندێکی تریش لاساییان دەکەنەوە و کاتێکیش ڤانسان و ژولی دەبینن ئەم هەموو خەڵکە لە دەوریان خەریکی جووتبوونن  و لەنێو ڕاهێنان و داهێنانی ئەم دیمەنە ناسکە، هەڵدەستن و بۆ چەند چرکەیەکیش تەماشای ئەم دیمەنە دەکەن و وەکو دێمیورژ،[١] دوای ئەوەی دونیا دەئافرێنێ، بۆی دەردەچن. وەکو چۆن یەکتریان ناسی ئا بەو شێوەیەش لە یەکتریش جودا دەبنەوە، هەر کەسە و بەلایەک، بۆ ئەوەی ئیتر قەد چاویان بەیەکدی نەکەوێتەوە.

هێشتا بەتەواوی ئەم "بۆ ئەوەی ئیتر قەد چاویان بەیەکدی نەکەوێتەوە "ی تەواو نەکردبوو، ئەندامەکەی دێتەوە ئاگا؛ ڤانسانیش دەیەوێ بەچەپەڵۆک لە خۆی بدات و سەری خۆی بکێشێنێتە قەد دیوارا.

ئا ئەمەیە شتێکی سەیر و عاجباتی: ئا لەو کاتەی کە دیمەنی ئۆرژی بەخەیاڵا دەهات و دایدەهێنا، جۆشوخرۆشە کارەساتاوییەکەی خامۆش دەبووەوە؛ بەپێچەوانەشەوە، کاتێکیش بیر لە بزر بوونی ڕاستەقینەی ژولی دەکات، ئەوە شێتوهار دەبێت. بەگێڕانەوەی حیکایەتی ئۆرژی، قفڵی لێ دەدرێت، بەخەیاڵی بیری لێ دەکاتەوە و بۆ خۆی دەیگێڕێتەوە و دەیگێڕێتەوە: خۆشەویستی دەکەن، ژن و پیاوەکان دێن و تەماشا دەکەن، خۆیان ڕووت دەکەنەوە و لە دەوری حەوزەکەن، حەشاماتێکی زۆریشی لێیە و لەگەڵ یەکتر جووت دەبن. ئەم دیمەنە چەند جارێک ئەم فلیمە پۆرنۆیە لە مێشکیا دووبارە دەکاتەوە و هەست دەکات هێمن بۆتەوە، ئەندامەکەی ژێر دەبێتەوە.

(١) خالیقی گەردوون، بەنیسبەت ئەفلاتوونەوە. (وەرگێڕ).

بیر لە قاوەخانەکەی گاسکۆن و بیر لەو خەڵکە دەکاتەوە کە گوێیان بۆی ڕاگرتووە. پۆتڤان، ماچۆش بەزەردەخەنە گەلحۆکەیەوە و گوژار و ئەوانی دیکەش سەرنجە وردەکانیان دەخەنە ڕوو. لەجیاتی سەرئەنجام پێی دەڵێ: "هاوڕێیان، لەبەر خاتری ئێوە خۆشەویستیم کرد، ئەندامەکانی ئێوە هەموو لەو ڕابواردنە ئامادە بوون، من تەتەری ئێوە بووم، باڵیۆزی ئێوە بووم، بکەری* هەڵبژاردەی ئێوە بووم، سەرخرەی* مورتەزەقی ئێوە بووم، من کۆدەعبا بووم! " بەژوورەکەیا دێت و دەچێ و دوا ڕستەش، بەدەنگی بەرز دووبارە دەکاتەوە. کۆدەعبا، چ داهێنانێکی دانسقەیە! پاشان، (بەتەواوی جۆشوخرۆشە ناقۆڵاکەی هێور بۆتەوە) جانتاکەی هەڵدەگرێت و بۆی دەردەچێت.





ڤێرا بۆ ئەوەی پارەی ئوتێلەکە بدات بەرەو پرسگاکە چوو و منیش جانتایەکی بچووکم لە دەست، بەرەو ئوتومبێلەکەمان دەڕۆیشتم کە لەناو حەوشەکە ڕامگرتبوو. بەداخەوە، نۆیەم سەمفۆنیا نابووتەکە نەیهێشت هاوسەرەکەم زیاتر بخەوێت و ناچار بەپەلە دەبێت ئەم شوێنە جێبهێڵێن کە دڵخۆش بووم لێرە و سەیرێکی نوستالژیانەی دەوروبەری خۆم کرد. پەیژەکانی ئوتێلەکە. ئا لێرە بوو، مێردە ساردسڕە بەرێزەکە، بەخێرهاتنی لە هاوسەرەکەی و سوارچاکەکە کرد لەو کاتەی کە گالێسکەکە دەمەو ئێوارە ڕایگرت. هەر لێرەش بوو، دە دوانزە سەعات درەنگتر، سوارچاکەکە بەتەنها دەردەچێت و کەسێکیش نییە خوداحافیزی لێ بکات.

دوای ئەوەی دەرگای ئەپارتمانەکەی خاتوو ت ی لە دوا داخرا، گوێی لە پێکەنینی مارکیز دەبێت و پێکەنینێکی ژنانەش دوا بەدوای ئەوی ترەوە دێت. بۆ چەند ساتێک هەنگاوەکانی خاو کردەوە: بەچی پێدەکەنن؟ گاڵتەی پێ دەکەن؟ پاشان نایەوێ گوێی لە هیچ شتی دیکە بێت، بەرەو دەرگای حەوشە دەڕوات؛ بەڵام لەناو ڕۆحی، هەمیشە گوێی لەو پێکەنینە دەبێت؛ ناتوانێ خۆی لێ قوتار کات، لە هەققەتیشدا قەد ئەو پێکەنینەی لە کۆڵ نابێتەوە. ڕستەکەی مارکیزی دێت بەبیرا: "ئەرێ هەست بەو ڕۆڵە کۆمیکەی خۆت ناکەیت؟ " بەو بەیانییە زووە، کاتێک مارکیز ئەم پرسیارە زۆڵانەی لێ دەکات، نەیتوانی وەڵام بداتەوە. بەوەی دەزانی کە خیانەت لە مارکیز کراوە و بەپێکەنینیشەوە بەخۆی دەوت یا ئەوەتە خاتوو ت خەریکە واز لە مارکیز دەهێنێ و ئیتر ئەویش دەتوانی جارێکی تریش ببینێتەوە یا ئەوەتە تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە و بۆی هەیە جارێکی دیکە بیبینێتەوە (ئەوەی جارێک تۆڵەی لێ بوەشێتەوە، تۆڵەی تریشی لێ دەوەشێتەوە). پێش سەعاتێکیش، دەیتوانی بیر لەمە بکاتەوە. بەڵام دوای دوا ڕستەی خاتوو ت، هەموو شتێک ڕوون بووەوە: ئەم شەوە شەوی تری بەدواوە

نییە. ئایندەی بەدواوە نایە.

بەو بەیانییە ساردە کۆشکەکە بەجێ دەهێڵێ؛ بەخۆی دەوت لەو شەوە، لەو پێکەنینە زیاتر هیچ شتێکی تری بۆ نەمایەوە: ئەم نوکتەیە دەخوولێتەوە و ئیتر سوارچاک دەبێتە شەخسییەتێکی عەنتیکە. شتێکی ئاشکرایە کە ژن هاوسەریی پیاوی عەنتیکە ناکات. بەبێ ئەوەی داوای ڕوخسەتی لێ بکەن کلاوێکی عەنتیکەئامێزیان خستە سەری و ئەویش هەندە هێز شک نابات بۆ ئەوەی ئەو بارە هەڵیگرێت. لە ناواخنی ڕۆحیدا گوێی لە بانگەوازی یاخیبوون دەبێت و بانگاشەی ئەوەی دەکات کە هەموو چیرۆکەکە وەکو ئەوەی ڕوویدا بگێڕێتەوە، بەدەنگی بەرز و لای هەموو خەڵکیش.

بەڵام ئەوەش دەزانێ کە لە توانایدا نییە. گێل بوون گەلێ لە بەقەشمەر بوون سەختترە. ناتوانی خیانەت لە خاتوو ت بکات و خیانەتیشی لێ ناکات.



## ٤٨

لە دەرگایەکی ترەوە، کپ و بێدەنگتر دەگاتە پرسگای مێوانخانەکە، ڤانسان بەرەو حەوشەکە ڕۆیشت. هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە چیرۆکی پارتوزەکەی دەور حەوزەکە لەگەڵ خۆیا دووبارەی کاتەوە؛ نەک لەبەر ئەوەی کاریگەری خامۆشکردنەوە ببینێ (هەموو ڕەنگ و ڕوویەکی جۆشوخرۆش بەدەر نییە)، بەڵکو یادی ژولی بسڕێتەوە کە ناهەموارانە دایدەدڕێ. ئەوەش دەزانێ کە تەنها چیرۆکی هەڵبەستراو دەتوانی چیرۆکە ڕاستەقینەکەی لە بیر بباتەوە. حەز دەکات تا زووە ئەم چیرۆکە بەدەنگی بەرز بگێڕێتەوە و وەکو دەهۆڵ و زوڕنایەکی ئاشکرا کە تەنها ئەو دەتوانی ئەندێشەی نابووتەی جووتبوونە بسڕێتەوە کە وای کرد ژولی لە دەست بچێت.

"کۆدەعبایەک بوون"، لە لای خۆی دووبارەی دەکاتەوە و گوێی لە پێکەنینی پۆتڤانیش دەبێت، زەردەخەنە ئیسارە بەخشەکەی ماچۆش دەبینێ و پێی دەڵێت: "تۆ کۆدەعبایەکی و ئیتر لەمەودواش تەنها هەر بەکۆدەعبایش بانگت دەکەین." ئەم فیکرەیە دڵخۆشی دەکات و بزە دەیگرێ.

بەرەو ماتۆڕەکەی دەچێت کە لەوبەری حەوشەکە ڕایگرتووە، چاوی بەپیاوێک دەکەوێت، کەمێ لەو گەنجترە، جلوبەرگی زەمەنێکی بەسەرچووی لەبەرە و بەرەو لای ئەو دێ. ڤانسان زەق تێی دەڕوانێ و دەحەپەسێ. دەبێ ئەم شەوە ناماقووڵە چەندێ کاری تێکرد بێ: لە توانایدا نییە تەفسیرێکی بەجێ بۆ ئەم دەرکەوتنە بکات. ئایا ئەمە ئەکتەرێکە و لە جلوبەرگی مێژووییدا؟ ئایا پەیوەندی لە نێوان ئەم و ژنەکەی تەلەفزیۆندا هەیە؟ ڕەنگیشە، دوێنێ لەم کۆشکە فلیمێکی پڕوپاگەندەیان گرتبێت؟ کاتێک لێی نزیک دەبێتەوە، لەنێو چاوی ئەم لاوە، حەپەسانێکی هەندە ئاشکرای تێدایە کە مەحاڵە ئەمە لە چاوانی ئەکتەرێک بخوێندرێتەوە.

## ٤٩

سوارچاکەکە سەیری ئەم نەناسیاوە دەکات. بەتایبەت کڵاوەکەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ. ئا بەو جۆرە کڵاولەسەر کردنە، یەک دوو سەدە لەمەوبەر، سوارچاکان دەچوونە جەنگ. بەڵام هەندەی تر سەرنج ڕاکێش بۆ ئەو، پەرپووتی پیاوەکەیە. پانتۆڵێکی پانوپۆڕ، بەبێ هیچ هەیئەتێک، تەنها مەگەر جوتیارانی زۆر هەژار یا ڕاهیبان جلوبەرگی وا بکەنە بەر.

هەست بەماندوویی دەکات و هێزی بەبەرەوە نەماوە و وەختە هەست بەگێژ بوون بکات. نازانێ، ئایا خەوی لێکەوتووە و یا خەون دەبینێ، یا وڕێنە دەکات. بەڵام کابراکە زۆر لێی نزیک بۆتەوە و دێتە زار و ئەم ڕستەی پێ دەڵێ کە حەپەسانەکەی بۆ دەسەلمێنێ: "ئەرێ تۆ لە سەدەی هەژدەمەوە دێیت؟ "

پرسیارێکی سەیر و ناماقووڵ، بەڵام بەو شێوەیەی کە ئەو کابرایە لەفزی کرد هەندەی تر تووشی حەپەسانی دەکات؛ نەغمەیەکی نەناسراوی هەیە، هەر بەپەیامبەرێک دەچوو کە لە مەملەکەتێکی غەریبەوە هاتبێ و فەرەنسیش لە مەکتەب فێر بووبێت، بەبێ ئەوەی فەرەنسای بینیبێ. ئا ئەم لەفز کردنە، ئەم نەغمە ناجۆرەیە کە وای کرد سوارچاکەکە بیری بۆ ئەوە بچێت کە ئەم پیاوە لە زەمەنێکی ترەوە هاتووە.

"بەڵێ، ئەی تۆ؟ پێی دەڵێ.

– من لە سەدەی بیستەمەوە هاتووم.: پاشان پێی دەڵێتەوە: "کۆتایی سەدەی بیستەم. " جارێکی دیش پێی دەڵێ: "شەوێکی زۆر نایابم بردەسەر. "

ئەم ڕستەیە کاری لە سوارچاکەکە کرد: "منیش هەروەها "، لە وەڵامدا دەڵێت.

بیر لە خاتوو ت دەکاتەوە و لە پڕێکدا میهرەبانیی شاڵاوی بۆ دەبات.



خوای گەورە، چۆن ئا بەم شێوەیە پێکەنینی مارکیز وا سەرنجی ڕاکێشا؟ وەکو ئەوەی کە گرینگترین شت جوانی ئەو شەوە نەبێت کە بردییەسەر، ئەو جوانییەی کەوا مەستی کردووە و تارمایی دەبینێ، خەون و واقیع تێکەڵ دەکات، وەکو ئەوەی تورِ درابێتەوە دەرەوەی زەمەن.

ئەی پیاوە تەپڵە لەسەرەکە و بەو نەغمە سەیرەیەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە: "شەوێکی تا بڵێی بەلەززەتم بردەسەر. "

سوارچاکەکە سەری بۆ دەلەقێنێ، هەر وەکو ئەوەی پێی بڵێ بەڵێ هاوڕێ. کێی تر توانای ئەوەی هەیە لەمە تێبگات؟ پاشانیش بیری لێدەکردەوە: لەبەر ئەوەی پەیمانی ئەوەی دابوو کە نهێنی بپارێزێ، ناتوانی بەکەس بڵێ چۆن شەوێکی بردەسەر. بەڵام ئەم نهێنییە پاراستنە دوای دوو سەدەش هەر بەنهێنی مایەوە؟ وای لێکدایەوە کە خوای لەززەت ئەو کابرایەی بۆ ناردووە بۆ ئەوەی بتوانی قسەی لەگەڵ بکات؛ بۆ ئەوەی ببێتە هەقیقەت هەڵڕێژ و لە هەمان کاتیشدا پەیمانی نهێنی پاراستنیشی هەبێت؛ بۆ ئەوەی چەند ساتێک لە ژیانی فرێ داتە داهاتووەوە و فرێی داتە ئەبەدییەتەوە و بیکاتە شکۆمەندی.

"بەڕاست، تۆ لە سەدەی بیستەمەوە هاتووی؟ "

– ئەی چۆن، خاڵۆ. شتی زۆر سەیر و عەجایب لەم سەدەیە ڕوو دەدات. ئازادیی ئەخلاقی هەیە. ئەوەت بۆ دووبارە دەکەمەوە کە شەوێکی زۆر تایبەتم بردەسەر.

– منیش "، سوارچاک جارێکی دیکەش ئەمە دووبارە دەکاتەوە و ئامادەی ئەوەیە کە چیرۆکەکەی ئیمشەوی بۆ بگێڕێتەوە.

"شەوێکی عەجایب، گەلێ عەجایب"، پیاوی تەپڵە لەسەر ئەمە دەڵێت و بەتەماشا کردنێکی قورس و درێژ سەیری دەکات.

سوارچاکەکە لەوە تێدەگات کە بەئارەزوویەکی وڕکنەوە دەیەوێ قسە بکات. لەم وڕکنییە شتێک جاڕسی دەکات.

لەوە تێدەگات کە ئەم بێ تەحەمولییە، خۆی لەگەڵ خۆی بێ سوودی گوێگرتنی دەهێنێ. سەرەڕای ئەوەی بەرەو ڕووی ئەم ئارەزووە قسە کردنە بووەوەوە، سوارچاک ئیتر هەست بەهیچ چێژێک ناکات بۆ ئەوەی شتێک بڵێت و لە پڕێکیشدا، هیچ هۆیەک نادۆزێتەوە بۆ درێژەپێدانی ئەم چاوپێکەوتنە.

ماندوو بوون شالاوی بۆ دەهێنێ. بەپەنجە نەوازش لەگەڵ ڕوخساری خۆی دەکات و بۆنی خۆشەویستی دەکات کە خاتوو ت لەسەر پەنجەکانی جێیهێشت. ئەم بۆنە نوستالژی تیا دەبووژێنێتەوە و ئارەزووی ئەوەشی دەکرد کە لەسەر ئەسکەمبیلی گالێسکەکە دانیشێ و بەهێوری خەون ببینێ و تاکو پاریس هەڵیگرن.



## ٥٠

ڤانسان وای بۆ چوو کە ئەو پیاوەی کە جلوبەرگە کۆنەکەی لەبەرە زۆر لاوە، ئەویش هەستی بەتۆزە ناچارییەک دەکات کە گوێ بۆ پاکانەکەی شل بکات. کاتێک ڤانسان دوو جاران ئەوەی بۆ دووبارە دەکاتەوە کە "شەوێکی تایبەتی بردەسەر " و ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ "منیش " ، هەستی بەوە کرد کە لە ڕوخساری جۆرە فزوولییەتێک دەردەکەوێ، پاشانیش، لە پڕێکدا بەبێ هۆکوژایەوە و بێموبالاتییەکی کەمێ لووت بەرزانە جێی گرتەوە. ئەو ئەتموسفێرە هاوڕێیەتییەی کە بۆ نهێنی دەرخستن دەگونجا دەقەیەکیشی نەخایاند و بوو بەهەڵم.

بەتووڕەیییەوە سەیری جلوبەرگی لاوەکەی کرد. ئاخر دەبێ ئەم موهەریجە کێ بێت؟ جووتێ پێڵاوی نەقیزە زیوین پێوە و دەرپێیەک کە ڕان و سمت و پووزی لە قالب داوە، ئەم هەموو نەخشانە بەدەر لە وەسفانەی سەر ملیوانە و سورمە و قەدیفانەی سەر سنگ. ئۆیەیەک کە لە دەوری یەخە بوو، بەدوو پەنجە دەیگرێتە دەست و بەبزەیەکەوە سەیری دەکات و دەیەوێ تەعبیر لە ئیعجابێکی کاریکاتۆرانە بکات.

ئەم حەرەکەتە دۆستانەیە، کابرای جلوبەرگ کۆن شێتوهار دەکات. ڕوخساری گرژ دەبێت و چاوانی پڕ لە قین. دەستی دەهێنێ و دەبا وەک بلێی بیەوێ لە پڕێکدا زللەیەکی پیا بکێشێ. ڤانسان دەست لە ئۆیەکە بەردەدات، هەنگاوێک دەکشێتە دواوە. دوای ئەوەی بەلالووتێکەوە سەیری دەکات، کابرای جلوبەرگ کۆن دەگەڕێتەوە لای گالێسکەکەی.

بەو نزم تەماشا کردنە، ڤانسان نغرۆ دەکاتەوە نێو شڵەژانەکەی جارانییەوە. لە پڕێکدا، هەست بەلاوازیی دەکات. ئەوەش دەزانێ ئیتر بۆی نالوێ چیرۆکی پارتوزەکە بۆ کەس بگێڕێتەوە. هێزی دەرکردنی تیا نییە. گەلێ غەمگینە و لە تاقەتی دانییە درۆ بکات. تاقە ئارەزووشی هەبێت:

ئەم شەوە تا زووە لە یاد بکات، ئەم شەوەی هەر وا لە خۆڕایی لەکیس چوو، بیسڕێتەوە، بیکوژێنێتەوە و لەناوی بەرێت - ئا لەم کاتەدا، تامەزرۆی خێراییە.

بەهەنگاوی پتەو، بەرەو ماتۆڕەکەی بەخێرایی هەڵپە دەکات، پڕ لەشی عیشقە بۆ ئەم ماتۆڕە، لەسەر ئەم ماتۆڕەی کە هەموو شتێکی لە بیر دەباتەوە و بەڵکو خۆشی لە بیر دەچێتەوە.



## ٥١

ڤێرا سەردەکەوێ و لە تەنیشت منەوە دادەنیشێ.

"سەیر کە، سەیری ئەوێ کە، پێیم وت.

- چی؟
- لەوێ! ئەوە ڤانسانە! نایناسی؟
- ڤانسان؟ ئەوەی خەریکە سواری ماتۆڕەکە دەبێت؟
- بەڵێ. لەوە دەترسم زۆر خێرا لێی بخوڕێ. بەڕاستی دەترسم.
- حەز دەکات خێرا لێی بخوڕێ؟ ئەویش؟
- هەمیشە نا. بەڵام، بەتایبەت ئیمڕۆ، وەکو شێت لێی دەخوڕێ.
- لەم کۆشکە ئەجندە هەیە. شوومە. تکات لێ دەکەم، با بڕۆین!
- دەقەیەک. "

دەمەوێ بڕوانمە سوارچاکەکەم و بزانم چۆن لەسەرخۆی بەرەو گالێسکەکە دەڕوات. دەمەوێ لەززەت لە ریتمی هەنگاوەکانی ببینم: چەندێ پێشدەکەوێ، هەندە لەسەرخۆی دەڕوات. ئا لەم لەسەرخۆییە، هەست بەبەختیاری دەکەم.

عارەبانچییەکە سڵاوی لێدەکات؛ هەڵوێستەیەک دەکات، پەنجەکانی لە لووتی نزیک دەکاتەوە، پاشان سەردەکەوێ و دادەنیشێ و لە سووچێک هەڵدەتووتێ، جوان پێ لەسەر پێ دادەنێ، ئەسکەمبیلەکەی ژێری ڕایدەژەنێ، هەندە نابات خەوی لێ دەکەوێت و دێتەوە ئاگا و بەدرێژایی ئەم کاتەش هەوڵی ئەوە دەدات زۆر لە نزیک ئەو شەوە بێت کە ئەفسووس ڕووناکی شەقی کرد.

سبەینێی بەسەرەوە نییە.

گوێگر نییە.

تکات لێدەکەم هاوڕێ، بەختیار بە. ئینتیباعێکی تەنکم لە لا هەیە کە توانای بەختیار بوون پەیوەندی بەتاقە هیوای هەردووکمانەوە هەیە.

گالێسکەکە نغرۆی تەم بوو و منیش سویچی ئوتومبێلەکەم بادا.

## چاپكراوەكانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٣

١٧٧:١ - بیرەوەرییەكانی سەعید ناكام
١٧٨:٢ - البارزاني. مسرحية للأطفال. تأليف: أحمد إسماعيل إسماعيل
١٧٩:٣ - بارزانی. شانۆگەری بۆ منداڵان. نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەهدی خۆشناو.
١٨٠:٤ - كابینەی چوارەم: تەمەنێكی كەم و بەرهەمێكی زۆر. چالاكییەكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا.
١٨١:٥ - من مهاباد الى اراس. ترجمه من الفارسية الى الكردية: شوكت شيخ يزدين. نقله الى العربية: شاخوان كركوكي.
١٨٢:٦ - تەمی سەر خەرەند. رۆمان. شێرزاد حەسەن.
١٨٣:٧ - بارگەی یاران. سەرجەمی شیعری هێمن.
١٨٤:٨ - هەواری خاڵی. سەرجەمی نووسینی هێمن.
١٨٥:٩ - زیندەخەو - رۆمان. نووسینی: فەتاح ئەمیری.
١٨٦:١٠ - پیاوێكی شەپقە رەشی پاڵتۆ رەشی پێڵاو شین. رۆمان: د. فەرهاد پیرباڵ.
١٨٧:١١ - هەیئە. رۆمانی: سەلام عەبدوڵڵا.
١٨٨:١٢ - ئاڤێستا - لەمێژینەترین سروودی كورد. كۆكردنەوە و وەرگێڕان و لێكۆڵینەوە: جەلیل عەباسی - ج. قەقنەس.
١٨٩:١٣ - خەنجەرە زێڕینەكەی عومەر قادر. نووسینی: جۆن هنری میولر. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ناصح ئیبراهیم عەبدورەحمان دزەیی. بژاركردن و دارشتنەوەی: غەریب پشدەری.
١٩٠:١٤ - الجَيْش الأيوُبي في عَهْد صَلاح الدّين (تركيبه. تنظيمه. أسلحَته. بحريَّته. وَ أبَرز المعارك التي خَاضهَا). تأليف: الأستاذ الدكتور مُحسن محَّمد حُسَين.
١٩١:١٥ - كورد و كوردستان- لێكۆڵینەوەیەكە سەبارەت بەباری رۆشنبیریی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی كوردستان، ساڵی ١٩٢٣ لە فەلەستین بەئینگلیزی چاپ كراوە. نووسینی: كۆمەڵێك لە پسپۆران و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز. وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف.
١٩٢:١٦ - ئەنفال و ئافرەتی كورد. دانانی: عەدالەت عومەر سالح.



١٩٣:١٧ - كوردستان نیشتمانی یەكەمینی سۆمەرییەكانە. نووسینی: هاوڕێ باخەوان.
١٩٤:١٨ - الإنتفاضات البارزانية. تأليف: كاوس قفطان.
١٩٥:١٩ - گۆرانیبێژە نەمرەكان - بەشی دووەم. دانانی: باكوری.
١٩٦:٢٠ - ظهور الكورد في التأريخ. ج ١ . د. جمال رشيد أحمد.
١٩٧:٢١ - ظهور الكورد في التأريخ. ج ٢ . د. جمال رشيد أحمد.
١٩٨:٢٢ - كۆچڕەو... كۆچڕەو. عەبدوڵڵا سەڕاج.
١٩٩:٢٣ - بەهاری رەش. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.
٢٠٠:٢٤ - بەفر یا ئەشكەوتی مراز. رەزا سەیید گوڵ بەرزنجی.
٢٠١:٢٥ - خاتوون T. رۆمان: میلان كوندێرا. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە. د. ئەحمەدی مەلا.